د.جین شارپ

# له دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی

## (چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ بەدەست هێنانی ئازادی)

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەرەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

* **ناوی کتێب:** له دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی
* **ناوی نوسەر:** د.جین شارپ
* **وەرگێرانی:** کارزان محەمەد
* **پێداچوونەوە:** ئیسماعیل شێخ موراد
* **نەخشەسازی و بەرگ:** فەهمی جەلال
* **ژمارەی زنجیرە:** (٢١٧)
* **ژمارەی سپاردن:** ( ٥٣) ساڵی ٢٠٠٧
* **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

# پێرست

*وتەیەك ........................................................ ٧
*پێشەکی نوسەر ........................................ ٩
*بەشی یەکەم: ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعبینانە لەگەڵ دیکتاتۆرەکاندا . ١٥
-کێشەیەکی هەمیشەیی .................................... ١٧
-ئازادی لەڕێگەی توندوتیژییەوە ............................ ٢١
-کودەتا، هەڵبژاردن، ڕزگارکەرە دەرەکییەکان؟ ........... ٢٣
-ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعییەتەکاندا ..................... ٢٨
* بەشی دووەم: مەترسییەکانی دانوستان ........................ ٣١
-شایستەیی و سنوردارییەتیەکانی دانوستان ..................... ٣٢
-تەسلیمبوون لەڕێگەی دانوستانەوە؟ .................... ٣٤
-هێزو دادپەروەریی لەدانوستاندا ............................. ٣٦
-ئەو دیکتاتۆرانەی سازشیان لەگەڵدا دەکرێت ................... ٣٩
-چۆن ئاشتییەك؟ ........................................ ٤٠
-هۆکارەکانی ئومێدەواربوون ...................................... ٤٢
* بەشی سێیەم هێز لەکوێوە دێت؟ ........................ ٤٥
-ئەفسانەی ئاغای مەیمونەکان ............................... ٤٦
-سەرچاوە پێویستەکانی هێزی سیاسی ........................ ٤٧
-ناوەندەکانی هێزی دیموکراسی ............................ ٥٢
* بەشی چوارەم: دیکتاتۆریەکان کەم و کوڕیان هەیە .............. ٥٧
-دەستنیشانکردنی پاژنەی ئەشیل ............................ ٥٨
-کەموکورییەکانی دیکتاتۆریی ................................... ٥٩
-هێرش بۆسەر لاوازییەکانی دیکتاتۆرەکان.............................. ٦١
* بەشی پێنجەم: پیادەکردنی هێز ....................................... ٦٣
-شێوازی کاری تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان ....................... ٦٥
-ئامرازەکانی ناتوندوتیژیی و بەرزەفت کردن ..................... ٦٦
-شەفافییەت، کارکردن بەنهێنیی و ستانداردە باڵاکان ............... ٧٢
-ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی هێزدا .................................... ٧٤
-چوار میکانیزمی گۆڕان ............................................ ٧٥
-ئەنجامەکانی بەدیموکراتیزەکردنی تێکۆشانی سیاسی ........ ٧٩
-ئاڵۆزی تێکۆشانی ناتوندوتیژی ................................. ٨١
* بەشی شەشەم: زەروورەتیپێویستی بەرنامەداڕشتنی ستراتیژی ..... ٨٣
-بەرنامەداڕشتنی واقیعبینانە ...................................... ٨٥
-لەمپەرەکانی بەرنامەداڕشتن ......................................... ٨٦
-چوار زاراوەی گرنگ لە بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیدا ............... ٩٢
* بەشی حەوتەم: بەرنامەداڕشتنی ستراتیژی ............................ ٩٧
-هەڵبژاردنی ڕێباز ................................................... ١٠٠
-بەرنامەداڕشتن بۆ دیموکراسی .......................................... ١٠١
-یارمەتی دەرەکی ........................................................ ١٠٢
-ڕێکخستنی ستراتیژیی مەزن ............................................ ١٠٣
-بەرنامەداڕشتنی ستراتیژی تێکۆشان ................................. ١٠٧

-بەرفراوانبوونی هزری هاوکاری نەکردن ............... ١١١
-سەرکوتکردن و هەنگاوی بەرامبەر ........................ ١١٤
-وەفاداریی بۆ بەرنامەی ستراتیژیانە .................... ١١٥
*** بەشی هەشتەم: پیادەکردنی تێکۆشانی سیاسی .................. ١١٧**
-بەرگرییە هەڵبژاردەکان ............................................ ١١٨
-تێکۆشانی سیمبولی ............................................... ١٢٠
-دابەشکردنی بەرپرسیارێتی ...................................... ١٢٢
- نیشانەگرتن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر ............................ ١٢٣
-گۆڕان لەستراتیژدا ................................................. ١٢٧
*** بەشی نۆیەم: ڕووخاندنی دیکتاتۆری .............................. ١٢٩**
-بەرفرەبوونی ئازادی .................................................. ١٣٣
-پەرت پەرتبوونی دیکتاتۆریی ....................................... ١٣٦
- بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی سەرکەوتنەکان ................. ١٣٨
*** بەشی دەیەم: بناغەی دیموکراسییەکی پایەدار ................... ١٤١**
- هەڕەشەکانی دیکتاتۆرێکی نوێ .................................. ١٤٣
- ڕێگەگرتن لە کودەتاکان ........................................... ١٤٣
-ڕەشنوسی دەستور ................................................... ١٤٥
-سیاسەتی بەرگریی دیموکراسیانە ................................ ١٤٦
-بەرپرسیارێتییەکی شایستە ........................................ ١٤٧
***پاشکۆ ..................................................................... ١٥١**
**ڕێبازەکانی هەنگاوە ناتوندوتیژییەکان ............................. ١٥٣**

## وتەیەك:-

هەوڵدان بۆ گواستنەوەی چەمکی دیموکراسی لە بیرۆکەیەکی ڕووناکبیران و دروشمێکی سەرزاری بەرپرسانەوە بۆ سیستەمێکی حکومڕانی لە کوردستاندا، بەتایبەت دوای هاتنەئارای شەپۆلی سێیەمی دیموکراسی، پێویستی بە شەن‌وکەوکردنێکی هەمەلایەنەی چەمکی دیموکراسی هەیەو دواتر بەپێی لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کوردستان، مۆدیلێکی دیموکراسی پراکتیزە بکرێت. زەرووڕەتی هەنگاونان بۆ دیموکراسیش، لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەماوەی سەدان ساڵی ڕابردوودا سیستەمەکانی حکومڕانی ئایینی، تۆتالیتاری، پادشایی و کۆماریی ئەزموونێکی تاڵیان لای کورد تۆمار کردو زۆرینەی ڕەهای جیهانیش بەدەرنەبوون لەم ئەزموونە تاڵەو تەنانەت مەرگی مرۆڤایەتی و چەمکە پیرۆزە مرۆییەکانیش لە لێواری مەرگ نزیك ببوونەوە، ئەم هەلومەرجەش فاکتەری سەرەکی گەڕانەوەی بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان بوو بۆ سیستەمی دیموکراسی و بوژاندنەوەی ئەم مۆدیلە دێرینەی یۆنان بەڵام بە بەرگێکی نوێی ئەوتۆ



کە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا بگونجێت.

ڕووناکبیرانی سەردەمیش کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە داڕشتن و خستنەڕووی ئایدۆلۆژیا مرۆییەکاندا گێڕاوە، هەمیشە جەختیان لەسەر دیموکراسی وەك پەسەندترین مۆدیلی حکومڕانی لەپێناو خەڵکدا کردۆتەوە، ئەم پەرتوکەی ئێستاش کە لە نوسینی (د. جین شارپ)ەو یەکێکە لەو بیریارە ئەمریکیانەی لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، بەچڕوپڕی باسی لە قۆناغەکانی هەنگاونان لە دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمی حکومڕانی کردووە، پاشکۆیەکی نایابیشی ئامادە کردووە لەبارەی ئەو هەنگاو و کارە دیموکراسییانەی کە جەماوەر دەتوانن وەك فشارێك بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان بیگرنەبەر.

بەئومێدم وەرگێڕانی ئەم کتێبە، تەواوکەری ئەو هەوڵانە بێت کە پێشتر لەلایەن ڕووناکبیرانەوە ئەنجام دراون لە پێناو بەدیهێنانی دیموکراسییەکی باشتردا.

**وەرگێڕی کوردی**

٢٠٠٦/١١/١

## پێشەکی نوسەر

ساڵەهای ساڵ، یەکێك لە گرنگترین نیگەرانییەکانی من ئەمە بووە کە خەڵك چۆن دەتوانن ڕێگە لە هاتنەئارای دیکتاتۆرییەکان بگرن یا دیکتاتۆرییەکانی ئێستا لەناوببەن. ئەم ئارەزووە لەم بڕوایەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ مرۆڤێك نابێ لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤێکیتردا بژیو یا لەلایەن حکومەتە دیکتاتۆرییەکانەوە، لەناوببردرێت. ئەم بیروباوەڕە بەڕاڤەکردن دەربارەی زەرورەتی ئازادی ڕەگەزی مرۆڤ، بە لێکۆڵینەوە دەربارەی خودی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان (لەتێڕوانینەکانی ئەرستۆوە بگرە تاشرۆڤەی حکومەتە تۆتالیتارەکان)و بە توێژینەوە لە مێژووی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان (بەتایبەتی ئەڵمانیای نازیو ڕووسیای ستالینی) لە مندا گەشەی کردووە.

بەدرێژایی ساڵان، چانسی ناسینی مرۆڤگەلێکم هەبووە کە لەژێر حکومەتی نازییەکاندا ژیاونو ڕەنجیان کێشاوە. لەنێویاندا کەسانێکیش هەبوون کە لە ئۆردوگا زۆرە ملیەکانی کار لەئەڵمانیادا،



گیانیان دەرباز بووە. لەنەرویج، سەردانی کۆمەڵە خەڵکێکم کرد کە دژ بە حکومەتی نازی تێکۆشانیان کردووەو بەزیندوویی مابوونەوە، و دەربارەی خەڵکانێك گوێبیست بووم کە لەناوچووبوون. لەگەڵ ئەو جولەکانەی کە لە چنگی نازییەکان هەڵاتبوونو بەهەمانشێوەش لەگەڵ مرۆڤگەلێکدا قسەم کرد کە بۆ زیندوومانەوەیان، هاوکاریان کردبوون.

دڕندەیی حکومەتی ستالین، لە زۆرینەی وڵاتاندا پتر لەڕێگەی کتێبەوە ناسراوە تا لەڕێگەی پەیوەندییە کەسییەکان. ئەم دڕندەییە بەلای منەوە تاڵترو ئازاردەرتر بوو لەبەرئەوەی بەناوی ئازادیو ڕزگاربوون لە ستەمو خوێنمژینەوە بەسەر خەڵکدا سەپێنرابوو.

لەم دەیەیانەی دواییدا لە ڕێگەی دیدار لەگەڵ کەسانێك لە وڵاتە خاوەن حکومەتە تۆتالیتارییەکانی وەك: پەنەما، مەجەر، شیلی، تبتو بۆرما، هەقیقەتەکانی دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆ بەرجەستەتربووە. بەبینینی ئەو تبتیانەی کە دژبە هێرشبەرانی (چین)ی کۆمۆنیست جەنگان، ئەو ڕووسانەی کە کودەتای (١٩٩١)یان پوچەڵ کردەوەو ئەو تایلەندییانەی بەبێ توندوتیژی ڕێگەیان لەگەڕانەوەی حکومەتی سەربازی گرت، دیدگاگەلێکی بەئازارترم لە بارەی سروشتی پلانگێڕانەی دیکتاتۆرییەکانەوە بەدەستهێنا.

جاربەجار بەبینینی ئەو شوێنانەی کە هێشتا مەترسیدار بوونو بەرگریی تیایاندا بەردەوام بوو، هەستی میهرەبانی بۆ خەڵكو تورەیی لەبەرامبەر بە دڕندایەتییەکان، لەگەڵ پیاهەڵدان بە قارەمانە ئارامەکانی ئەو پیاو و ژنانەی ئازایەتییەکی بڕوا پێ نەکراویان هەبوو، لەمندا زیادی کرد.

ئەم شوێنانە بریتی بوون لە پەنەمای ژێر حکومەتی نوریەگا، ویلنیۆس لەلیتوانیای ژێر سەرکوتکاریی بەردەوامی یەکێتی سۆڤییەت، مەیدانی تیانانمەن لەپەکین لەکاتی خۆپیشاندان بۆ ئازادیو بەتایبەتی لەساتی یەکەمین هاتنی هێزە زرێدارەکان لەو شەوە شومەو ناوەندەکانی فەرماندەیی نیشتەجێی جەنگەڵی هێزەکانی دیموکرات لە مانرپلاو لە (بۆرمای ئازاد).

هەندێکجار سەردانی ناوچە شکستخواردووەکانم دەکرد، وەك بورجی تەلەفزیۆنو گۆڕستانی ویلنیۆس، پارکی گشتی (ریگا) کە مرۆڤگەلێکی تیادا کوژرا بوون، ناوەندی فرارا لەئیتاڵیای باکور کە فاشیستەکان تیایدا بەرگریکارانیان بە ڕیز گوللەباران کردبوو، و گۆڕستانێکی سادەش لە (مانرپلاڤ) کە لێوانلێو بوو لەلاشەی ئەو پیاوانەی کە هێشتا گەنج بوون بۆ مردن. ئەمە هەقیقەتێکی نیگەراناوییە کە جێ‌پێی تۆتالیتاریی، وێرانیو مەرگە.

ئەم مەسەلانەو ئەم ئەزموونانە، ئەو بیروباوەڕەی لەمندا پتەوتر کرد لەسەربنەمای ئەوەیکە ڕەنگە ڕێگەگرتن لە دروستبوونو درێژەکێشانی ژیانی دیکتاتۆرەکان شیاوی بەدیهاتن بێت. پێموابوو دەبێ ڕێگایەك هەبێت تابتوانرێ لە ڕێگەی تێکۆشانە سەرکەوتووەکانەوەو بەکەمترین ڕێژەی کوشتار لەپێناویدا، دیکتاتۆرەکانی ئێستا لەناوببردرێنو لەناو خۆڵەمێشەکەیدا ڕێگە لە هاتنەئارای دیکتاتۆرە نوێیەکان بگیردرێت.

من هەوڵم داوە بە وردیی بیر لە کاراترین ڕێباز بکەمەوە بۆ شکستدان بەدیکتاتۆرەکان. ئەو ڕێبازانەی کە تائەوپەڕی توانا کەمترین ڕەنج توشی تاکەکان بکاتو بەپێی توانا نەبێتەمایەی لەناوچوونی گیانی مرۆڤەکان. لەم هەوڵەدا ڕەچاوی چەندین ساڵی لێکۆڵینەوەم کردووە



دەربارەی دیکتاتۆرییەکان، راپەرینە بەرگرییەکان، شۆرشەکان، بیروباوەڕە سیاسییەکان، سیستەمە حکومەتییەکانو بەتایبەتی تێکۆشانە واقیعبینە ناتوندوتیژییەکان.

ئەم نوسینەی ئێستا بەرهەمی ئەم هەوڵەیە. هەڵبەتە دڵنیام کە ڕێگای زۆر بۆ کامڵبوون ماوە، بەڵام ڕەنگە بتوانێ ڕێنمایی بەرنامەدانانی بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان بێت کە بۆ هەمیشە کاریگەرترو بەهێزتر کاربکەن.

بەپێی پێویستو هەروەها هەڵبژاردنێکی هۆشیارانە، ئەم کتێبە جەخت لەسەر ڕێبازە گشتییەکانی تێکۆشان دژبە دیکتاتۆرەکانو ڕێگەگرتن لەهاتنەئارای حکومەتە تۆتالیتارە نوێیەکان دەکاتەوە. من توانای شیکردنەوەی وردبینانەو ناردنی مۆدیلەکانی تێکۆشانم بۆ وڵاتانی تایبەت نییە. بەڵام بەهەرحاڵ ئارەزووم ئەمەیە ئەم شرۆڤەکردنە گشتییە بۆ خەڵك بەسود بێت کە بەداخەوە زۆرینەیان لەژێر حکومەتە تۆتالیتارییەکاندا دەژینو تێدەکۆشن. پێویستە ئەوان بەهای ئەم تیۆریانە لەوڵاتی خۆیاندا تاقی بکەنەوەو بەپەرەدان بەم تیۆریانە، لە هەلومەرجو بارودۆخە تایبەتییەکانی خۆیاندا بیکەنە شیاوی پراکتیزە کردن.

لەنوسینی ئەم کتێبەدا، قەرزارباری کەسانێکی زۆرم. (پروس جەنگینز)ی یاریدەدەری تایبەتیم کە بۆ جیاکردنەوەی خستنەڕووی ناوەڕۆكو پێشکەشکردنی بابەتەکان، هاوکارییەکی بەهاداری هەبوو. ناوبراو لەهەمانکاتدا پێشنیازگەلێکی زیندووی بۆ ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی کتێبەکە، پێداچوونەوەی نوسینەکانو سادەکردنەوەی هەندێ لەبابەتە گرانەکان خستەڕوو. هەروەها سوپاسگوزاری هاوکارییە

نوسینەکانی (ستڤان کۆدی)م. (د. کریستۆڤەر)و (کرۆگلەر)و (رۆبەرت هلوی) رەخنەو پێشنیازی زۆر بەسودیان پێشکەش کردم. (د. هازل مەك فرسۆن)و (د.پاتریشیا پارکمەن) بەدوای یەکدا زانیاریان دەربارەی کێشمەکێشەکان لەئەفریقاو ئەمریکای لاتینیان بەمن بەخشی. هەرچەندە ئەم بەرهەمە سودی لە هاوکارییەکان، پشتیوانییەکانو خۆشەویستی زۆری کەسانێکیش وەرگرتووە، بەرپرسیارێتی تەواوی شیکردنەوەکانو دەرئەنجامەکان تیایدا لەم لایەنەوەیە.

لە هیچ کوێی ئەم بەرهەمەدا پێشبینی نەکراوە کە تێکۆشان دژبە دیکتاتۆرەکان هەولێکی سادەو بێباجە، هەر تێکۆشانێك ئالۆزیو باجی تایبەت بەخۆی هەیە. تێکۆشان دژبە دیکتاتۆرەکانیش، بەدڵنیاییەوە زیانیشی هەیە، بەڵام ئومێدی من ئەمەیە کە ئەم شیکردنەوەیە سەرکردەکانی بەرگریی هان بدات بۆ نەخشەداڕشتنی ئەو ستراتیژییەتانەی کە لەگەڵ هەبوونی زۆرترین هێزو زۆرترین کاریگەردانانیدا، ببێتەمایەی کەمترین زیانیش.

سەرەرای ئەمە نابێ وا لەم شیکردنەوەیە بگەین کە بەلەناوبردنی دیکتاتۆرێك، تەواوی کێشەکانیتریش چارەسەر دەبن. شکستی هیچ ڕژێمێکی تۆتالیتار، شاری یۆتۆپیا بەدیناهێنێت بەڵکو تەنها ڕێگایەك دەکاتەوە کە خەڵك لەڕێگەی تێکۆشانی سەختو هەوڵدانێکی دوورودرێژەوە بتوانن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، ئابوریو سیاسی نوێ سەقامگیر بکەنو ئەم پەیوەندییە نوێیانە بەنۆرەی خۆی بتوانێ نادادپەروەرییەکانو ستەمەکان لەناوببات. ئومێدی من ئەمەیە کە ئەم شیکردنەوە کورتەی ڕێبازەکانی تێکۆشان دژبە ڕژێمە تۆتالیتارییەکانو



چۆنییەتی بەگیرهێنانی ئەم حکومەتانە، بۆ خەڵکی ستەم لێکراو بەسودبێت کە ئومێدیان بەئازادی هەیە.

**جین شارپ- ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣**

## بەشی یەکەم

# ڕووبەڕووبوونەوەی
# واقیعبینانە لەگەڵ دیکتاتۆرەکاندا

لەم ساڵانەی دواییدا، زۆربەی دیکتاتۆرەکان -چ ڕەگوڕیشەی ناخۆیی یا دەرەکی هەبێت- لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێکۆشانە ئۆرگانیزەکراوەکانی خەڵکدا شکستیان هێناوەو یا لەرزێنراون. تەنانەت دەبینرێ کە دیکتاتۆرە زۆر دەسەڵاتدارەکان، بەڕواڵەت لەناونەچوون و خاوەنی زۆرترین هێزی پارێزگاریش بوون. لە دەیەی ١٩٨٠ زۆرینەی دیکتاتۆرییەتەکان لە ئەستۆنی، لاتویا، لیتوانیا، پۆڵۆنیا، ئەڵمانیای خۆرئاوا، چیك‌و سلۆڤاکیا، ماداگەسکار، مالی، بولیڤیا، فلیپین، لەبەرامبەر بزوتنەوەی جەماوەریدا، بێ توندوتیژی خۆیان دابەدەستەوە. لەبەرامبەر بەرگریی ئاشتیخوازانەی هەماهەنگی سیاسی،



ئابوری‌و کۆمەڵایەتیانەی خەڵکدا تەسلیم بوون، تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان لە نیپاڵ، زامبیا، کۆریای باشور، شیلی، ئەرجەنتین، هایتی، بەرازیل، ئۆرۆگوای، تایلەند، بولغارستان، مەجارستان، زائیر، نەیجیریا و لەبەشێکی مەزنی وڵاتە تازەسەربەخۆکانی سۆڤییەتی پێشوو (بەتایبەتی لە پوچەڵکردنەوەی کودەتای سەربازیی ئابی ١٩٩١)، بزووتنەوە دیموکراسیخوازییەکانی بەرەوپێش بردووە.

سەرەڕای ئەمانە، لەم ساڵانەی دواییدا تێکۆشانی چینایەتی سیاسی لە چین، بۆرما و تبتیش فۆرمەڵە بووە. هەرچەندە ئەم کێشمەکێشانە نەگەیشتنە سەرکەوتنی کۆتایی‌و نەبوونەمایەی شکستی دیکتاتۆرە فەرمانڕەواکان یان داگیرکەرەکان، بەڵام ڕووخساری بێبەزەییانەی ئەم ڕژێمە سەرکوتکارانەی بۆ کۆمەڵگای جیهانی نمایش کردو لەهەمانکاتدا ئەزموونێکی بەهاداری تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکانی بۆ خەڵکیش بەجێهێشت.

بەدڵنیاییەوە شکستی دیکتاتۆرێك لەوڵاتە ناوبراوەکاندا، نابێتەمایەی لەناوچوونی تەواوی کێشەکانیتری ئەم کۆمەڵگایانە. هەژاری، تاوان، ناکارایی بۆرۆکراسی‌و وێرانبوونی ژینگە، میراتی ڕژێمە تۆتالیتارییە دڕندەکانە. بەڵام لەهەمانکاتدا، شکستی ئەم حکومەتانە، هەلومەرجێك فەراهەم دەکات تا ئەو خەڵکەی کە تائەمڕۆ لەژێرستەمدا بوون، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی، کۆمەڵگایەکی ئاست بەرزتری دیموکراسیی سیاسی، ئازادییەکی فەردیی زیاترو دادوەرییەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر دروست بکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕوخانی ئەم حکومەتانە بۆ چاسەرکردنی کێشە جەماوەرییەکان،

کۆمەڵگایـەك لـەڕوی دیموکراسـی سیاسـی، بـەرزتر، ئازادییـەکی تـاکی زیاتر وەداوەریەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر دروست دەکات.

### *کێشەیەکی هەمیشەیی

بەراسـتی لـەم دەیەیانـەی دواییـدا، ئینتمایـەکی بـەرفراوانتر بـۆ ئـازادکردنی کۆمـەڵگاکانو بەدەسـتهێنانی ئـازادی لەجیهانـدا هاتۆتـەئاراوە. بـەپێی ئامـاری (مـاڵی ئـازادی) کـە هـەموو سـاڵێك لێکۆڵینـەوەی لەسـەربنەمای بـارودۆخی مافـە سیاسییەکانو ئازادییـە مەدەنییەکانی لەناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهانـدا ئـەنجام داوە، وڵاتـان بـەپێی ئـەم پێوەرانـە پۆلێنبەنـدی دەکـاتو ئـەو وڵاتانـەی کـە دەچـنە پۆلێنبەندی ئازادەوە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەرەو زیادبوون دەچێت.

| ساڵ / جۆر | ئازاد | نیمچە ئازاد | نائازاد |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٣ | ٥٥ | ٧٦ | ٦٤ |
| ١٩٩٣ | ٧٥ | ٧٣ | ٣٨ |

خشتەی (١-١) دابەشبوونی وڵاتان بەپێی ساڵو بارودۆخی سیاسی

بـەڵام ئـەم پرۆسیسە دڵخۆشـکەرە، بەتوێژینـەوە لـەو دانیـشتوانانەی جیهـان کـە لـە هەلومـەرجی تۆتالیتاریـدا دەژیـن، بـارودۆخێکی واقیعبینانەتر لەخۆدەگرێت.



لـەکانونی دووەمـی (١٩٩٣)دا، (٣١٪)ی دانیـشتوانی نزیکـەی (٥,٤٥) ملیارد کەسەکەی جیهان، لەژێرسایەی دڕندەیی حکومەتگەلێکدا دەژین کە لەم خشتەیەدا بە نائازاد پۆلێنبەندی کراون، واتا ئەو ناوچانەی کە تیایـدا سنوردارییەتێکی تونـدی سیاسـی هەیـەو ئازادییـە مەدەنییـەکان پێشێل دەکرێن.

ئـەم (٣٨) وڵاتو (١٢) ناوچـەیەی لـەژێرناوی (نائـازاد)دا پۆلێنبەنـدی کراون، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتـە دیکتاتۆرییـە سـەربازییەکان (وەك بۆرمــاو ســودان)، پادشــاییە نەریتییــە ســەرکوتکارەکان (وەك عەرەبستانی سعودییەو بووتان)، پارتـە دەسـەڵاتدارە سیاسییەکان (وەك چـینو عـیراق[1] و کۆریـای بـاکور)، داگیرکـارە دەرەکییـەکان (وەك تبـتو تەیموری خۆرهەڵات)و حکومەتە ئینتیقالییەکان دەگرێتەوە.

ئەمڕۆ وڵاتانێکی زۆر، لەساتی گۆڕانی خێرای ئابوری، کۆمەڵایـەتیو سیاسیدان. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیـەك لـەوڵاتانی ئازاد لەدەیـەکانی ئـەم دواییەدا گەشەیان کردووە، بەڵام هەمیشە ئەم ترسە هەیە کە لەئەنجامدا ئــەم گۆڕانکارییــە خێــراو بنـچینەییانەی هەنـدێ ناوچـە، ڕێگایـەکی پێچەوانە بگرنەبەرو چەشنێکی نوێی دیکتاتۆریی تاقی بکەنەوە.

گروپــە ســەربازییەکان، کەســانی شــوێنخواز، خــاوەن پلــە هەڵبـژێردراوەکانو گروپـە سیاسـییە خـاوەن ئایدۆلۆژییـە تایبەتـەکان، هەمیـشە هــەوڵ دەدەن تــا بیروبــاوەڕو خواســتەکانی خۆیــان بەســەر ئـەوانیتردا بـسەپێنن. کودەتاکـان هەمیـشە ڕوویانـداوەو لەئایندەشـدا ڕوودەدەن. بــەلای زۆرینــەی جیهانــەوە، هێــشتا مافــە بنــچینەییە

[1]- ئەم پەرتوکە بەرلەڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس لە عیراقدا، نوسراوە. (و-ك).

مرۆییەکان‌و مافەکانی بەشداریی سیاسی پێشێل دەکرێن‌و لەئایندەشدا پێشێل دەکرێت.

بەداخەوە ڕابردوو هێشتا لەگەڵماندایە. کێشەی دیکتاتۆریی قووڵ‌و ڕەگ‌وڕیشەدارە. خەڵك لەزۆربەی وڵاتاندا بۆ چەندین دەیەو تەنانەت سەدەهاساڵ لەژێر دەسەلاتی حکومەتە ستەمکارەکاندا –ناوخۆیی یان دەرەکی– ڕەنجیان داوە. هەمیشە هەوڵ دراوە تا ملکەچێتی بێ‌چەندوچون بۆ سەرچاوەکانی دەسەڵات‌و ڕێبەرانی ئەم حکومەتانە لەمرۆڤەکاندا ئەنتەرنالیزە بکەن.

لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا، ناوەندە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابورییەکان‌و تەنانەت ئاینییەکان کە لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەتدان بەمەبەست لاوازکراون‌و خراونەتە ژێر دەسەڵاتەوەو تەنانەت بوونەتە ئەلتەرناتیڤی ئەو ناوەندانەی کە لەلایەن دەوڵەت‌و یاخود ڕێبەرەوە ئەرکی دروستکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیان خراوەتەئەستۆ. خەڵك لەم حکومەتە ئەتۆمیانەدا[٢] گۆڕاون بۆ کۆمەڵێ کەسی جیاواز لەیەکتر کە توانای یەکگرتنیان نییە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی هاوبەش، نەشیانتوانیوە متمانە بەیەکتر بکەن یاخود بەدەستپێشخەری خۆیان هەنگاوێك بنێن.

ئەنجامەکە شیاوی پێشبینی کردنە، خەڵك لاواز دەبن‌و متمانەبەخۆبوون‌و هێزی بەرگرییان لەناودەچێت. خەڵك هێندە دەترسن کە ناتوانن ڕقی خۆیان لەدیکتاتۆری‌و تینوێتی خۆیان بۆ ئازادی تەنانەت بۆ خزمان یاخود دۆستەکانی خۆشیان دەربڕن. خەڵك لەوە

٢ -Atomized



دەترسن کە بەشێوەیەکی پراکتیکی بیر لە بەرگریی گشتی بکەنەوەو توشی دڵەڕاوکێ دەبن‌و دەڵێن:" مەگەر بەرگریی سودی هەیە؟". ئەم خەڵکە حەزدەکەن لەبری پرسینی ئەم پرسیارە، درێژە بەڕەنجێکی بێ‌ئامانج‌و ئایندەیەکی بێ‌ئومێد بدەن.

لەم سەردەمانەدا، بارودۆخی ژیان لەحکومەتە تۆتالیتارەکاندا تەنانەت لە ڕابردووشی خراپتر بووە. لەڕابردوودا هەندێ خەڵك بەرگریگەلێکیان نیشان دەداو جارجاریش بزووتنەوە ناڕەزایەتییە چینایەتییەکان‌و خۆپیشاندان لەبەرامبەر تۆتالیتارییەتدا ئەنجام دەدرا. گوایە بەشێوەیەکی کاتیانە ڕۆحێکی نوێ لەخەڵکدا خرۆشێنراوە.

لەشوێنەکانیتردا، کەسانی سەربەخۆ و یاخود گروپە بچوکەکان بۆ پشتیوانی لەبیروباوەڕو ڕواجی خۆیان هەندێکجاریش تەنها بە مەبەستی نمایشکردنی ئامادەگی بەرگریی، ڕەفتارگەلێکی ئازایانەی ناڕەزایەتی بەلام بێسودیان ئەنجام دەدا. ئەم ڕەفتارانە هەرچەندە ڕەسەن‌و بەشکۆ بوون، بەلام کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی خەڵك‌و زاڵبوون بەسەر نەریتی پەیڕەویکردنی خەڵك لە دەسەلات نەبوو کە دوو پێداویستییە بنەڕەتییەکەی تێکۆشانن دژ بەدیکتاتۆری. ئەم بزووتنەوانە نەك تەنها نەدەگەیشتنە سەرکەوتن یاخود تەنانەت دروستکردنی ئومێد لەدڵی خەڵکیدا، بەڵکو بەداخەوە لەهەندێ شوێندا، تەنانەت فشارەکان، کوشتارەکان‌و ڕەنجە مرۆییەکانی توندتر دەکرد.

***ئازادی لەڕێگەی توندوتیژییەوە؟**

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە کە لەم هەلومەرجەدا، دەبێ چی بکرێت؟ ئەو ڕێگاچارانەی لەیەکەم هەنگاودا دێتەیادمان، ناتوانرێ بەکاربهێنرێن. دەستور، یاسا دادوەرییەکان و ڕایگشتی زۆربەیجار بەئاسانی لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە، پەراوێز دەخرێن.

بەشێوەیەکی تەواو لۆژیکیانە لەگەڵ بینینی دڵڕەقی، ئەشکەنجەدانەکان، بێسەروشوێنکردن و کوژراوەکان، بەئاسایی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تەنها توندوتیژی دەتوانێ کۆتایی بەدیکتاتۆرییەکان بهێنێت.

قوربانییە توڕەکانی توندوتیژییەکان ودەوروبەرەکانیان، هەندێکجار سەرەرای بینینی ناهاوسەنگی هێز، هەوڵ دەدەن بەکۆکردنەوەو ڕێکخستنی هێزە نەیارەکانی دەوڵەت و پرچەککردنیان بە تەواوی ئەو توانایانەی کە هەیانە، دژ بە دیکتاتۆرەکان تێکۆشان بکەن. ئەم خەڵکانە ئازایانە تێکۆشان دەکەن و بودجەگەلێکی ماددی و گیانی زۆر دەخەنە خزمەت تێکۆشانەکەی خۆیانەوە.

فەزیلەتی ئەم خەڵکە نمونەییانەیە بەڵام هەنگاوەکانیان بەنزیکەیی هیچکاتێك ئازادی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. ئەم شۆڕشە توندوتیژئامێزانە، تەنها میلی سەرکوتکردنی زیاتری خەڵك لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە دەچرکێنێ و چین و توێژەکان دەخاتە بارودۆخێکی خراپتر لەڕابردووەوە.

بەهەرشێوەیەك بنۆڕینە تێکۆشانە توندوتیژەکان، هەمیشە ئەو خاڵە بەرچاودەکەوێت کە لەکاتی هەڵبژاردنی توندوتیژیدا وەك ڕێگایەکی



تێکۆشان، هەنگاومان خستۆتە مەیدانێکەوە کە دیکتاتۆرەکان تیایدا زاڵترن.

دیکتاتۆرەکان هەمیشە لە ئاستێکی باڵادا خۆیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ئامادەباش کردووە. دیموکراتەکان هەرچەندە بەردەوامیش بن، سەرەنجام ناچاردەبن تا لەبەرامبەر هەقیقەتەکانی توندوتیژیی میلیتارییەتدا، سەری تەسلیمبوون کەچ بکەن.

دیکتاتۆرەکان بەنزیکەیی هەمیشە لەئامرازی جەنگ، تەقەمەنی، هەڵگرتن و گواستنەوەو قەوارەی هێزی جەنگیدا لەپێشترن و ئازادیخوازەکان بەنزیکەیی هیچکاتێك سەرەرای بوونی بڕواو ئیرادەی جەسورانەشیان، چانسیان بۆ سەرکەوتن نییە.

ئەو کاتە شۆڕشە ئازادیخوازە سەربازییە نەرێتییەکان، بە ناواقیعبین دەناسرێن کە هەندێك لەئۆپۆزسیۆنەکان پێ لەسەر تێکۆشانی پارتیزانی دابگرن. بەهەرحاڵ، جەنگی پارتیزانی هیچکاتێك سودی بۆ خەڵکی ژێرستەم نەبووەو ڕێنمای دیموکراسی نەبووە[٣].

تێکۆشانی پارتیزانی، ڕێگاچارەیەکی باش نییە، بەتایبەتی لەبەر ئەم هۆیەی کە لەزۆرینەی مەسەلەکاندا دەبێتەمایەی زیانێکی زۆر بۆ خەڵکەکەی خۆی. تەنانەت لەکاتێکداکە تیۆرو ستراتیژە وردەکارەکان دەربارەی ئامانج و دروشمەکانی بزووتنەوەی چەکداری هەن یا تەنانەت ئەم بزووتنەوەیە لەدەرەوە پشتیوانی بکرێت، گەرەنتی نییە بۆ ڕێگەگرتن لەدەرکەوتنی لادان و هەڵە تیایدا.

---

[٣]- لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئارا کە کام لە حکومڕانییە دیکتاتۆرەکانی وەك نازیزم لە ئەڵمانیا، فاشیزم لە ئیتاڵیا، سەدام حسێن لە عیراق بە تێکۆشانی ناتوندوتیژی و بەبێ تێکۆشانی چەکداریی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەکانەوە، وازیان لە کورسی دەسەڵات هێناوە؟. (و-ك)

جەنگە پارتیزانییەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆر درێژخایەنن‌و لەزۆرینەی مەسەلەکاندا، خەڵکی مەدەنی لەگەڵ ڕەنجدانێکی زۆری مرۆیی‌و کۆمەڵایەتی، لەلایەن دەوڵەتەوە ناچار دەکرێن شوێنەکانیان بگۆڕن[٤].

ئەگەر بزووتنەوە پارتیزانییەکان ببنەهۆی سەرکەوتنیش، ڕژێمە نوێیەکە بەخێرایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نمونەی پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، تۆتالیتارانەتر لەئەوان کار دەکەن. ئەگەر سەرەنجام سەرکەوتن بۆ پارتیزانەکان بێت، ڕژێمە نوێیەکە بەهۆی سێنترالی زۆربالای هێزە سەربازییەکان‌و لاوازیی یان لەناوچوونی گروپە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان‌و دامەزراوەکانییەوە لەماوەی تێکۆشانەکەدا –کە ئەندامی ژیارییانەی کۆمەڵگایەکی ئازادن– دیکتاتۆرانەتر دەبن لەحکومەتی پێشوو. نەیارەکانی دیکتاتۆریی، پێویستە بەدوای ڕێگاچارەیەکیتردا بگەڕێن.

### *کودەتا، هەڵبژاردن، ڕزگارکەرە دەرەکییەکان؟

کودەتای سەربازی دژ بەحکومەتە تیرانییەکان، ڕەنگە لەڕواڵەتدا سادەترین‌و خێراترین ڕێگەی لەناوبردنی ڕژێمێکی نەفرەتلێکراو بێت، بەڵام لەپراکتیکدا کێشەگەلێکی زۆر لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێبازەدا هەیە. لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە کودەتای سەربازی هیچ گۆڕانێك لە دابەشبوونی نەگونجاوی دەسەڵاتی ناو خەڵك، دەستەی فەرمانڕواو

٤ –پەیڕەوی‌کردنی سیاسەتەکانی تەعریب‌و تەرحیل لەسەردەمی حیزبی بەعسدا لەعیراق، نمونەیەکن لەم جۆرە ستەمە. (و–ك).



هێزە سەربازییەکاندا دروست ناکات. دەرپەڕاندنی کەس یاخود گروپە تایبەتییەکانی ناو پلەوپایەکانی دەوڵەت، تەنها جێگایەکی خاڵی بۆ کەس‌و گروپە هەڵپەرستەکان دروست دەکات.

لە بواری تیۆریدا، ئەم کەس‌و گروپە نوێیانە لەوانەیە لێبوردەییەکی زیاتریان لە کەسان‌و گروپەکانی پێشوو هەبێت‌و توانستێکی زیاتر بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادی بخەنە بەردەم خەڵك. بەڵام بەداخەوە گروپە نوێیەکان دوای پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی، ڕەنگە ستەمکارترو شوێنپەرستتر بێت لەهاوشێوە دێرینەکانی خۆی. لەئەنجامدا گروپە نوێیەکە –کە خەڵك ئومێدی زیاتریان پێیەتی– دوای سەقامگیربوون دەتوانن بەبێ نیگەرانبوون بۆ مافەکانی مرۆڤ یا دیموکراسی، بەهەرجۆرێك کە بیانەوێت کاربکەن. کودەتا وەڵامێکی گونجاو نییە بۆ کێشەی دیکتاتۆری.

ڕاپرسییەکانی ژێر حکومەتە تیرانییەکان، ئامرازێکی گونجاو نییە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە ستراکتوری سیاسیدا. هەندێ لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان، هەندێکجار بۆ پاراستنی ڕواڵەتی دیموکراسێتیبوونی خۆیان، کۆمەڵە ڕاپرسییەك بەڕێوەدەبن (هاوشێوەی ڕاپرسییەکانی وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتی پێشوو). بەڵام ئەم ڕاپرسیانە لەڕاستیدا ڕاپرسییەکی داخراون کە تەنها هەنگاوی ڕواڵەتیانەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك‌و بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە کاندیدە دەستچنەکانی دیکتاتۆر، ئەنجام دەدرێن. ئەگەر کاندیدە ئۆپۆزسیۆنەکانیش ڕێگەی ئامادەبوونیان لەهەڵبژاردندا پێبدرێت‌و تەنانەت هەڵیشببژێردرێن (بەهەمانشێوەی کە لەساڵی ١٩٩٠ لەبۆرماو لەساڵی ١٩٩٣ لەنێجیریا ڕووی‌دا) ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەسادەیی

لەلایەن دیکتاتۆرەوە ڕەت دەکرێتەوە. هەندێکجاریش کاندیدە سەرکەوتووەکان، تیرۆر، دەستگیرو تەنانەت لەسێدارەش دەدرێن.

دیکتاتۆر هیچکاتێك بەسادەیی ڕێگە بە بەڕێوەچوونی ڕاپرسییەك نادات کە ئەو لەسەرتەختی پادشایی لاببات.

هەندێکجاریش ئەو کەسانەی بەهۆی حکومەتە دیکتاتۆرییەکانەوە ڕەنج دەکێشن یان ئەو کەسانەی بۆ ڕزگاربوون لەچنگاڵی دیکتاتۆر داوخواستانە چوونەتە تاراوگە، بڕوا بەوەناکەن کە خەڵکی ژێرستەم بتوانن خۆیان ئازاد بکەن.

ئەم کەسانە، ئومێدی خۆیان بەهێزە دەرەکییەکانەوە دەبەستنەوە. بە بڕوای ئەوان، تەنها هاوکاری نێودەوڵەتی توانای تەواوی بۆ هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆر دەبێت[٥].

ئەم دیدگایەی کە پێی وایە خەڵکانی ژێرستەم توانای کارکردنێکی کاریگەرانەیان نییە، لەسەردەمێکی کاتی تایبەتدا سەرهەڵدەدەن.

بەهەمانشێوەی باس کرا، لەم سەردەمانەدا خەڵکی ژێرستەم نائومێد دەبن و بەشێوەیەکی کاتی توانای تێکۆشان لەدەست دەدەن. لەبەرئەوەی متمانەبەخۆبوونی پێویستیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆردا لەدەست داوەو ڕێگایەك بۆ ڕزگاربوونی خۆیان ناناسنەوە. لەم هەلومەرجەدا سروشتییە کە هەندێکیان ئومێدی ڕزگاربوون بەئەوانیترەوە ببەستنەوەو چاوەڕێی دەستوەردانی هێزە بێگانەکان بن.

[٥] –لەمێژووی دێرین و هاوچەرخی شۆڕشەکانی کورددا، نمونەی زۆر هەن کە دیارترینیان خۆشەتەکدانی شۆڕشی ئەیلول بوو بەحکومەتی ئێرانەوە کە هەردوای ڕێککەوتنامەی جەزائیرو گۆڕانی سیاسەتی ئێرانی لەهەمبەر شۆڕشی کورد، شۆڕشەکە بێ پشت مایەوەو سەرەنجام شکستی خوارد (و–ك).



ئەم هێزە ڕزگارکەرە دەرەکییەکانە، دەکرێ بەرهەمی ڕێککەوتنی وڵاتانیتر، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتێکی تایبەت یا دانانی یاسایەکی نێودەوڵەتی ئابوری و سیاسی بێت دژ بە دیکتاتۆر لەوڵاتەکەدا.

ئەم سیناریۆیە بەباش دێتەبەرچاو، بەڵام لەمپەرێکی گەورەش لەڕێی متمانەبوون و پشت بەستن بە ڕزگارکەرە بێگانەکان هەیە. ئەم پشت بەستن و نەبوونی متمانەیە ڕەنگە لە بنەڕەتدا نەبێت لەبەرئەوەی ئاساییە کە هیچ ڕزگارکەرێکی دەرەکی –کە بەکردەوە دەستوەربدات– بوونی نییەو ئەگەر دەوڵەتێکی دەرەکیش بۆ گۆڕانی هەلومەرجەکە دەستوەربدات، ئاساییە نابێ متمانەی پێبکرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند هەقیقەتێکی تاڵ بکەین کە بەئاسایی لە پشت پەردەی چاوەڕوانیکردن بۆ دەستوەردانی وڵاتە بێگانەکانەوەیە.

*وڵاتانیتر، بەگشتی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بارودۆخی ئابوری و سیاسی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە دیکتاتۆرەکاندا سازشیان کردووە یاخود تەنانەت پشتیوانیشیان لێدەکەن.

* وڵاتە بێگانەکان ڕەنگە حەز بکەن لەبری پارێزگاریی کردنی ئەو کۆچبەرانەی بۆ ئازادی وڵاتەکەی خۆیان تێکۆشان دەکەن، سەودا بەخەڵکی ستەملێکراوەوە بکەن لەهەمبەر ئامانجەکانیتردا.

* هەندێ لەدەوڵەتە دەرەکییەکان تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەستبەسەرگرتنی ئابوری، سیاسی و سەربازی بەسەر وڵاتاندا، دژ بە دیکتاتۆرەکان هەڵدەسوڕێن.

*هێزە بێگانەکان تەنها لەکاتێکدا بەشێوەیەکی کارا تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی وڵاتێك دەکەن کە پێشتر بەرگرییە ناوخۆییەکان دەستیان بەلەرزاندنی پایەکانی دیکتاتۆری کردبێتو لەم ڕێگەیەوە ستەمکارییەکانی ئەم ڕژێمەیان نیشانی جیهان دابێت.

دیکتاتۆرەکان لەهەنگاوی یەکەمدا بەهۆی شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوخۆیی درێژە بەژیانی خۆی دەدات. لەم هەلومەرجەدا، کۆمەڵگاو چینەکانی خەڵك لەدروستکردنی کێشە بۆ دیکتاتۆر، زیاد لەسنور لاوازنو سامانو دەسەڵات لەدەستی هەندێکی کەم لەوکەسانەدا کۆکراوەتەوە.

سەرەرای ئەوەیکە دیکتاتۆرەکان لەوانەیە لەکارکردنی هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە، کاریان تێبکرێتو تەنانەت لاوازیش ببن. درێژەکێشانی ژیانیان سەرەنجام وابەستە بەفاکتەرە ناوخۆییەکانەوە.

لەکاتی بوونی بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە ناوخۆییەکاندا، پشتیوانییە جیهانییەکان دەتوانێ زۆر سودمەند بێت. بۆ نمونە گەمارۆ ئابورییە نێودەوڵەتییەکان، قەدەغەکردنەکان، بڕینی پەیوەندی دیبلۆماسی، دەرکردنی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، مەحکومکردن لەڕێگەی بەشە جۆربەجۆرەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو بابەتە هاوشێوەکانییەوە دەتوانێ هاوکارییەکی مەزنی ئەم بزووتنەوانە بکات.

بەهەرحاڵ، لەکاتی نەبوونی جوڵانەوەیەکی بەرگری بەهێزیی ناوخۆییدا، ئەگەری ڕوودانی بابەتەکانی سەرەوە کەم دەبێت، لەکاتی پراکتیزەکردنیشدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت.



***ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعییەتەکاندا**

بۆ ملکەچ پێکردنی دیکتاتۆر بەکەمترین بودجە، پێویستە چوار هەنگاوی بنەڕەتی بنرێت:

١)پێویستە ئیرادە، بڕوابەخۆبوونو لێهاتووییەکانی پەیوەندیدار بەبەرگریی لەخەڵکی ستەملێکراو پتەوبکرێت.

٢)پێویستە گروپە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکانو ڕێکخراوە تایبەتییە جەماوەرییەکانی ژێرستەم، دروستو پتەوبکرێت.

٣)پێویستە هێزێکی ناوخۆیی بەهێز دروست بکرێت.

٤)پێویستە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاقڵمەندانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادییە داڕێژراوەکە، بەلێهاتوییەوە پراکتیزە بکرێت.

تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بەهەمانشێوەی کە (چارلز ستیوارت پارنێل) لە ساڵی (١٨٧٩)دا لەکۆبوونەوەی ئیرلەندییە مانگرتووەکانی دژ بەکرێوباجەکانی بەریتانیا، وتویەتی:

"پشتبەستن بەدەوڵەت هیچ سودێکی نییە... پێویستە تەنها پشت بەئیرادەی خۆتان ببەستن... بەڕاوەستان لەتەك یەکتردا هاوکاری خۆتان بکەن... ئەو کەسانەی لاوازن بەهێزیان بکەن... پەیوەندی لەنێوان خۆتاندا بەرقەرار بکەن، خۆتان ڕێکبخەن..و سەردەکەون".

کاتێك کە داخوازی خۆت بۆ دانیشتن لەسەر کورسی ئامادە کرد، ئەو کاتەو نەك پێش ئەوە، لەسەر کورسییەکە دادەنیشیت.

بەهەبوونی هێزێکی خاوەن دەسەڵاتو پشت بەستن بەخود، و لەکاتی گرتنەبەری ستراتیژێکی هۆشمەندانە، کاری ئازایانەو ئۆرگانیزەکراو و بەسودوەرگرتن لەهێزی ڕەسەن، سەرەنجام هەموو دیکتاتۆرێك

ڕۆدەچـێت. بـەڵام لەسـەرەتای کـاردا، پێویـستە چـوار هـەنگاوە بنچینەییەکەی سەرەوە بنرێت.

بەهەمانشێوەی لەم باسەدا دەبینرێت، ئازادبوون لە کۆتی دیکتـاتۆری لـە کۆتایی‌دا وابەستە بەخەڵکێکەوە کە دەیانـەوێت ئازادانـە بـژین. ئـەو مۆدیلانـەی جۆرەکـانی تێکۆشـانە سیاسـییەکان یـاخود تێکۆشـانە ناتوندوتیژییەکان کە ناویان هێنرا، نیشانی دا کە ئەمجۆرە تێکۆشانانە ئامرازێکی باشن بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، بەڵام ئەم ڕێچکەیە هێشتا گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە.

لەفەسڵەکانی دواتردا هەوڵ دەدرێت بەناساندن‌و شرۆڤەکردنی وردی تێکۆشـانی ناتوندوتیـژی ڕێگایـەکی کاریگـەر بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دیکتاتۆرەکـان نیـشان بدرێت. هەڵبەتـە لەسـەرەتادا پێویـستە سـەرنجێك بدەینـە باس‌وخواسـی دانوسـتاندن وەك ڕێگایـەك بـۆ پاشەکشەپێکردنی دیکتاتۆرەکان.

## بەشی دووەم

# مەترسییەکانی دانوستان

بەهەمانشێوەی لە فەسڵی یەکەمدا شرۆڤە کرا، لە بەگژداچوونەوەی ئەو کێشە زۆرانەی کە لەڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆریدا هەیە، هەندێ خەڵك لەوانەیە لەبارودۆخی ژێردەستەیی‌دا، شەرمنانە وازبهێنن. ئەوانیتریش بەنائومێدبوون لەدەستەبەرکردنی دیموکراسی، لەوانەیە زاڵبوونی پایەدارانەی دیکتاتۆریی قبوڵ بکەن‌و بەئومێدبن تا لەڕێگەی دانوستان‌و سازش و ڕێککەوتنەوە، بتوانن ڕەگەزگەلێکی پۆزەتیڤ دەستەبەربکەن‌و کۆتایی بەدڕندەیی بهێنن. لەڕواڵەتدا نەبوونی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە، دەبنەمایەی ئەمجۆرە بیرکردنەوانە.

تێکۆشانی جدی دژبە دیکتاتۆرە دڵڕەقەکان، دوورنمایەکی باشی نییە. کەواتە بۆچی دەبێ لەم ڕەوتەدا هەنگاو بنێین؟ ئایا هەرتاکێك ناتوانێ لۆژیکی بێت‌و کۆمەڵەڕێگایەك بۆ گفتوگۆ بدۆزێتەوەو هەوڵ



بدات تا لەڕێگەی دانوستانەوە بەشێوەیەکی پێ‌بەپێ کۆتایی بە دیکتاتۆریی ئێستا بهێنێت؟ ئایا دیموکراتەکان ناتوانن بەپەنابردنەبەر هەستی مرۆڤایەتیانەی دیکتاتۆر، ڕەزامەندی بکەن سەبارەت بەکەمکردنەوەی پێ‌بەپێی دەسەڵاتەکەی‌و بەم ڕێگایە، سەرەنجام حکومەتێکی دیموکرات بهێننەئارا؟

هەندێکجار دەوترێت کە هەقیقەت بەتەواوەتی لەلای یەك لایەن نییە. ڕەنگە ئەو دیکتاتۆرانەی لەهەلومەرجێکی سەختدا بەباشی کاریان کردووە، لەلایەن دیموکراتەکانەوە بەباشی هەستی پێ‌نەبرابێت، یان تەنانەت ڕەنگە هەندێکیش پێیان وابێت کە دیکتاتۆرەکان لەوانەیە لەڕێگەی هاندان‌و بیرهێنانەوەوە، بەشێوەیەکی ڕەزامەندانە خۆیان لەو هەلومەرجە سەختەی کە بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوابوون لابەرن. لەوانەیە بوترێت کە دەتوانرێ ڕێگاچارەی (پێ‌بەپێ) بۆ دیکتاتۆرەکان پێشنیاز بکرێت کە لەوێدا هەردوو لایەن سودی لێوەربگرن کە تیایدا هێزە دیموکراتەکان، بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە کۆتایی بە کێشمەکێشەکان بهێنن ( کە ئەم کارە ڕەنگە بەهاوکاری کەسانی پسپۆڕ یان تەنانەت دەوڵەتێکی بێگانە ئەنجام بدرێت)، و پێویستی بە تەحەمولکردنی مەترسی‌و ئازارەکانی ئایندەش نەبێت. ئایا ئەم ڕێگایە کە تێکۆشانێکی ناتوندوتیژییە لەتێکۆشانێکی سەخت -تەنانەت ئەگەر جەنگی سەربازیش بێت- باشتر نییە؟

***شایستەیی‌و سنورداریەتیەکانی دانوستان**

دانوستانەکان ئامرازێکی زۆر بەسودن بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵە کێشەیەکی تایبەتی‌و لەکاتێکدا کە کاراییان هەیە، بەهیچ جۆرێك نابێ

فەرامۆش یاخود ڕەت بکرێنەوە. لەهەندێ لەهەلومەرجەکانداو کاتێك قسە لەسەر بابەتە بنچینەییەکان نییە –بەوهۆیەشەوە دانوستان پەسەند کراوە– دانوستان یەکێکە لەباشترین ڕێگاچارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان.

مانگرتنی کرێکاریی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کرێ، نمونەیەکی باشی بەکارهێنانی گونجاوی دانوستانە لەکێشمەکێشمێکدا. ئەو بارودۆخەی دانوستاندنی لەسەر دەکرێ ڕەنگە لەڕوانگەی هەردوو لایەنەکەوە لەئاستێکی مام ناوەندیدا بێت، بەلاّم ئەو کێشمەکێشە کرێکارییانەی لەڕێگەی یەکێتییە یاساییەکانەوە دەکرێن، بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەدا جیاوازە کە تیایدا باس لە بوونی دیکتاتۆرییەتێکی ستەمکارو دامەزراندنی سیستەمێك لەسەربنەمای ئازادییە سیاسییەکان دەکرێت.

کاتێك باسەکە لەسەر بابەتە بنچینەییەکانی پەیوەندیدار بەئوسوڵی ئایینی، ئازادی مرۆیی یاخود پێشکەوتن و گەشەی ئایندەی کۆمەڵگایەکە، دانوستان ئیتر ڕێگاچارەیەکی گونجاو نییە بۆ گەیشتن بەئەنجامێکی ڕەزامەندبەخش بۆ هەردوولاو لەسەرهەندێ لە بابەتەکان، ناتوانرێ سازش بکرێت.

تەنها گۆڕان لە پەیوەندییەکانی هێزدا بەقازانجی ئازادیخوازان دەتوانێ بەوجۆرەی کە شایستەیە، پارێزگاریی لە بوونی بابەتەکە بنچینەییەکان بکات.

ئەم گۆڕانە دەرەنجامی تێکۆشانە نەك دانوستان. هەڵبەتە ئەمە بەومانایە نییە کە هیچکاتێك نابێ سودلە دانوستان وەربگیردرێت، بەڵکو خاڵەکە ئەمەیە کە بەبێبوونی هێزێکی دەسەلاّتداری دیموکرات و نەیار.



دانوستان ڕێگەیەکی واقع بینانە، بۆ لابردنی دیکتاتۆرە بەهێزەکان نییە لەزۆربەی کاتەکاندا، دانوستان هەرلەبنەڕەتەوە بابەتێکی شیاوی هەڵبژاردن نییە. ئەو دیکتاتۆرانەی بەتەواوەتی لەپێگەی خۆیاندا هەست بەدڵنیایی دەکەن، ڕەنگە پێشنیازی دانوستان لەلایەن ڕکەبەرە دیموکراتەکانییەوە ڕەت بکاتەوە یان دوای دەستپێکردن، دانوستێنەرە دیموکراتەکان لەوانەیە دیارنەمێنن و ئیتر هەرگیز هەواڵێکیان نەبیسترێت[٦].

### *تەسلیمبوون لەڕێگەی دانوستانەوە؟

کەسانی سەربەخۆ یاخود گروپە نەیارەکانی دیکتاتۆری کە لایەنگری دانوستانن، بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەری باشیان هەیە. بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە تێکۆشانێکی چەکدارانە بۆ ماوەی چەندین ساڵ دژبە دیکتاتۆرییەتێکی دڵڕەق لەئارادابووە، بەلاّم نەیانتوانی بێت بگەنە سەرکەوتنی کۆتایی، ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆرینەی خەڵك بەهەر مەبەست و بیروباوەڕێکی سیاسییەوە، هەر لایەنگری ئاشتین.

دانوستاندن بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە دیکتاتۆر بەئاشکرا خاوەنی زاڵبوونێکی سەربازییانەیەو هیچیتر خەڵك بەرگەی زیان و

[٦] – لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەکی کورددا، چەندینجار سەرکردەکانی کورد لەسەر مێزی گفتوگۆ تیرۆر کراون. دیارترینیان شەهید کردنی سمایل خانی شکاك (سمکۆ) بوو لە ساڵی (١٩٣٠)دا. سمکۆی شکاك کە لەو سەردەمەدا سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردیی لە کوردستانی ڕۆژهەلاّتدا دەکرد، لەکاتێکدا کە لەگەڵ (عەبدوڵلاّخانی تەهماسپی) فەرماندەی لەشکری ئێراندا لە شاری شنۆ، سەرگەرمی گفتوگۆ بوون بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بۆسەیان بۆ سمکۆی شکاك نایەوەو نامەردانە شەهیدیان کرد. (و–ك)

ویرانکارییەکانی هەڵقوڵاوی جەنگ ناگرێت، دەبێتە بابەتێکی جێی باسوخواس لەنێوان گروپە دیموکراتەکاندا. لەم هەلومەرجەدا هەر ڕێگاچارەیەك کە بتوانێ هەندێ لەخواستە دیموکراسییەکان بهێنێتەدی و کۆتایی بەچەرخی توندوتیژی و توندوتیژیی بەرامبەر بهێنێت، بەتوندی جێی گومانە.

بەدڵنیاییەوە پێشنیازی (ئاشتی) لەلایەن دیکتاتۆرەوە بۆ هێزە تێکۆشەرە دیموکراتەکان، پێشنیازێکی ڕیاکارانەیە. لەبەرئەوەی ئەگەر دیکتاتۆر بیەوێت، تەنها لەساتێکدا دەتوانێ دەست لەجەنگ دژبەوڵات بکشێنێتەوەو کۆتایی بەتوندوتیژی بهێنێت.

ئەوان ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن خۆیان بەبێ هیچ مامەڵەیەك دەستپێشخەربن بۆ گێڕانەوەی ڕێزو مافەکانی مرۆڤ، ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان، کۆتایهێنان بەئەشکەنجە، ڕاوەستاندنی چالاکییە سەربازییەکان، ڕزگارکردنی حکومەت و داوای لێبوردن لەخەڵکی.

لەو هەلومەرجانەدا کە دیکتاتۆر دەسەڵاتی تەواویان هەیە بەڵام بزووتنەوەگەلێکی بەرگریی تورەش هەن، ڕەنگە دیکتاتۆرەکان حەز بکەن تا لەڕێگەی دانوستانەوە لەژێر دەمامکی بەرقەرارکردنی ئاشتیدا، ئەوان بۆ تەسلیمبوون بانگهێشت بکات.

بانگهێشتکردن بۆ دانوستان ڕەنگە بەباش بێتەبەرچاو، بەڵام لەهۆڵی دانوستاندا لەوانەیە مەترسیگەلێکی زۆر لەکەمینی هێزە دیموکراتەکاندا بێت.

لەلایەکیترەوە، لەو هەلومەرجانەدا کە هێزە تێکۆشەرەکان بەڕاستی بەهێزن و هێزەکانی دیکتاتۆر بەڕاستی هەڕەشەیان لێدەکرێت، دیکتاتۆرەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن تا لەڕێگەی دانوستاندنەوە بەپێی



توانا کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر وڵات و داراییەکاندا بپارێزن، دیارە کە لەهیچکام لەم دۆخانەدا دیموکراتەکان نابێ بەدانیشتن لەسەر مێزی دانوستاندن، هاریکاریی بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی دیکتاتۆریی بکەن.

ئازادیخوازان پێویستە بەتەواوی سەرنجەوە، چاودێریی ئەو تەڵانە بکەن کە بەزۆریی لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە خراونەتە پرۆسیسی دانوستاندنەکەوە.

کاتێ مەسەلە بنچینەییەکانی وەکو ئازادییە سیاسییەکان لەئارادایە، بانگهێشتکردن بۆ دانوستاندن لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە، ڕەنگە هەوڵێك بێت بۆ تەسلیمبوونی ئاشتیانەی هێزە دیموکراتەکان و درێژەدان بەپرۆسیسی توندوتیژییەکانی دەوڵەت.

بانگهێشتکردن بۆ دانوستاندن، لەپێناو کۆتایهێنان بەدانوستاندن، تەنها لەدۆخێکدا پێویستە جێی ڕەزامەندی هێزە ئازادیخوازەکان بێت کە هێزی دیکتاتۆر بەتەواوەتی لەناوچووبێت و دیکتاتۆرەکە تەنها داوای ڕێگایەکی ئارام بکات تابگاتە یەکەمین فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی.

### *هێزو دادپەروەریی لەدانوستاندا

تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە دادوەریکردنە دەربارەی دانوستان، تێگەیشتنێکی پتر لەسنوری تورەیی بێتەبەرچاو، واپێویستە هەندێ لەدیدگا ڕۆمانتیکییەکانیش سەبارەت بەدانوستان کەمێ بگۆڕدرێن. بۆ تێگەیشتن لەپرۆسیسی دانوستان، پێویستمان بە بیرێکی کراوەو دوور لە دەست پێشخەری هەیە.

دانوستان بەمانای دانیشتنی دوولایەنی مشتومڕێك لەسەر مێزێكو گفتوگۆی بەرامبەر لەسەر کاروبارە مشتومڕاوییەکانو چارەسەرکردنی مەسەلە ناکۆکەکان نایەت کە دروستکەری مشتومڕەکە بوون. پێویستە دوو خاڵ وەبیر بهێنرێتەوە، یەکەم ئەمەیە کە لەدانوستاندا دادپەروەریی ڕێژەیی، دیدگای جۆربەجۆرو ئامانجەکان دەستنیشانکەری بابەتی دانوستاندنەکە نین. سەرەڕای ئەمە پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیردرێت کە ناوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنامەیەی بەرهەمی دانوستاندنەکەیە تا ئەندازەیەکی زۆر لەسەربنەمای مەودای هێزی هەردوولایەن، دەستنیشان دەکرێت.

بەرلە چوون بۆ سەر مێزی دانوستان، دەبێ پرسیارگەلێکی زۆر دژوار لەبەرچاوبگیردرێن. لەکاتێکدا کە لەپشت مێزی دانوستانەوە لایەنی بەرامبەر توانای گەیشتن بە بەڕێککەوتننامەی نەبێت، هەریەك لەلایەنەکان لەئایندەدا چ ڕێگایەکیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان هەیە؟ ئەگەر ڕێککەوتنامە بەدەستهێنرا، لەکاتێکدا کە لایەنێك بەڵێنەکەی خۆی بشکێنێتو بەپێچەوانەی بەڵێننامەکەوە هێزەکانی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی بەکاربهێنێت، لایەنی بەرامبەر دەتوانێ چ کارێك بکات ؟.

وتمان لە دانوستاندا، ڕێککەوتن لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی دروست یاخود نادروست بوونی بابەتە باسکراوەکانەوە بەدەست نایەت، هەرچەندە لەوانەیە لەبارەی ئەمجۆرە بابەتگەلانەوە زۆر باس بکرێت بەڵام دەرەنجامی کۆتایی لەسەربنەمای هەڵسەنگاندنی ڕێژەی هێزی ڕەهاو ڕێژەییانەی گروپە بەشداربووەکانەوە بەرهەم دێت.



دیموکراتەکان بۆ ئەوەی لەڕەت نەکردنەوەی لایەنی کەمی خواستەکانی خۆیان دڵنیابن، دەتوانن چ کارێك بکەن؟ دیکتاتۆرەکان بۆ دڵنیابوون لەپاراستنی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر وڵاتداو پوچەڵکردنەوەی هێزە نەیارەکان پێویستە چی بکەن؟ بەمانایەکیتر ئەگەر ڕێککەوتنامەیەك بەدەستهێنرا، پێدەچێت پتر لەهەمووان بەرهەمی خەملاندنی هەریەك لەلایەنەکان بۆ بەراوردکردنی مەودای پیادەکردنی هێزی هەردوولایەنی دانوستانەکەو پاشان ژمێرەکردنی کۆتایی تێکۆشانەکە بەشێوەیەکی کراوە بمێنێتەوە.

لە هەمانکاتدا پێویستە بایەخ بەم مەسەلەیە بدرێت کە هەریەك لەلایەنەکان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان، ئامادەن چاوپۆشی لەچ شتگەلێك بکەن ؟

لە دانوستاندنە سەرکەوتووەکاندا ئاشتی دێتەدی، ئەمەش واتا دابەشکردنی ناکۆکییەکان، هەرلایەنێك دەگاتە بەشێك لەوبەشەی دەیەوێت و واز لەبەشێکیش لە ئامانجەکانی خۆی دەهێنێت.

لە بارودۆخی دیکتاتۆریی ڕەهادا، هێزە پێشڕەوەکانی دیموکراسی چ شتێکیان بۆ سپاردن بە دیکتاتۆر هەیە؟ هێزە پێشڕەوەکانی دیموکراسی دەبێ کام لەخواستەکانی دیکتاتۆر قبوڵ بکەن؟ ئایا پێویستە کە دیموکراتەکان بەپێی دەستور ڕۆڵێکی پایەدار لەدەوڵەتی ئایندەدا بە دیکتاتۆر (چ پارتە سیاسییەکانو چ کوتلە سەربازییەکان) بدەن؟. لەمبارەدا چ شتێکی دیموکراسی دەمێنێتەوە؟.

تەنانەت ئەگەر وادابنێین هەموو شتەکان لەدانوستاندا باش بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەوکاتە پێویستە بپرسین: ئەنجامەکەی چ جۆرە ئاشتییەك دەبێت؟ ئایا ژیان لەو بارودۆخە باشتر دەبێت کە

دیموکراتەکان تێکۆشانیان دەستپێکردبوو یاخود ئەو کاتەی درێژەیان پێدەدا؟

### *ئەو دیکتاتۆرانەی سازشیان لەگەڵدا دەکرێت

دیکتاتۆرەکان لەوانەیە بزوێنەرو پاڵنەری جۆراوجۆریان بۆ دەسەڵات بەسەرداگرتن هەبێت وەك: هێز، پێگە، سامان، گۆڕانی فۆرمی کۆمەڵگاو بابەتە هاوشێوەکانی. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە لە کاتی کەنارگیری دیکتاتۆر لە پێگەی ئێستایان، هیچکام لەم ئامانجو پاڵنەرانە بۆ ئەو دەستەبەرنابن. لە دانوستاندا دیکتاتۆر هەوڵ دەدات تا ئامانجەکانی خۆی بپارێزێت.

سەرەڕای هەر بەڵێنو پەیمانێك کە دیکتاتۆر لەڕێککەوتنامەی بەرهەمی دانوستانەکەوە قبوڵی دەکات، نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە ئەم بەڵێنانەی بەئامانجی خستنەژێردەسەڵاتو چاودێریکردنی ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتەکان داوەو دیکتاتۆر هەرکاتێك بیەوێت، بێشەرمانە ڕێککەوتنامەکان دەخاتەژێرپێوە.

ئەگەر دیموکراتەکان بەمەبەستی دواخستنی سەرکوتکردنەکان، ڕاوەستاندنی تێکۆشان قبوڵ بکەن، بەئەگەرێکی زۆرەوە بێئەنجام دەمێننەوە.

ڕاگرتنی تێکۆشان بەنزیکەیی، هیچکاتێك نەبۆتەمایەی کەمبوونەوەی سەرکوتکردنەکان. هەتا لغاوی هێزە ئۆپۆزسیۆنە ناوخۆییو دەرەکییەکان لەبەرامبەر دیکتاتۆردا دابنرێت، ڕەنگە دڕندانەتر لەپێشووی فشارو توندوتیژی پیادە بکات.



لەناوچوونی بەرگرییە جەماوەرییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هێزە بەرگرییە لەناودەبات کە دەبێتەمایەی سنوردارکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دیکتاتۆرەوە. فەرمانڕەوای تۆتالیتار لەم هەلومەرجەدا دەتوانێ دژ بەهەرکەسێك کە بیەوێت، کاربکات. بەهەمانشێوەی (کریشنالاڵ شریدهارانی) وتویەتی:"فەرمانڕەوای تۆتالیتار تەنها بەهۆی نزمبوونی توانستی ڕووبەڕووبونەوە لەئێمەدا، هێزی لێدانمان پەیدا دەکات".

بەرگریی –نەك دانوستان– بۆ دروستکردنی گۆڕان لەو کێشمەکێشانەدا زۆر گرنگە کە تیایدا باسەکە لەسەر بابەتە بنچینەییەکانە. نزیکەی لەتەواوی بوارەکاندا، پێویستە بەرگریی تا دەرکردنی تەواوەتیانەی دیکتاتۆر لەدەسەڵاتەکەی بەردەوام بێت. سەرکەوتن لەزۆربەی پێگەکاندا، نەك لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی بەرهەمی دانوستانەوە بەڵکو لە ڕێگەی سودوەرگرتنی هۆشمەندانە لە گونجاوترینو بەهێزترین ڕێچکەی بەرگرییەوە دەستەبەردەکرێت. باسوخواسی ئێمە –بەهەمانشێوەی لە فەسڵەکانی دواتردا بەشرۆڤەکردنەوە دەخرێتەڕوو– ئەمەیە کە تێکۆشانی سیاسی یاخود تێکۆشانی ناتوندوتیژیی، بەهێزترین ئامرازی تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی.

### *چۆن ئاشتییەك؟

ئەگەر لەبنەڕەتدا وابڕیاربێت کە دیموکراتەکانو دیکتاتۆرەکان لەگەڵ یەکتردا دانوستان بکەن، بەهۆی ئەو مەترسییانەی کە هەیە پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی زۆر وردە. هەرکەسێ زاراوەی ئاشتی بەکاردەهێنێت،

مەرج نییە مەبەستی لە ئاشتییەك بێت لەگەڵ ئازادیو دادپەروەرییدا. ملکەچی ڕەها لەبەرامبەر ستەمو قبوڵکردنی شەرمەزارانەی دیکتاتۆرە ستەمکارەکان کە دژ بەسەدان هەزار مرۆڤ دڕندەییەتیان نواندووە، ئاشتی نییە. هێتلەریش بانگەشەی ئاشتی دەکرد. ئەو ئاشتییەی کە مەبەستەکەی ملکەچکردنی بێچەندوچون بوو لەبەرامبەر دەسەڵاتی خۆیدا. ئاشتی دیکتاتۆر، بەشێوەیەکی گشتی شتێکی پتر لە ئارامگرتن لەزیندانو گۆڕستاندا نییە.

کۆمەڵە مەترسییەکیتریش هەن. ئەو دانوستانانەی بەنیەتێکی باش دەستیان پێکردووە، هەندێکجار لە ئامانجەکانیداو تەنانەت لە خودی پرۆسیسی دانوستاندنەکەدا دووچاری سەرگەردانی دەبن. سەرەڕای ئەمە، دانوستێنەرانی لایەنگری دیموکراسیو یاخود پسپۆڕانی دانوستانی دەرەکی کە هاریکاریی کردنی پرۆسیسی دانوستاندنەکەیان قبوڵ کردووە، لەوانەیە لەهەنگاوی یەکەمدا ڕەواییەتێکی (مەشروعییەتێکی) لۆکاڵی یاخود نێودەوڵەتی بدەن بەدیکتاتۆر کە بەرلەمە، بەهۆی فاکتەری جۆراوجۆرەوە وەك هەڵسوکەوتی نایاسایی دەوڵەت، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، خوێنڕشتنەکانو... نەیبوویێت. بەبێ بوونی ئەم ڕەوایەتە (مەشروعییەتە) سەختو پێویستە، دیکتاتۆرەکان ناتوانن درێژە بەفەرمانڕەوایی بێسنورانەی خۆیان بدەن. نوێنەرانی ئاشتی نابێ ڕەوایی بۆ دیکتاتۆرەکان فەراهەم بکەن.



***هۆکارەکانی ئومێدەواربوون**

بەهەمانشێوەی بەرلەمە ئاماژەی بۆ کرا، ڕێبەرانی هێزە جۆربەجۆرەکان لەوانەیە بەهۆی نائومێدبوونیان لەتێکۆشانە دیموکراسییەکان پشت بەدانوستان ببەستن، بەڵام ئەم هەستە لاوازو نائومێدە شیاوی گۆڕانە. دیکتاتۆریی بەردەوام نییە. ئەو خەڵکەی لە ژێر حکومڕانی دیکتاتۆرییدا دەژین، نابێ بەلاوازیی بمێننەوەو نابێ ڕێگە بە دیکتاتۆرەکانیش بدرێت تا بەشێوەیەکی ناسنوردار بەبەهێز بمێننەوە.

(ئەرستۆ) سەدەها ساڵ لەمەوپێش وتویەتی:"ئۆلیگارشیو حکومەتە تۆتالیتارەکان کەمترین تەمەنیان لەنێوان جۆرەکانی سیستەمەکاندا هەیە... بەدرێژایی مێژوو، حکومەتە تۆتالیتارەکان هیچکاتێك تەمەنێکی درێژیان نەبووە".

دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆش شیاوی زیانپێگەیاندنو دەتوانرێ زیاتر لاواز بکرێنو هێزی دیکتاتۆرەکان کەم بکرێتەوە. (لەفەسڵی چوارەمدا بەشرۆڤەیەکی زیاترەوە باس لەم خاڵە لاوازانە دەکەین).

مێژووی هاوچەرخ توانستی زیان گەیاندن بەدیکتاتۆرەکانی نیشان داوەو ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم حکومەتانە لەوانەیە لەماوەی کاتێکی تاڕادەیەك کورتدا هەڵبوەشێن. تەنها لەدەیەی (١٩٨٠-١٩٩٠) بەس بوو تا دیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیستەکان یۆلۆنیا، لەئەڵمانیای خۆرهەڵاتو لە چیکۆسلۆڤاکیا کە لە (١٩٨٩)دا ئەم کاتە لەچەند هەفتەیەك درێژەی نەکێشا، ڕووخان.

لەسلڤادۆرو گواتیمالا، تێکۆشانە تەواو ئامادەباشکراوەکان دژ بە دیکتاتۆرە میلیتارەکان، هەرکامیان تەنها دوو هەفتە کاتیان ویست. ڕژێمی میلیتاریی بەهێزی شای ئێران لەماوەی چەند مانگێکدا ڕووخا.

لە (١٩٨٦) دیکتاتۆرییەتی مارکۆ لە فیلیپین لەبەرامبەر فشارە جەماوەرییەکاندا، لەماوەی چەند هەفتەیەکدا شکستی خوارد. دەوڵەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاتنەئارای هێزی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەخێرایی وازی لەپشتیوانی مارکۆی سەرۆک کۆمار هێنا. لەیەکێتی سۆڤییەتو لەئابی (١٩٩١) هەوڵدان بۆ کودەتایەکی دواکەوتووانە لەماوەی چەند ڕۆژێکدا تێکۆشانی سیاسیانەی خەڵك ڕاوەستێنرا. دوای ئەوەش، زۆربەی ئەو دەنگدەرانەی کە ساڵەهای ساڵ لەژێردەسەڵاتدابوون، تەنها لەماوەی چەند ڕۆژێك، چەند هەفتەیەکو یاخود چەند مانگێکدا توانیان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن.

ئەم باوەڕە گشتییە نەرێتییەی کە ئامێرە توندوتیژئامێزەکان هەمیشە بەخێرایی کاردەکەنو لە بەرامبەردا ئامێرە ناتوندوتیژییەکان هەمیشە پێویستیان بەکاتێکی زۆر هەیە بۆ سەرکەوتن، لە هیچ ڕوویەکەوە ڕاست نییە. هەرچەندە بۆ دروستکردنی گۆڕان لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگادا، بەگشتی کاتێکی زۆری پێویستە بەڵام لەتێکۆشانە ناتوندوتیژییەکاندا نەبەردی ڕاستەقینە دژ بە دیکتاتۆریی تاڕادەیەك بەخێرایی ڕوو دەدات.

دانوستان لەلایەکەوە تەنها بابەتێك بۆ خۆپاراستن لەدرێژەدان بەجەنگێکی وێرانکەرو لەلایەکیتریشەوە تەسلیمبوون بەدیکتاتۆر. ئەو نمونانەی خرایەڕوو –لەگەڵ نمونەکانی فەسڵی یەکەمدا– نیشانی



دەدات کە هەرکەسێك ئاشتیو ئازادی بەیەکەوە بوێت، چانسێکیتریشی هەیە: ئەویش تێکۆشانی سیاسییە.

## بەشی سێیەم

# دەسەڵات لەکوێوە دێت؟

بەشێوەیەکی ڕەها دەستەبەرکردنی ئازادی لەڕێگەی ئاشتییەوە کارێکی سادە نییەو گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستی بەلێهاتووییەکی باڵای ستراتیژیی، دامەزراوەیی و بەرنامەدارشتن هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، گەیشتن بەئازادی پێویستی بەهێزێکیش هەیە. دیموکراتەکان بەبێ بەکارهێنانی کاریگەرانەی هێزی خۆیان، ناتوانن ئومێدیان بە هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆری و دامەزراندنی ئازادیی سیاسی هەبێت. بەڵام دەستەبەرکردنی ئەم کارە چۆن دێتەدی؟ دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکان توانای ئامادەباشکردنی چ جۆرە هێزێکیان هەیە کە بەس بێت بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرەکان بەسەرجەم تۆڕە سەربازیی و پۆلیسیەکانییەوە؟. وەڵامی ئەم پرسیارە بەزۆریی لە تێگەیشتنی چەمکی لەبەرچاونەگیراوی هێزی سیاسیدا حەشاردراوە.



پەیبردن بەم دیدگایە کارێکی سەخت نییە، هەندێ لە هەقیقەتە بنەڕەتییەکان زۆر سادەن.

### *ئەفسانەی ئاغای مەیمونەکان

سیناریۆیەکی چینی و پەیوەندیدار بەسەدەی چواردەهەمی (لیۆ جی) –بەنمونە– بەباشی چەمکی ناهۆشیاری ڕاستەقینەی هێزی سیاسی ئاشکرا دەکات:

((لە پارێزگای ملوک لە تیرەکانی (چو)دا، پیرەمێردێك دەژیا کە مەیمونەکانی خستبووە خزمەت خۆیەوە. خەڵکی (چو) پێیان دەوت (چو– کۆنگ) واتا ( ئاغای مەیمونەکان).

پیرەمێرد هەموو سپێدەیەك، مەیمونەکانی لەدەوروبەری خۆی ڕیزدەکرو فەرمانی بەپیرترینیان دەدا تا ڕێنمایی مەیمونەکانیتر بەرەو شاخەکان بکات بۆ چنینەوەی میوەی گژوگیاو درەختەکان. یاساکەشی ئەمەبوو کە هەر مەیمونێك دەبوایە (١٠/١)ی میوە کۆکراوەکانی خۆی بەپیرەمێردەکە بدات. ئەوانەی لەم کارە سەرپێچیان دەکرد، بێبەزەییانە دارکاریی دەکران. هەموو مەیمونەکان لەم ژیانەدا لە ڕەنجدا بوون، بەڵام هیچکامیان جورئەتی سکاڵایان نەبوو.

ڕۆژێك، مەیمونێکی بچوك لە مەیمونەکانیتری پرسی:"ئایا پیرەمێردەکە ئەم درەخت و گیای میوانەی ڕوواندووە؟". ئەوانیتر وەڵامیان دایەوە:" نەخێر! ئەوانە لەسروشتدا گەشەیان کردووە". مەیمونە بچوکەکە دووبارە پرسیاری کردەوە:"ئایا ئێمە بەبێ ڕێگەپێدانی پیرەمێردەکە ناتوانین میوە بچنین؟". ئەوانیتر وەڵامیان دایەوە:" بەڵێ، دەتوانین". مەیمونە بچوکەکە درێژەی پێدا:" کەواتە

بۆچی دەبێ وابەستەی پیرەمێردەکە بین؟ بۆچی دەبێ خزمەتی ئەو بکەین؟". تەنانەت بەرلەوەی مەیمونە بچوکەکە قسەکانی خۆی تەواوبکات، هەموو مەیمونەکان بەخێرایی هۆشیارو بێدار بوونەوە.

لەهەمان شەودا، دوای نوستنی پیرەمێردەکە مەیمونەکان تۆڕەکانو حەسارەکانی دەوروبەری ژینگەکەیان تێك داو لەمپەرەکانیان لەناوبردو خۆیان ئازاد کرد. هەروەها مەیمونەکان ئەو میوانەی پیرەمێردەکە لە ئەنباردا کۆی کردبۆوە، لەگەڵ خۆیاندا بردیانە جەنگەڵەکەو هەرگیز نەگەڕانەوە. سەرەنجام پیرەمێردەکە لە برساندا گیانی سپارد.))

(ڕو-لی-زی) دەڵێت:" لەجیهاندا هەندێ مرۆڤ بەفرتوفێڵ نەك بەیاسادادپەروەرەکان، حکومڕانی بەسەر خەڵکەکانیاندا دەکەن. ئایا ئەم خەڵکە وەك ئاغای مەیمونەکان نین؟ ئەم خەڵکانە ئاگاداریی نەزانێتی خۆیان نین، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر خەڵکی هۆشیار ببنەوە، فرتوفێڵەکانیان ئیدی کاریگەری نامێنێت.".

***سەرچاوە پێویستەکانی دەسەڵاتی سیاسی**

بنەمای بابەتەکە سادەیە. دیکتاتۆرەکان پێویستیان بەهاوکاری ئەو خەڵکەیە کە حکومڕانیان بەسەردا دەکات. ئەو هاوکارییەی کە دیکتاتۆرەکان بەبێ ئەوە، نەیاندەتوانی سەرچاوەی هێزی سیاسی خۆیان دابین بکەنو بیهێڵنەوە. ئەم سەرچاوەیەی هێزی سیاسی، ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

*ڕەوایی (مەشروعییەت): ڕایگشتی لەناو خەڵکدا سەبارەت بەئەوەی کە حکومەتەکە یاساییەو ئەوان ئەرکێکی ئاکاریانەیان بۆ ملکەچ بۆکردنی هەیە.



*سەرچاوە مرۆییەکان: ژمارەو گرنگی ئەو کەسو گروپانەی ملیان بۆ حکومڕانەکان کەچ کردووە، هاریکاریان کردوون یان یاریدەی حکومڕانان دەدەن.

*لێهاتوویی و زانست: حکومەت بەمەبەستی ئەنجامدانی کارەکانی خۆی، بەتایبەتی پێویستی پێیەتیو و لەلایەن کەسانو یاخود گروپە یاریدەدەرەکانەوە دابین دەکرێت.

*فاکتەرە نەبینراوەکان: فاکتەرە سایکۆلۆژییو ئایدۆلۆژییەکانن کە لەوانەیە هانی خەڵك بدات بۆ ملکەچی بۆ فەرمانڕەوایانو یارمەتیدانیان.

*سەرچاوە مادییەکان: ڕێژەیەکە لەو دەستەبەرکردنو چاودێرییەی کە فەرمانڕەواکان بەسەر داراییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، سەرچاوە داراییەکان، سیستەمی ئابوریو ئامرازەکانی پەیوەندیو هەڵگرتنو گواستنەوەدا هەیەتی.

* تاوانەکانو سزادانەکان: پیادەکردنو یاخود هەڕەشەی پیادەکردنی سزادان دژبە لادەران یاخود ئەو کەسانەی کەمتەرخەمی لە هەماهەنگیدەکەن بەمەبەستی دڵنیابوون لە ملکەچیو هەماهەنگیان. ئەو ملکەچیو هەماهەنگییەی کە بۆ مانەوەی ڕژێمو جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیشی زەروورییە.

بەهەرحاڵ تەواوی ئەم سەرچاوانە، وابەستەن بە قبوڵکردنی ڕژێم، گوێڕایەڵیو ملکەچی خەڵكو هەماهەنگی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فەرمانڕەواکان. گرەنتییەکیش بۆ بەردەوامبوونی هیچکام لەم سەرچاوانە نییە.

هاوکاری کامڵ و ملکەچی و پشتیوانی خەڵك، دەستگەیشتنی فەرمانڕەواکان بۆ سەرچاوەکانی هێز زیاتر دەکات و سەرەنجام مەودای هێزی دەوڵەت زۆر دەکات.

لەلایەکیترەوە پاشەکشەی هاوکاریی هێزە جەماوەرییەکان و دامەزراوەکان لە شالاوبەرو دیکتاتۆرەکان، دەستگەیشتنی دیکتاتۆرەکان بەو هێزە سیاسییەی کە بۆ مانەوەیان پێویستە، کەمتر دەکاتەوەو یا بەگشتی لەناوی دەبات. بەبێ دەستەبەرکردنی ئەم سەرچاوانە، دەسەڵاتی دیکتاتۆر کەم دەبێتەوەو سەرەنجام لەناودەچێت.

سروشتییە کە دیکتاتۆرەکان هەستەوەرن سەبارەت بەو کارو بیروباوەڕانەی هەڕەشە لە توانای خۆپاراستنیان دەکات. لەبەر ئەم فاکتەرە، دیکتاتۆرەکان ئەوانە سزا دەدات کە سەرپێچیان کردووە، مانیان گرتووە یاخود خۆیان لەهاوکاریکردن لاداوە. بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. سەرکوتکردن –تەنانەت دڕندایەتیش– هەمیشە نابێتەمایەی سنوردانان بۆ ئەو ملکەچی و هەماهەنگییەی کە بۆ مانەوەی ڕژێم پێویستە.

ئەگەر – لەگەڵ بوونی سەرکوتکردندا– بتوانرێ بۆ ماوەیەکی کاتی تەواو، سەرچاوەکانی هێز سنودار بکرێت و یاخود تەنانەت ببڕدرێت، یەکەمین ئەنجامی لەوانەیە هاتنەئارای گومان و دەستەپاچەیی بێت لەناو ڕژێمی دیکتاتۆریدا. ئەم مەسەلەیە بەلاوازبوونی ئاشکرای هێزی دیکتاتۆر درێژە دەکێشێت. بەدرێژایی کات، کەمتەرخەمیکردن لەسەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر بۆتەمایەی ئیفلیجبوون و سیستی ڕژێمەکەو لە مەسەلە توندترەکاندا، دەبێتەمایەی هەرەسهێنانی ڕژێم.



دەسەڵاتی دیکتاتۆر دڕەنگ یاخود زوو لە وشکەساڵی سیاسیدا، دەمرێت.

بەپێچەوانەی پێشبینی گشتییەوە، تەنانەت دیکتاتۆرە داخراوەکانیش وابەستەی ئەو خەڵك و کۆمەڵگایەن کە حکومڕانیان بەسەردا دەکەن. بەهەمانشێوەی کە بیرمەندی سیاسی (کارل دەبلیو دۆچ) لەساڵی (١٩٥٣)دا خستویەتەڕوو:

"هێزی تۆتالیتار تەنها ئەو کاتە بەهێزە کە زۆر بەکارینەهێنێت، ئەگەر وابڕیاربێت هێزی تۆتالیتار بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەسەر خەڵکی ژێردەسەڵاتیدا پیادەبکرێت، بەدوور دەزانرێت ماوەیەکی درێژخایەن بمێنێتەوە. لەو شوێنانەدا کە حکومەتە تۆتالیتارەکان بەبەراورد لەگەڵ مۆدیلەکانیتری دەوڵەتاندا، لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ خەڵك پێویستییەکی زۆرتری بە بەکارهێنانی زۆرەملێ هەیە. بەمپێیە پێویستیان بە پێگەیەکی جەماوەریانەترو پشتیوانییەکی بەرفراوانتریش هەیە. سەرەڕای ئەمە، ئەوان پێویستە بتوانن لە کاتە پێویستەکاندا پشتیوانی کارایانەی بەشە مەزنەکانی کۆمەڵگا بکەن."

(جۆن ئۆستین)ی تیۆریستی فەرمی سەدەی (١٩)ی بەریتانیا ئەو بارودۆخە دیکتاتۆرییەی کە ڕووبەڕووی خۆشنەویستنی خەڵك بۆتەوە، شرۆڤە دەکات. ئۆستین باس لەوەدەکات کە ئەگەر زۆرینەی خەڵك بڕیاری لەناوبردنی حکومەتێك بدەن و لەم ڕێگایەدا تەنانەت ئامادەی بەرگەگرتنی سەرکوتکردنەکانیش بن، هەوڵی حکومەت و ئەو کەسانەی کە بەرگریی لێدەکەن، تەنانەت لەکاتی وەرگرتنی کۆمەکی دەرەکیشدا بەرهەمێکی نابێت. ئۆستین دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانرێ

بەزۆرەملێ خەڵکی تێکۆشەر لەبارودۆخی ملکەچپێکردن و کۆت وبەندی هەمیشەییدا بهێڵدرێتەوە.

نیکۆلا میکاڤیلیش زۆر بەر لەئەمانە، باسی لەمە کردبوو کە "میر... کە توێژێکی خەڵکی وەك دوژمن لەبەرامبەر خۆیدا هەیە، ناتوانێ پارێزگاریی لەخۆی بکات و هەتا ستەمی زۆرتر بکات، ڕژێمەکەشی لاوازتر دەبێت".

نمونەی سیاسیانەی پیادەکردنی پراکتیکی ئەم دیدگایانە، دەتوانرێ بەهەمانشێوەی کە لەفەسڵی یەکەمدا ئاماژەی بۆ کرا لە خۆپیشاندانی ئەو نەرویجییە قارەمانانەی کە لەبەرامبەر داگیرکاریی نازییەکاندا بەرگرییان کرد، لەتێکۆشانی دلێرە مەجەرییەکان، ئەڵمانییەکان، چیکەکان، سلۆڤاکییەکان و تێکۆشانی ئەو خەڵکانەیتردا ببینرێت کە دژ بەدیکتاتۆرییەتی کۆمۆنیستەکاندا جەنگان و سەرەنجام بووبەمایەی شکستی کۆمۆنیزم لەئەوروپا.

هەڵبەتە بەدڵنیاییەوە ئەم مەسەلەیە دیاردەیەکی نوێ نییە، بوارەکانی بەرگریی ناتوندوتیژییانە لایەنی کەم بۆ ساڵی (٤٩٥ی بەرلەزایین) دەگەڕێتەوە، کاتێك کە چین وتوێژەکانی خەڵك هاریکاریی خۆیان لەگەڵ خانەدانە ڕۆمییەکاندا بڕی.

تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان سەرەڕای ئەوروپا، چەندینجاریش لەلایەن خەڵکی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکا، ئوسترالیاو دوورگەی پاسفیکەوە پیادە کراوە.



## *ناوەندەکانی دەسەڵاتی دیموکراسی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا دیموکراسییەکان، بوونی گروپ و دامەزراوە جۆربەجۆرە نادەوڵەتی و سەربەخۆکانە لەحکومەتدا. ئەم گروپ و دامەزراوانە بۆ نمونە بریتین لە خێزانەکان، ڕێکخراوە مەزهەبییەکان، ئەنجومە کلتورییەکان، یانە وەرزشییەکان، دامەزراوە ئابوورییەکان، یەکێتییە بازرگانییەکان، ئەنجومەنە قوتابی و خوێندکارییەکان، پارتە سیاسییەکان، کەسانی نیشتەجێی گوندێك، ئەنجومەنەکان دراوسێیەتی، یانەکانی باغەوانی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، گروپە موزیکییەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و...

ئەم دامەزراوانە، بەهەمانشێوەی بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن، ڕۆڵێکی گرنگیان لە وەڵامدانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لەئەستۆدایە.

سەرەڕای ئەمانە، ئەم دامەزراوانە چەمکگەلێکی سیاسی گرنگیشیان هەیە. ئەوان زەمینەگەلێك دروست دەکەن کە لەوڕێگەیەوە خەڵك بتوانێ کاریگەرییان لەسەر بەئاراستەبردنی کۆمەڵی خۆیان هەبێت و لەبەرامبەر گروپەکانیترو دەوڵەتدا –بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە هەست دەکەن بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دەستدرێژی لەخواستەکانیان دەکرێت– بەرگریی بکەن. ئەو کەسە تەنهایانەی ئەندامی ئەم گروپانە نەبن، ناتوانن فشارێکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگا،و لەوەش کەمتر لەسەر دەوڵەت و بەدڵنیایشەوە ناتوانن هیچ فشارێ لەسەر دیکتاتۆر دروست بکەن.

دەرەنجامی باسەکەی سەرەوە ئەمەیە کە ئەگەر دیکتاتۆر بتوانێ ئازادیو سەربەخۆیی لە دامەزراوە سەربەخۆ نادەوڵەتییەکان وەربگرێتەوە، خەڵك تاڕادەیەك لاواز دەبن. هەروەها ئەگەر ئەم دامەزراوانە خۆیان بەشێوەی دیکتاتۆرانە لەلایەن ڕژێمی ناوەندییەوە بەڕێوەببردرێنو یاخود ڕێکخراوە نوێو کۆنترۆڵکراوەکان ببنە ئەلتەرناتیڤیان، دەتوانن فاکتەرێك بن بۆ خستنەژێردەسەڵاتی خەڵكو بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ.

بەهەرحاڵ ئەگەر بتوانرێ ئازادیو سەربەخۆیی ئەم دامەزراوە سەربەخۆ مەدەنییانە (لەدەرەوەی بازنەی کۆنترۆڵی دەوڵەت) بەدەست بهێنرێت، هەبونی ئەم دامەزراوانە ڕەگەزێکی زۆر گرنگ دەبن بۆ تێکۆشانی سیاسی.

خاڵی هاوبەشی تەواوی ئەو نمونانەی لە شکستو یاخود لە لاوازیی دیکتاتۆرەکانەوە لەم کتێبەدا باس کراوە، پراکتیزەکردنی بەرفراوانانەو ئازایانەی تێکۆشانی سیاسییە لەلایەن خەڵكو دامەزراوەکانی سەربەئەوانەوە.

بەهەمانشێوەی کە باس کرا، ئەم ناوەندانە هێزی بنچینەیی دامەزراوەکان پێکدەهێنن کە خەڵك لە ڕێگەیانەوە دەتوانن فشار بخەنە سەر دیکتاتۆرو ڕووبەڕووی ببنەوە. لە ئایندەشدا ئەم دامەزراوانە بەشێك دەبن لە سیستەمی کۆمەڵگایەکی ئازاد. لەبەرئەم هۆیە، سەربەخۆییو گەشەی بەردەوامی ئەوان، پێداویستییەکی بەراییانەیە بۆ سەرکەوتنی تێکۆشانە ئازادیخوازەکان.

ئەگەر دیکتاتۆریی لەپانتاییەکی بەرفراواندا، بۆ لەناوبردنو یاخود خستنەژێر کۆنترۆڵی دامەزراوە سەربەخۆ کۆمەڵایەتییەکاندا سەرکەوتوو



بێت، بەلای هێزە بەرگرییەکانەوە زۆر گرنگ دەبێت کە ڕێکخراوی نوێیان دروست کردووەو یاخود کۆنترۆڵی دیموکراسیانەیان بۆ دامەزراوەکانی پێشوو گەڕاندۆتەوە.

لەماوەی شۆڕشی مەجارستان لەساڵانی (١٩٥٦و١٩٥٧)دا، زۆر کۆمەڵەی لۆکاڵیانەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ هاتنەئاراو تەنانەت بۆ چەند هەفتەیەك، بەیەکگرتن لەگەڵ یەکتردا سیستەمێکی حکومڕانی یەکگرتوویان لەو ئەنجومەنانە دامەزراند. لە پۆلۆنیا لە دەیەی (١٩٨٠)شدا، کرێکاران یەکێتییەکی هاوپەیمانی نایاساییانەیان دروست کرد کە لەچەندین بواردا تەنانەت توانی یەکێتییە ڕەسمییەکانی ژێر چاودێریی کۆمۆنیستەکانیش بخاتەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەمجۆرە بەرفراوانکردنەی دامەزراوەکان، دەتوانێ دەرەنجامی سیاسی گرنگی هەبێت.

بەدڵنیاییەوە هیچکام لەم قسانە بەم مانایە نییە کە لاوازکردنو شکستدانی دیکتاتۆرەکان کارێکی سادەیەو ئەمەش نابێ بەمجۆرە بخوێندرێتەوە کە تەواوی هەوڵەکان، نزیکە بەسەرکەوتن. بەدڵنیایەوە مانای ئەم قسانە ئەمە نییە کە تێکۆشان زیانی نابێت لەبەرئەوەی ئەوانەی ئێستا لەخزمەت دیکتاتۆرەکاندان، ڕەنگە بۆ ناچارکردنی خەڵك بۆ هەماهەنگیو ملکەچکردن، دەست بۆ هەموو هەوڵێك ببەن.

تێڕوانینەکەی سەرەوە دەربارەی دەسەڵات بەم مانایەیە کە پارچەپارچەکردنی ئەنقەست و هەڵوەشانەوەی هەر دیکتاتۆرێك، دێتەدی.

دیکتاتۆرەکان بەشێوەیەکی تایبەتی خاوەنی خەسڵەتگەلێکی تایبەتین کە لەبەرامبەر تێکۆشانە سیاسییە لێهاتووەکاندا بەتوندی

زیانیـــان پێـــدەگات. ڕێگـــەمان بـــدەنێ تـــا وردەکـــاریی زیـــاتری ئـــەم تایبەتمەندییانە شرۆڤەبکەین.

## بەشی چوارەم

# دیکتاتۆرییەکان کەموکوڕیان هەیە

دیکتاتۆرەکان بەگشتی بەشکست نەخواردوو دێنەبەرچاو. لەم حکومەتانەدا ڕێکخراوە سیخوڕییەکان، پۆلیس، هێزە سەربازییەکان، زیندانەکان، گرتووخانەکان و دەستەکانی لەسێدارەدان، سەرجەمیان لەلایەن ژمارەیەکی کەم لەدەسەڵاتدارانەوە بەڕێوەدەبردرێن.

سەرمایە میللییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان و توانستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەش بەڕێبازێکی تۆتالیتارانە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە تاڵان دەکرێ و بۆ پشتگیریی لەئامانجەکانیان خەرج دەکرێت.

لەبەرامبەردا، دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکان زۆر بەلاوازو ناکاریگەرو بێتوانا دێنەبەرچاو. وێنای ئەو شکست نەخواردنە لەبەرامبەر ئەم کەموکوڕیەدا، ئەگەری بوونی هەرجۆرە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر لەهزردا دەسڕێتەوە. بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە.



***دەستنیشانکردنی پاژنەی ئەشیل**

ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆن جەستەیەکی پتەوی خەیاڵی بەباشی ئاشکرادەکات کە چۆن زیان دیدە دەبێت.

هیچ تیرێك زیانی بە پاژنەی (ئەشیل)ی جەنگاوەر نەدەگەیاندو هیچ شمشێرێك کاریگەریی لەسەر جەستەی نەبوو. لەبەرئەوەی کاتێك کە (ئەشیل) منداڵێکی گچکە بوو، دایکی لە ئاوی ڕووباری سیحراویی (ئەتێکس)دا نقومی کردبوو کە جەستەی لە هەرجۆرە زیانێك دەپاراست. بەڵام لەم نێوانەدا گرفتێك هەبوو، لەو شوێنەدا کە دایکی (ئەشیل) پاژنەی منداڵەکەی خۆی گرتبوو بۆ نقوم کردنی لە ئاوەکەدا، ئاوە سیحراوییەکە نەگەیشتە پاژنەپێی (ئەشیل).

کاتێك (ئەشیل) بووە پیاوێکی گەورە، لەبەرامبەر چەکی سەرجەم دوژمنەکاندا، زیانی پێنەدەگەیەندرا. بەڵام سەرەنجام لەجەنگی تروادا، بەڕێنمایی کەسێك کە ئاگاداری خاڵە لاوازەکەی بوو. یەکێك لەسەربازانی دوژمن تیرێکی گرتە پاژنەی ئەشیل کە تەنها شوێنی جەستەی بوو بتوانرێ زامدار بکرێت.

ئەم هێرشە بۆ ئەشیل، مەرگهێنەر بوو. لەمڕۆشدا چەمکی (پاژنەی ئەشیل) ئاماژەیە بۆ بەشی هەستیارو خاڵی لێدانی کەسەکان، بەرنامەکان و دامەزراوەکان کە لەکاتی هێرش کردنە سەریاندا، توانای خۆپاراستنیان نییە.

ستانداردێکی لەوشێوەیە بۆ دیکتاتۆرە ستەمکارەکانیش ڕاستە. دەتوانرێ دەست بەسەر هەموو دیکتاتۆرییەکاندا بگیردرێت، بەڵام

لەکاتێکدا کە خاڵی لاوازی بناسرێت و تەرکیزیان بکرێتەسەر، ئەم سەرکەوتنە زۆر بەخێراترو بەبودجەیەکی کەمتر بەدەست دەهێنرێت.

***کەموکورییەکانی دیکتاتۆری**

لەخوارەوەدا دەتوانرێ ئاماژە بۆ ئەم کەموکورییەکانی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان بکرێت:

١- لەوانەیە هاوکاری ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵك و گروپ و دامەزراوانەی کە بۆ میکانیزمی کارکردنی سیستەمەکە پێویستن، سنوردار بکرێت یاخود بڕدرێت.

٢-پێداویستی و دەرەنجامەکانی سیاسەتەکانی ڕابردووی ڕژێم، هەندێکجار توانستی قبوڵکردن و پراکتیزەکردنی سیاسەتە نوێیەکان سنوردار دەکات یاخود لێی دەسەنێتەوە.

٣-لەوانەیە سیستەمەکە لەمیکانیزمی کارکردنی خۆیدا، تووشی هەر ڕۆژە سیاسەتێك بێت لەئەنجامدا توانای خۆگونجاندنی خێرای لەگەڵ ڕووداوە نوێیەکاندا نەبێت.

٤-ئەو کەس و سەرچاوانەی بۆ ئەنجامدانی ئەرکە هەنوکەییەکان تەرخان کراون، ڕەنگە ئامادەگیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە نوێیەکان نەبێت.

٥-کەسانی ژێر دەسەڵاتیان لەوانەیە لە ترسی دروستبوونی ناڕەزایەتی سەروو خۆی، زانیاری ڕاست و تەواو نەخەنە بەردەست دیکتاتۆرەکان کە بۆ بڕیاردان پێویستیان پێیەتی.

٦-لەوانەیە ئایدۆلۆژییەکان کۆن بن و ئەفسانەو سیمبولەکانی سیستەمەکە پایەدارێتی خۆیان لەدەست بدەن.



٧-ئەگەر ئایدۆلۆژییەکی بەهێز خرابێتەڕوو کە لەڕوانگەی تاکەکەسەوە کاریگەری لەسەر هەقیقەت دابنێت، پابەندبوونی زیادلەسنور پێوەی لەوانەیە ببێتەمایەی پشتگوێ خستنی هەلومەرج و پێداویستییە ڕاستەقینەکان.

٨- لەناوچوونی کارایی و جەختکردنەوەی زیاد لە سنور لەسەر بۆرۆکراسی و پیادەکردنی ڕێکخستنی ناوەندی کۆنترۆڵە زیادبەدەرەکان، لەوانەیە سیاسەتەکان و پیادەکردنی سیستەمەکە ناکارا بکات.

٩-ناکۆکییەکانی دامەزراوەکانی ناوخۆو ململانێ یاخود تەنانەت دژایەتییە تاکەکەسییەکانی نێوان تاکەکان، لەوانەیە کێشە بخاتە میکانیزمی دیکتاتۆرییەوەو پارچەپارچەی بکات.

١٠-ڕووناکبیران و خوێندکاران لەوانەیە لە بەرامبەر هەلومەرج و سنوردارکردنەکان و دۆکتۆریین گەرایی[١] سەرکوتکردنەکاندا بێبڕست بن.

١١-توێژی خەڵك لەوانەیە بەدرێژایی کات لە هەمبەر دوژمن، بێلایەن یا بەگومان بن یا تەنانەت ببنە دووژمنیشی.

١٢-هەریەك لە ناکۆکییە ناوچەییەکان، چینایەتییەکان، کلتوریی و نەتەوەیەکان لەوانەیە بگەنە تروپك

١٣-هیرارکییەتی دەسەڵات لە حکومەتە تۆتالیتارییەکاندا هەمیشە خاوەنی چەند پلەیەکی ناسەقامگیرە. هەندێکجاریش ئەم ناسەقامگیرییە زۆر زۆرە. کەسەکان نەك تەنها لە پلەبەندی تایبەت بەخۆیاندا

---

[١] دۆکتۆریین گەرایی: واتە ئەو بیرو بروایەی کە زۆرینەی سیاسەتمەدارەکان و سەرۆك کۆمارەکان لەسەر تێزێکی بەرفراوان لە جیهاندا بڵاوی دەکەنەوە. وەکوو "شەڕی ئەستێرەکانی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا یان گفتوگۆ کردنی شارستیانیەتەکانی"خاتەمی" سەرۆکی پێشووی ئێران"

دەمێننەوە، لەوانەشە بۆ ئاستی باڵاتر یاخود نزمتر بگوێزرێنەوە یا لە بنەڕەتدا لاببردرێن و کەسانیتر جێگەیان بگرنەوە.

١٤-هەندێك لە بەشی هێزەسەربازییەکان و پۆلیس لەوانەیە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان، تەنانەت دژبە ئیرادەی دیکتاتۆر -وەك کودەتا- کاربکەن.

١٥-ئەگەر دیکتاتۆرییەکە تازە دامەزرابێت، بۆ بەئەلتەرناتیڤکردنی تەواوەتیانەی رژێمەکەی خۆی، پێویستی بە کات دەبێت.

١٦-لەوێدا کە لەحکومەتە دیکتاتۆرییەکاندا زۆربەی بڕیارەکان لەلایەن هەندێك کەسی کەمەوە دەدرێن، ئەگەری هاتنەئارای هەڵە لە دادوەرییکردنەکان، بڕیاردانەکان و گرژییەکاندا زۆر بەرزە.

١٧- ئەگەر ڕژێم بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەئارای کێشەکانی سەرەوە، ناوەندێتی (مەرکەزییەت) لە چاودێریکردنەکان و بڕیاردانەکاندا نەهێڵێت، خۆی لەخۆیدا کۆنترۆڵی بەسەر هەرەمە ناوەندییەکانی دەسەڵاتدا کەمترو کەمتر دەبێتەوە.

### *هێرش بۆسەر لاوازێتییەکانی دیکتاتۆرەکان

لەگەڵ زانینی ئەم لاوازیەتییە خسروشتیانە، دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێویستە بەمەبەستی دروستکردنی گۆڕانکارییەکی کاریگەرانە لەسەر سیستەمەکە یا بۆ ڕووخاندنی تەواوەتیانەی دیکتاتۆریی، بەدوای لاوازکردنی گشتیانەی هەرچی زیاتری ئەم (پاژنەی ئەشیل)انەوە بن.

ئەنجامەکەی سادەیە: لەگەڵ بوونی ڕواڵەتێکی بەهێزدا، هەموو دیکتاتۆرییەتەکان لاوازییەتیان هەیە. وەك ناکاملی ناوخۆیی، ململانێ



تاکەکەسییەکان، ناکارایی دامەزراوەکان و ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان. ئەم لاوازییانە بەدرێژایی کات ئینتیمای بۆ هێنانەخوارەوەو پاشەکشەی ڕژێم هەبووەو لاوازی دەکات لە بەرامبەر گۆڕانی بارودۆخەکان و بەرگرییە باوەکاندا. هەر شتێ کە ڕژێم بڕیاری جێبەجێکردنی بدات، کامڵ نابێت. بۆنمونە دەبێ بزانین کە تەنانەت هەندێکجار فەرمانە ڕاستەوخۆکانی هێتلەریش جێبەجێ نەدەکرا لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی لەخوارەوەی هیراکییەتەکەدا بوون، خۆیان لە جێبەجێکردنی دەبوارد. بەهەمانشێوەی بینیومانە هەندێکجار تەنانەت لەوانەیە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان خۆی لەخۆیدا بڕووخێن.

ئەمەش بەومانایە نییە کە دەتوانرێ بەبێ بەرگەگرتنی مەترسییەکان و باجدان، دیکتاتۆریی لەناوببردرێت. هەرجۆرە پرۆسیسێکی ئازادیخوازانە، مەترسی و ڕەنجدانێکی بەهێزی لەگەڵدایەو بۆ پیادەکردنی، پێویستی بەکات دەبێت.

بەدڵنیاییەوە هیچ ئامرازێك ناتوانێ سەرکەوتنی خێرا لەتەواوی بارودۆخەکاندا دابین بکات، بەڵام جۆرەها تێکۆشان کە لاوازییە دەستنیشانکراوەکانی دیکتاتۆریی دەکەنە ئامانج، چانسێکی زۆرتریان بۆ سەرکەوتن دەبێت تا ئەوانەی کە هەوڵ دەدەن لە پێگەی بەهێزی دیکتاتۆرەکەدا لەگەڵیدا بجەنگێن. هەنوکە پرسیارەکە ئەمەیە کە ئەم تێکۆشانە پێویستە چۆن ڕێنما بکرێت؟.

## بەشی پێنجەم

# پیادەکردنی دەسەڵات

لە فەسڵی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بەرگریی سەربازیی لەبەرامبەر دیکتاتۆرییدا، لەبری ئەوەی زیان لە خاڵە لاوازەکەی بدات، خاڵە بەهێزەکەی دەکاتە ئامانج.

لەگەڵ هەڵبژاردنی ململانێ لەمەیدانی هێزە سەربازییەکان، ئامادەکردنی ئامرازە جەنگییەکان، تەکنەلۆژییە جەنگییەکانو هاوشێوەکانیدا بزووتنەوە بەرگرییەکان بەئاشکرا خۆیان دەخەنە هەلومەرجێکی نەگونجاوەوە. دیکتاتۆرییەکان بەنزیکەیی لە تەواوی مەسەلەکاندا توانستی دەستەبەرکردنی سەرچاوەی زیاتریان لەم بوارانەدا هەیە. مەترسییەکانی پشت بەستن بەبێگانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیش، پێشتر بەشێوەیەکی کورت شرۆڤە کراوە. لەفەسڵی



دووەمیشدا کێشەکانی پشت بەستن بەدانوستان وەك ڕێگایەك بۆ دەرپەڕاندنی دیکتاتۆرەکانمان شرۆڤە کردووە.

کەواتە چ ڕێگایەك دەمێنێتەوە کە بتوانێ لەپێشتربوونێکی ئاشکرا بەبەرگریی دیموکراسیانە ببەخشێتو لەهەمانکاتدا ئینتیمای بۆ لاوازکردنی هەرچی زیاتری خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریی هەبێت؟ چ جوڵانەوەیەکی تەکنیکی دەتوانێ ئەو هێزە سیاسییەی کە لە فەسڵی سێیەمدا قسەی لێکرا بهێنێتەئارا؟ وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە تێکۆشانی سیاسییە.

خەسڵەتەکانی تێکۆشانی سیاسی ئەمانەی خوارەوەیە:

* تێکۆشانی سیاسی ئەوە قبوڵ ناکات کە ئەنجامی تێکۆشان لەڕێگەی ڕێگاچارەکانی تێکۆشانێکەوە دەستنیشان بکرێت کە لەلایەن دیکتاتۆرەوە هەڵببژێردرێت.
* تێکۆشان بەلای ڕژێمەوە بەگرفتە.
* تێکۆشانی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەتی دەتوانێ خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆریی خراپتر بکاتو سەرچاوەکانی هێزی لێبستێنێتەوە.
* تێکۆشانی سیاسی دەتوانێ بزووتنەوەیەکی تەواو پەرشوبڵاوبێت بەڵام لەهەمانکاتدا لەسەر ڕووی مەسەلەیەکی تایبەت پێدابگرێت.
* تێکۆشانی سیاسی دەبێتەمایەی دەرکەوتنی هەڵە لە دادوەریی کردنو کاری دیکتاتۆریدا.
* تێکۆشانی سیاسی دەتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەرانە خەڵك، گروپە کۆمەڵایەتییەکانو دامەزراوە جۆربەجۆرەکان بەشێوەیەکی یەکگرتوانە هان بدات بەئامانجی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دڕندانەی ژمارەیەکی کەم بەسەر ئەواندا.

* تێکۆشانی سیاسی دەتوانێ ببێتەمایەی دابەشکردنی کاریگەرانەی دەسەڵات لەکۆمەڵگادا کە خۆی دەبێتەمایەی ئەگەری زیاتری دامەزراندن و بەردەوامبوونی کۆمەڵگایەکی دیموکرات.

## *شێوازی کاری تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان

تێکۆشانی سیاسیش هەروەك هێزە سەربازییەکان، دەتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە جۆراوجۆرەکان بەکاربهێنرێت. ئەم ئامانجانە دەتوانرێ پۆلێنبەندی بکرێن بۆ ئاستێکی بەرفراوانی هەوڵدان لەپێناو ناچارکردنی دوژمن بۆ دەرکردنی بڕیاری تایبەت، دروستکردنی هەلومەرجێك بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشمەکێشەکان و یاخود تەنانەت بۆ هەڵوەشانەوەی تەواوەتیانەی ڕژێم.

بەهەرحاڵ، تێکۆشانی سیاسی بەشێوازێکی جیاواز لە توندوتیژیی، کاردەکات. هەرچەندە ئامانجی هەردوو ڕێبازەکە پرۆسەی تێکۆشانە، بەڵام ئەو ڕێگایانەی هەریەکەیان پیادەی دەکەن، زۆر جیاوازەو دەرەنجامی جیاوازیش دەهێننەدی. هەمووومان ڕێبازەکان و دەرەنجامەکانی کێشمەکێشە توندوتیژییەکان دەزانین. چەکە فیزیکییەکان بۆ ترساندن، ئازاردان، کوشتن و وێران کردن بەکاردەهێنرێن.

تێکۆشانی ناتوندوتیژی زۆر ئاڵۆزترە لەو ڕێگایانەی لەسەر توندوتیژی بنیات نراون و زۆر جۆری هەمەچەشنەی تێکۆشان لەخۆدەگرێت. بەپێچەوانەی ئەو تێکۆشانانەی لەسەر توندوتیژی بنیات نراون، تێکۆشانی ناتوندوتیژی بە ئامرازە سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی،



ئابوری و سیاسییەکان دەجەنگێت کە لەلایەن خەڵك و دامەزراوەکانی کۆمەڵەوە بەکاردەهێنرێن.

ئەم چەکانە بەناوی جۆراوجۆری وەك ناڕەزایی، مانگرتن، هاوکاریی‌نەکردن، پرۆتستۆکردنەکان، بێئینتیماییەکان و هێزە جەماوەرییەکان ناسراون.

بەهەمانشێوەی پێشتر باس کرا، سەرجەم دەوڵەتان تەنها کاتێ دەتوانن درێژە بەحکومڕانی خۆیان بدەن کە هێزە پێویستەکانی خۆیان لەڕێگەی هاریکاریی، ملکەچی و فەرمانبەرێتی خەڵك و دامەزراوەکانی کۆمەڵەوە دابین بکەن. تێکۆشانی سیاسی، بەپێچەوانەی توندوتیژییەوە، شێوەیەکی تەواو گونجاو و تایبەتیە بۆ جیاکردنەوەی ئەم سەرچاوەی هێزانە لە دەوڵەت.

## *ئامرازەکانی ناتوندوتیژی و بەرزەفت کردن

هەڵەی باو لە تێکۆشانە سیاسییەکانی پێشوودا کە زۆربەیان بەبێ بەرنامەداڕشتنی پێشتر، فۆرمەڵە ببوون ئەمە بوو کە پێشبینی دەکرا دەتوانرێ بەپشت بەستن بە یەك یاخود دوو ڕێبازی وەك مانگرتن و خۆپیشاندانی گشتی؛ بگەنە ئەنجام.

لە ڕاستیدا ڕێبازێکی زۆر هەن کە ڕێگە بە ستراتیژیستەکانی بەرگریی دەدەن لە کاتە پێویستەکاندا بەرگریی چڕ یاخود پەراگەندە بکەن.

نزیکەی دووسەد شێوەی ناتوندوتیژی هەیەو بەدڵنیاییەوە ڕێبازێکی زۆرتریش هەن. ئەم ڕێبازانە لە ژێر سێ دەستەی سەرەکیدا پۆلێنبەندی کراون: ناڕەزایی و هاندان، هاوکاری نەکردن و هێرش.

ڕێبازەکانی ناڕەزایی و هاندان زۆربەیان خۆپیشاندانی سیمبولیانەن کە ڕیزبەستن، ڕێپێوانەکان و ئێشکگرتن لەخۆدەگرێت (٥٤ ڕێبان).

هاوکاری نەکردن بۆ سێ گروپ دابەش دەکرێت:

ا) هاوکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی (١٦ڕێبان).

ب) هاوکاری نەکردنی ئابوری، وەك پرۆتستۆکردنەکان (٢٦ ڕێبان)، مانگرتنەکان (٢٣ ڕێبان).

ج) هاوکاری نەکردنی سیاسی (٣٨ ڕێبان).

هێرشە ناتوندوتیژییەکانیش لەڕێگەی سایکۆلۆژی، فیزیکی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکانی وەك ڕۆژوو، دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانەو دەوڵەتە هاوسەنگەکان (٤١ ڕێبان)؛ دوادەستەن. لیستێك لە (١٩٨) ڕێباز لەم هەنگاوانە کراوە بەپاشکۆی (ا)ی ئەم کتێبە.

ژمارەیەکی بەرچاو لەم ڕێبازانە کە بەوردیی هەڵبژێردراون و بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە لە ناو ستراتیژێکی هۆشمەندانەی لێوانلێو لە تاکتیکە گونجاوەکان پیادەبکرێن، هەر حکومەتێکی نامەشروع ڕووبەڕووی کۆمەڵەکێشەیەکی جدی دەکەنەوە. ئەم بابەتە تەواوی حکومەتە دیکتاتۆرییەکانیش دەگرێتەوە.

لە بەرامبەر ڕێگا سەربازییەکاندا، ڕێبازەکانی ناتوندوتیژی دەتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئامانجە جێمەبەستەکە پێداگری بکەن. بۆنمونە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مەسەلەی دیکتاتۆریی باسێکی تەواو سیاسیانەیە، دەتوانێ سود لە شێوازەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی سیاسی وەربگرێت. ئەم تێکۆشانانە بریتین لە خۆبواردن



لەقبوڵکردنی ڕەوایەتی (مەشروعییەت)ی سیستەم و دیکتاتۆرو هەروا هاوکاری نەکردنیان.

هەروەها هاوکاری نەکردن دەتوانرێ تەنها لەمەڕ سیاسەتە تایبەتەکان پیادەبکرێت. هەندێکجار دواخستن و لابردن دەکرێ بەبێدەنگی و تەنانەت بەنهێنیانەش ئەنجام بدرێت. لەکاتێکدا هەلومەرجەکانیتری هاوکاری نەکردنی ئاشکرا، خۆپیشاندانی تێکۆشانی گشتی و مانگرتن لای هەمووان شیاوی بینینە.

لەلایەکیترەوە ئەگەر دیکتاتۆریی لە بەرامبەر فشاری ئابوریدا زیانی بەربکەوێت، یاخود زۆربەی سکاڵا جەماوەرییەکان پەیوەندیداربێت بەمەسەلە ئابورییەکانەوە، ئەوکاتە هەنگاوی ئابوریانە وەك پرۆتستۆکردنەکان و مانگرتنەکان لەوانەیە کۆمەڵەڕێگایەکی گونجاوبن بۆ تێکۆشان.

هەوڵی دیکتاتۆر بۆ وەبەرهێنان لە سیستەمی ئابوریدا، لەوانەیە ڕووبەڕووی مانگرتنی گشتی سنوردار، هێواش کارکردن[٧] و هاوکاری نەکردن (یاخود خۆشاردنەوە)ی پسپۆڕە پێویستەکان ببێتەوە. پیادەکردنی هەڵبژاردەیەك لەجۆرە هەمەچەشنەکانی مانگرتن دەتوانرێ لەبوارە کلیلییەکانی وەك بەرهەمهێنان، هەڵگرتن و گواستنەوە، دابینکردنی کەرەستەخاوەکان و دابەشکردنی کاڵاکاندا پیادەبکرێت.

هەندێ لە شێوازەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی پێویستی بەئەنجامدانی کاری دەرەوەی ژیانی ڕۆژانە هەیە لەلایەن خەڵکەوە، وەك

---

٧ -slow-down.

دابەشـــكردنی بەياننامـــە، گێڕانـــی بڵاوكـــراوە ژێرزەمينييـــەكان[8]، پراكتيزەكردنـی مـانگرتن لـەخۆراك يـاخود دانيـشتن لەسـەر شـەقام. بەدەرلـەم بـوارە زۆر فراوانانـە، پراكتيزەكردنـی ئـەم ڕێبازانـە لەوانەيـە بۆ هەندێ خەڵك دژواربێت.

لـە بەرامبـەردا هەنـدێ لـە شـێوازەكانی تێكۆشـانی ناتوندوتيـژی، پێويستيان بەدرێژەكێشانی پرۆسـەی ژيانی ئاسايی خـەڵك هەيـە بـەڵام بەكەمێك جياوازييەوە. بۆنمونە لەوانەيە خـەڵك لـەبری مـانگرتن، بۆسـەر كارەكانی خۆيـان بڕۆن بـەڵام بەئانقەست زۆر بەهێواشتر لەهەميشەو بە بەرهەمێكی زۆر كەمترەوە كـار بكرێت. دەتـوانرێ بـە مەبەستێكی پێشتر بڕيارلەسـەردراو (هەڵـەكانی كـاركردن) زۆرتـر ئـەنجام بـدرێت. لەوانەيـە كەسـێك (نـەخۆش) بكـەوێتو (نـەتوانێت) لەكاتـە تايبەتەكانـدا لەسـەر كارەكەی ئامادە بێت. يا لەوانەيە كەسێكيتر خۆی لەئەنجامدانی كارێكی تايبـەت ببوێرێت. لەوانەيە كەسێك بۆ مەراسيمێكی ئايينی بڕوات كە نـەك تـەنها مانـای ئـايينی، بـەڵكو مانـای سياسيـشی هـەبێت. كەسـێك لەوانەيـە بـۆ ڕێگـەگرتن لـە هێرشـە پڕوپاگەندەييـەكان، لەماڵـەوە وانـەی منـداڵانی خـۆی دابـداتو يـاخود منداڵـەكانی بـۆ پۆلـە ناياسـاييەكان بنێرێت. كەسێكيتر خۆی لەپابەنـدبوون بە بڕيارێك يا ناچاركردنێكەوە ببوێرێت كە لە ڕابردوودا بەئازادانە پێوەی پابەند نەدەبوو.

لێكچوونی ئەم جۆرە هەنگاوانە لەگەڵ ڕەفتاری ئاسايی خەڵكو لادانی سـنوردارانەيان سـەبارەت بـەژيانی ئاسـاييانەيان، ڕەنگـە ببێتەمايـەی

[8]– لەئەدەبياتی شۆڕشگێڕانەی كورد زياتر بە شەونامە ناسراوە (و–ك).



ئەوەی كە ئەگەری بەشداری لەتێكۆشانی ئازاديخوازانەی ميلليدا بۆ زۆربەی خەڵك فەراهەم ببێت.

لەو ئاستەدا كە ميكانيزمی تێكۆشانی ناتوندوتيژیو توندوتيژيی لە بناغـەوە لەگـەڵ يـەكتردا جيـاوازن، بەدرێـژايی زنجـيرە تێكۆشـانێكی سياسی، تەنانەت لەگـەڵ توندوتيژييەكی زۆر سنورداريشدا ناگونجێت. لەبەرئـەوەی دەبێتەمايـەی گـۆڕانی تێكۆشـانەكە بـۆ بازنەيـەك كـە ديكتاتۆرەكـان باڵادەسـتييەكی زۆرتريـان تيايـدا هەيـە ( واتـا لێـدانو پێكدادانی سەربازيی). ديسپلينكردن[9]، كليلی بنەڕەتييە بۆ سەركەوتنو تەنانـــەت لەگـــەڵ بـــوونی جـــوڵانو دڕندەييـــەكانی ديكتـــاتۆرو كاربەدەستانيشيدا نابێ پشتگوێ بخرێت.

لەبەرچـاوگرتنی ديـسپلينی ناتوندوتيـژی لـە بەرامبـەر توندوتيـژيی دوژمنانـدا، كـار كردنـی چـوار جـۆر ميكـانيزمی گـۆڕان[10] لەتێكۆشـانە ناتوندوتيژييـەكان ئاسـان دەكـات (لەدرێـژەی ئـەم فەسڵەدا ڕاڤە كراوە). هەروەها لە ديسپلينكردنی ناتوندوتيژييەكاندا پرۆسـەی جۆجيتسۆ[11]ی سياسی زۆر گرنگە.

لـــەم پرۆســـەيەدا دڕنـــدەيی تورەبـــوونی ديكتـــاتۆر دژبـــەو بەرپەرچدەرەوانەی كە دەستيان بەبزووتنەوەی ناتوندوتيـژی كـردووە،

[9] -discipline.

[10] -mechansim.

[11] - جۆجيتسۆ وەرزشێكە كە تيايدا كەسەكە بەسودوەرگرتن لە گەڕاندنەوەی هێزی ڕكەبەرەكە بەرەو لای ڕكەبەرەكەو بادانی جومگەكانی ڕكەبەرەكەی، بەرگريی لەخۆی دەكات.
مەبەستی نوسەر لەم وەرزشەدا ئەوەيە كە كەسەكە ڕۆڵی ئيسپرينگ دەگێڕێت، تاوەكو هێـز بەرامبـەر ئيسپرينگ بەكاربهێنيت ئەوا بەرەو ڕووی خۆت دەگەڕێتەوە.

بەجوڵانەوەیەکی سیاسی بەرەو ڕووی خۆی دەگەڕێتەوە کە ئەم کارە دەبێتەمایەی دەرکەوتنی ناکۆکی لەناو هیرارکییەتی دیکتاتۆریی و بزواندنی پشتیوانی گشتیانەی خەڵك و لایەنگرە ئاساییەکانی ڕژێم و کەسایەتییەکان و دەوڵەتانی سێیەم لە تێکۆشەران.

بەهەرحاڵ، لە هەندێ شوێندا لەوانەیە توندوتیژییەکی سنوردار دژبە دیکتاتۆریی قەرەبوو نەکراوە بێت. بێبەشکردن و نەفرەتکردنەکان لەوانەیە ببێتەمایەی تەقینەوەی توندوتیژانە. یاخود گروپە تایبەتەکان لەوانەیە تەنانەت دوای ئاگاداربوون لە ڕۆڵی ژیاریانەی تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان، حەز بە وازهێنان نەکەن لەو ڕێگایانەی لەسەر توندوتیژی بنیات نراون. لەم هەلومەرجەدا، نابێ واز لە تێکۆشانی سیاسی بهێنرێت. بەهەرحاڵ پێویستە هەنگاوی توندوتیژانە تائەوپەڕی توانا لەهەنگاوە ناتوندوتیژییەکان جیابکرێتەوە. ئەم کارە دەتوانرێ لەڕێگەی جیاکردنەوەی جوگرافیایی، گروپە جەماوەرییەکان، (کاتی) و (بابەتی)یەوە بکرێت. بەدەرلەمە توندوتیژی دەتوانێ دەرەنجامێکی کارەساتبارانە بۆ تێکۆشانە سیاسییە بەهێزو سەرکەوتووەکان بهێنێتەئارا.

بەڵگەنامە مێژووییەکان نیشانی دەدەن کە لەگەڵ ئەوەی کە زیانە دارایی و گیانییەکان لە تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا بەدوور نازانرێت، ئاستی ئەم زیانانە زۆر نزمترە لەئەگەری زیانەکانی پێکدادانی سەربازی. سەرەڕای ئەمە، ئەم جۆرە تێکۆشانە نابێتەمایەی چەرخێکی بێکۆتاییانەی کوشتارو دڕندایەتیش.

تێکۆشانی ناتوندوتیژی هەم پێویستی بە کەمکردنەوەی ترس یاخود (لەژێرکۆنترۆڵ دەرهێنان)ی خەڵکە لەدەوڵەت و سەرکوتکردنە



توندوتیژەکانی و هەم خۆی حەز بە دروستکردنی دەکات. ڕزگاربوون لەترس (یا لەژێرکۆنترۆڵ دەرهێنانیان) فاکتەرێکی کلیلییە بۆ لەناوبردنی هێزی دیکتاتۆر بەسەر خەڵکدا.

### *شەفافییەت، کارکردن بەنهێنی و ستاندارده باڵاکان

کارکردن بەنهێنی و فرت وفێڵ و پلانە ژێرزەمینییەکان کێشەگەلێکی زۆر جدی بۆ بزووتنەوەیەك دروست دەکەن کە سود لە هەنگاوی ناتوندوتیژانە وەردەگرێت.

بەگشتی ناتوانرێ ڕێگە لە بەدەستهێنانی زانیاریی پۆلیسی سیاسی و ڕێکخراوە سیخوڕییەکان لەپلان و بەرنامەکانیاندا بگیردرێت[١٢].

لەڕوانگەی بزووتنەوەکەوە، کارکردن بەنهێنی نەك تەنها ڕەگوڕیشەکەی لەترسدایە، بەڵکو خۆی فاکتەری ترسە. ئەو ترسەی دەبێتەمایەی کەمبوونەوەی ڕۆحی بەرگریی و هاتنەخوارەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن بەتایبەتی لەکارێکدا بەشداری بکەن.

هەروەها ئەم مەسەلەیە لەوانەیە ببێتەمایەی دروستبوونی بەدگومانی و هاتنەئارای تۆمەتگەلێکی تەنانەت نادادپەروەرانەش دەربارەی ئەم مەسەلەیەی کە کێ زانیاری بۆ دوژمن کۆکردۆتەوەو ئەوان لەجوڵانەوەکانی بزووتنەوەکە ئاگاداردەکاتەوە.

کارکردن بەنهێنی لەوانەیە کاریگەریشی لەسەر توانستی بەناتوندوتیژیی مانەوەی بزووتنەوەکە هەبێت. بەپێچەوانەی ئەم

[١٢]-دیارترین نمونە، چاندنی هەزاران سیخوڕی بەعسی بوو لە ناو شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، سزا نەدانی ئەم سیخوڕانەش زەمینەی دووبارەبوونەوەی ڕەخساندووە. (و-ك)

مەسەلەیەوە، شەفافییەت لەمەبەست و بەرنامەکاندا سەرەڕای کاریگەرییە پێچەوانەکانی ئەمانەی سەرەوە، دەبێتەمایەی ئەوەی تا وێنەیەکی زۆر بەهێزتریش بۆ بزووتنەوە بەرگرییەکە بکێشرێت. هەڵبەتە مەسەلەکە بەتەواوەتی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە لێرەدا خراوەتەڕوو و زۆربەی لایەنەکانی هەنگاوە بەرگرییەکان، پێویستی بەکارکردنی نهێنی هەیە.

لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا هەڵسەنگاندن و تێڕوانینەکان پێویستە لەسەر بنەمای تەواوی ئەو زانیاریانە بێت کە دەتوانرێ بەدەست بهێنرێت و لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە ئامادە کرابێت کە بەتەواوەتی ئاشنای دینامیکییەتی تێکۆشانە ناتوندوتیژییەکان و لەهەمانکاتدا ئاگاداری شێوازەکانی چاودێریی دیکتاتۆرین.

ڕێکخستن، چاپ‌وپەخشی بڵاوکراوە ژێرزەمینییەکان، سودوەرگرتن لە دەزگا ڕادیۆییە نایاساییە لۆکاڵییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی چالاکییەکانی دیکتاتۆر لەو بابەتە سنوردارانەن کە بەئاستێکی بالاّ پێویستیان بەکارکردنی نهێنیانە هەیە تیایدا.

بەنەگۆڕهێشتنەوەی ستاندارده بالاّکانی مامەڵەکردن لەهەنگاوە ناتوندوتیژییەکانیشدا، لەتەواوی قۆناغەکانی کێشمەکێشمدا زۆر گرنگە. کۆمەڵەفاکتەرێکی وەك بێباکی و پاراستنی دیسپلینی ناتوندوتیژی، پێویستن. گرنگە ئەوەمان لەیادبێت کە جاربەجار گروپە گەورەکانی خەڵك بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری تایبەت پێویستن. بەشداریی ئەم ژمارەیەی خەڵك تەنها لە کاتێکدا دەتوانرێ بپارێزرێت کە ستاندارده بالاّکان لە بزووتنەوەکەدا ڕەچاو کرابێت.



### *ئاڵوگۆڕ لەپەیوەندییەکانی دەسەلاّت

ستراتیژیستەکان پێویستە ئەوەیان لەیادبێت کە ئەو کێشمەکێشەی سود لە تێکۆشانی سیاسی وەردەگرێت، بەهۆی کارو هەڵچوونەکان و ڕەفتارو کاردانەوە هەمیشەکانەوە شێوەیەکی تەواو گۆڕاوی هەیە. هیچ شتێ چەقبەستوو نییە. پەیوەندییەکانی هێز، چ ڕەهاو چ ڕێژەیی لەدۆخی گۆڕانی خێراو بەردەوامدان. ئەم مەسەلەیەش بە بەشداربوونی ئەو خەڵکە بەرگریکارەی کە لەسەر کاری ناتوندوتیژانەی خۆیان بەردەوامن؛ وەبەرهەم دێت.

فرەچەشنی لە هێزی ڕێژەییانەی لایەنە بەشداربووەکانی ئەم جۆرە تێکۆشانەدا، بەهۆی بەرزی خێرایی ڕووداوەکان و هەروەها دەرەنجامە گرنگە سیاسییەکەیەوە، زۆر ئاڵۆزترە لەو تێکۆشانانەی لەسەر توندوتیژی بنیات نراون. بەهۆی ئەم فرەچەشنیانەوە، پێدەچێت هەنگاوە تایبەتەکانی بەرگریکارەکان، دەرەنجامی زۆر بەرفراوانتری لەو شوێن و کاتە تایبەتە هەبێت کە ڕووداوەکەی تیادا ڕوودەدات. ئەم دەرەنجامانە لەلاوازکردن یاخود پتەوکردنی گروپێك یا گروپەکەی بەرامبەریدا ڕەنگ دەداتەوە.

سەرەڕای ئەمە، گروپی ناتوندوتیژئامێز لەڕێگەی هەنگاوەکانی خۆیەوە دەتوانێ دەرەنجامێکی زۆر قوڵتر لەکاریگەرییەکانی چالاکی سەربازی دروست بکات بۆ لاوازکردن یاخود پتەوکردنی گروپی ڕکەبەرەکەی. بۆ نمونە بەرگریی ناتوندوتیژانەی بێباك و بەدیسپلین لەڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەییەتیەکانی دیکتاتۆردا لەوانەیە ببێتەمایەی هەستی نائاسودەیی، بێئینتیمایی، بڕوانەبوون و لە ئاستە

توندترەکانیشدا تەنانەت ببێتەمایەی شۆڕش لە نێوان سەربازانی دیکتاتۆرو خەڵکانی مەدەنیدا[13]. ئەم بەرگرییە ڕەنگە ببێتەمایەی زیاتربوونی ڕێژەی ئیدانەکردنە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی دیکتاتۆریش.

سەرەڕای ئەمانە، سودوەرگرتنی بەردەوامو بەدیسپلینو لێهاتووانە لە تێکۆشانی سیاسی، لەوانەیە ببێتەهۆی بەشداریی هەرچی زیاتری جەماوەرێك کە لە دۆخی ئاسایی‌دا پشتیوانیان لە دیکتاتۆر کردووە یا لە باشترین حاڵەتدا بە بێلایەن دەمێننەوە.

## *چوار میکانیزمی گۆڕان

تێکۆشانی ناتوندوتیژی لە چوار ڕێگاوە دەبێتەمایەی دروستبوونی گۆڕان. یەکەمین میکانیزم کەمتر پراکتیزەدەکرێت، هەرچەندە لەچەند بوارێکیشدا بەکردەوە ڕووی داوە. ئەندامانی گروپی نەیار بە بینینی نەهامەتییەکانی سەرکوتکردنی ئەو بەرگریکارانەی کە دوورن لەتوندوتیژییەوە، لەڕووی هەستەوە دەبزوێن یا دەگەنە ئەم ئەنجامە ئەقڵانییەی کە مەبەستەکانی بەرگریکاران، دادپەروەرانەیەو لەبەرئەم هۆیە ئامانجەکانیان قبوڵ دەکەن.

ئەم میکانیزمە بەگۆڕانی ڕێباز ناودەبرێت، ئەگەرچی شێوازی گۆڕانی ڕێباز لەهەنگاوە ناتوندوتیژییەکاندا هاتۆتەپێش بەڵام ئەم شێوازانە کەم

---

[13]– وەك کودەتاو هەڵگەڕانەوەی سوپا دژ بە دیکتاتۆرو دەسەڵات، ئەمەش پتر لە وڵاتانی دیکتاتۆرو تۆتالیتاردا ڕوودەدات (و–ك).



بووە. لە زۆرینەی کێشمەکێشەکاندا یا لەبنەڕەتدا ڕوونادات یا لایەنی کەم لە پانتاییەکی بەرفراواندا نایەنەئارا.

ئەو شێوازەی زیاتر دێتەپێش ئەمەیە کە تێکۆشانی ناتوندوتیژی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی تێکۆشانو کۆمەڵگادا بەجۆرێ کاردەکات کە ڕکەبەر ناتوانێ بەسادەیی هەرکارێك دەیەوێت، دەستی بۆ ببات. هەر ئەم گۆڕانەیە کە سێ میکانیزمەکەی دواتر دەهێنێتەئارا: سازش، ناچارکردنی ناتوندوتیژانەو دابەشکردن. ئەوەش کامیان ڕووبدات، وابەستە بە ئاستی گۆڕان لەبارودۆخی پەیوەندییە ڕێژەییو ڕەهاکانی دەسەڵاتەوە.

ئەگەر ئەو مەسەلانەی کە ناکۆکییان لەسەرە مەسەلەی بنەڕەتی نەبن، خواستەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە پرۆسیسی زنجیرەهەنگاوە سنوردارەکانیاندا هەڕەشەکەر نابنو ململانێی هێزەکان تائەندازەیەك دەبێتەمایەی گۆڕان لەپەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا.

لەم بارودۆخەدا لەوانەیە کێشمەکێشەکە دوای ماوەیەك ببێتەمایەی بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنو دابەشکردنی مەسەلە ناکۆکەکانو ئاشتبوونەوە. ئەم میکانیزمەش ناوی سازشە. بۆنمونە زۆربەی مانگرتنەکان، لەم بارەیەوە کۆتاییان پێ دێت. بۆنمونە گەیشتنی هەریەك لەلایەنەکان بەبەشێك لەئامانجەکانی خۆیان نەك دەستەبەرکردنی هەموو ئەوەی دەیانویست. دەوڵەت پێدەچێت بۆ دەستەبەرکردنی هەندێ لەسودە پۆزەتیڤەکانی، وەك کۆتایهێنان بەقەیرانی ئێستاو دروستکردنی وێنەیەکی (جوامێر) بۆ دەوڵەت یا خاوێنکردنەوەی ڕووخساری نێودەوڵەتیانەی ڕژێم، بەدوای ڕێککەوتنێکی لەم جۆرەوە بێت. لەبەرئەم هۆیە واپێویستە کە بۆ

هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی بڕیارە لەڕێگەی سازش‌و ڕێککەوتنەوە چارەسەر بکرێن، بایەخێکی تایبەتیان پێبدرێت.

ئەو تێکۆشانەی بەدوای هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆرەوەیە لەسەر تەختی حکومڕانی، بەدڵنیاییەوە یەکێك نییە لەم مەسەلانە.

تێکۆشانی ناتوندوتیژیی لەوانەیە لەزۆربەی ئەو مەسەلانە بەهێزتربێت کە لەمیکانیزمەکانی گۆڕانی سازشیانەدا نیشان دەدرێت. هاوکاری نەکردن‌و تێکۆشانی گشتیانە دەتوانێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی،و بەتایبەتی پەیوەندییەکانی هێز بەگشتی بگۆڕێت. واتا توانستی کۆنترۆڵکردنی پرۆسە ئابوری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی دەوڵەت‌و کۆمەڵ لە دیکتاتۆر دەسەندرێتەوە.

هێزە سەربازییەکانی دوژمن لەوانەیە هیچیتر بۆ پراکتیزەکردنی فرمانەکانی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنەکان شیاوی پشت پێبەستن نەبن. ئەگەرچی سەرکردەکانی ڕژێم کە لە شوێنی خۆیاندا ماونەتەوە، هەرچەندە بەدوای ئامانجەکانی خۆیاندا دەگەڕێن بەڵام توانای ئەنجامدانی ڕەفتاری کاریگەرانەیان لێدەسەندرێتەوە. ئەم بارودۆخەش ناودەنێین ملکەچ پێکردنی ناتوندوتیژانە.

لە ئاستە توندەکاندا، بارودۆخی ناچاربوونی ناتوندوتیژانە پانتایی خۆی تائەو شوێنە بەرفراوان دەکات کە سەرکردە نەیارەکە تەواوی توانای خۆی بۆ ئەنجامدانی کاروکردەوە لەدەست دەدات‌و ستراکتوری دەسەڵات نغرۆ دەبێت.

خۆبەڕێوەبردنی ئۆپۆزسیۆنەکان، هاوکاری نەکردنیان‌و تێکۆشانەکانیان تائاستێك پەرەدەستێنێت کە دوژمن تەنانەت کۆنترۆڵی ڕواڵەتیانەشی بەسەر ئەواندا لەدەست دەدات. سەرەنجام بیرۆکراتییەتی



خودی دوژمنەکەش سەرکردایەتییەکەی خۆی قبوڵ ناکات. هێزەچەکدارەکان‌و پۆلیس شۆڕش دەکەن. خەڵك‌و تەنانەت لایەنگرە هەمیشەییەکانیشی ئیتر نکۆڵی لە سەرکردە پێشووەکانی خۆیان دەکەن، بوونی هەرجۆرە مافێکی بۆ حکومڕانی لێوەردەگرنەوە. لەمڕووەوە، هاوکاریی‌و فەرمانڕەوایی پێشوویان لەناودەچێت.

چوارەمین میکانیزمی گۆڕان، دابەشکردنی سیستەمی ئۆپۆزسیۆنە کە تائەو ڕادەیە کامڵە کە دیکتاتۆر تەنانەت دەسەڵاتی تەواوی بۆ تەسلیمبوونیش نەبێت. ڕژێم بەسادەیی بەپارچەپارچەبوون لەناودەچێت.

لەداڕشتنی ستراتیژییە ئازادیخوازییەکاندا، پێویستە هەمیشە ئەم چوار میکانیزمە لەخەیاڵدا بێت. ئەم میکانیزمانە هەندێکجار لەبنەڕەتدا بەشێوەی ڕێکەوت کاردەکەن.

بەهەرحاڵ، هەڵبژاردنی یەکێك یا چەند دانەیەك لەم میکانیزمانە لەکێشمەکێشدا وەك میکانیزمێکی ڕەچاوکراوی گۆڕان، دەبێتەمایەی ئەوەی تاچانسی فۆرمەڵەبوونی ستراتیژییە تایبەتەکان (یا لەبەرامبەردا پتەوکەرەکان) فەراهەم ببێت. لەبارەی ئەوەی کە چ میکانیزمێك (یاخود کۆمەڵە میکانیزمێك) هەڵبژێردرێت، وابەستە بە فاکتەرگەلێکی زۆرەوە وەك دەسەڵاتی ڕەهاو ڕێژەییانەی گروپە تێکۆشەرەکان‌و ئەو ئینتیماو ئامانجانەی کە گروپە تێکۆشەرەکان پیادەی دەکەن.

***ئەنجامەکانی بەدیموکراتیزەکردنی تێکۆشانی سیاسی**

بەپێچەوانەی دەرەنجامەکانی پێداگرتن لەسەر توندوتیژی، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی دەبێتەمایەی ئەوەی تا کۆمەڵگای سیاسی لەچەند ڕێگایەکەوە دیموکراتیزە ببێت.

بەشێك لەئەنجامەکانی بەدیموکراتیزەکردن، نیگەتیڤانەیە. بەم چەمك‌ومانایەی کە بەپێچەوانەی ڕێگەسەربازییەکانەوە، ئەم تەکنیکە نابێتەمایەی دروستبوونی هێزێکی سەرکوتکارو فەرمانڕەوایی دەستەیەك تا بتوانێ بۆ دامەزراندن یا درێژەدان بەژیانی دیکتاتۆرێکی نوێ، بەکاربهێنرێت.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی تێکۆشانە سیاسییەکان دەتوانن کاریگەریی لەسەر پەیڕەوکارانی خۆیان دابنێن، یا تەنانەت فشاریش پیادەبکەن بەڵام لەکاتی سەرپێچی یا هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی نوێدا توانای زیندانیکردن یا لەسێدارەدانی مرۆڤەکانیان نییە.

بەشی دووەمی کاریگەرییەکانی دیموکراتیزەکردن، ئەنجامی پۆزەتیڤانەن. بەم چەمك‌ومانایەی کە تێکۆشانی ناتوندوتیژی کۆمەڵە ڕێگایەکی بەرگرییکردن بە خەڵك نیشان دەدات کە لەڕێگەیەوە بتوانن ئازادی دەستەبەر بکەن‌و لە بەرامبەر دیکتاتۆرەکانی ئێستا یا کەسانی ئینتیمادار بۆ دیکتاتۆرییەت، بیپارێزن. لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ لەو کاریگەرییە پۆزەتیڤانەی بەدیموکراتیزەبوون کراوە کە لە تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا هەیە:



*ئەزموونی پیادەکردنی تێکۆشانی ناتوندوتیژی، دەبێتەمایەی ئەوەی کە خەڵك لە تێکۆشاندا متمانەبەخۆبوونێکی زیاتر بەدەست بهێنن دژ بە هەڕەشەکان‌و سەرکوتکردنە توندوتیژئامێزەکانی ڕژێمدا.

* تێکۆشانی ناتوندوتیژی ڕێگاگەلێك بۆ هاوکاری نەکردن‌و تێکۆشان بەخەڵك نیشان دەدات کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانن بەرگری لە بەرامبەر هەرجۆرە کۆنترۆڵێکی نادیموکراسیانە بکەن لەلایەن هەرگروپێکی دیکتاتۆریخوازەوە بێت.

*لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنە سەرکوتکارییەکاندا، دەتوانرێ سود لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی وەربگیردرێت بۆ پێداگرتن لەسەر بەرگریی لە ئازادییە دیموکراسییەکانی وەکو ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی چاپەمەنی، ڕێکخراوە سەربەخۆو کۆڕوکۆبوونەوە ئازادەکان.

*بەهەمانشێوەی پێشتر باس کرا، تێکۆشانی ناتوندوتیژی پشکێکی گرنگی لەمانەوەو نوێکردنەوەی ژیان‌و پتەوکردنی گروپە سەربەخۆو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.

ئەم گروپ‌و دامەزراوانە، بەهۆی تواناکانیانەوە لە تەرخانکردنی هێزە جەماوەرییەکان‌و چانسی سنوردارکردنی توانای کاریگەرانەی ئەو کەسانەی کە ئینتیمایان بۆ بەدیکتاتۆریبوون هەیە، زۆر بۆ دیموکراسی پێویستن.

*تێکۆشانی ناتوندوتیژی ڕێگاگەلێك دەخاتەڕوو کە خەڵك لە ڕێگایەوە دەتوانن دەسەڵاتیان دژبە پۆلیسی سەرکوتکارو هەنگاوە سەربازییەکانی حکومەتە دیکتاتۆرییەکان بخەنەکار.

* تێکۆشانی ناتوندوتیژی کۆمەڵەڕێگایەك دەخاتەڕوو کە لە ڕێگەیەوە خەڵك‌و دامەزراوە سەربەخۆکان دەتوانن بەو ئامانجە

دیموکراسییانەی دەستەبەریان کردووە، سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دەستەی فەرمانڕەوا سنورداربکەن یا جیای بکەنەوە،و لەم ڕێگەیەوە هەڕەشە لە مەودای ئەم گروپە بۆ درێژەدان بەدەسەڵاتەکەی بکرێت.

### *ئاڵۆزی تێکۆشانی ناتوندوتیژی

بەهەمانشێوەی لەم باسەدا بینیمان، تێکۆشانی ناتوندوتیژیی تەکنیکێکی ئاڵۆزی کاروڕەفتاری کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لەچەندین ڕێباز لەناو بازنەی جۆرەکانی میکانیزمی گۆڕانو زەروورەتی ئەنجامدانی کۆمەڵە ڕەفتارێکی تایبەتی لەهەریەکەیاندا، لەخۆدەگرێت.

تێکۆشانی سیاسی لەپێناو کاریگەربوونیدا، بەتایبەتی لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆریدا، پێویستی بەبەدەستهێنانی ئامادەگیو بەرنامەدانانی ورد هەیە.

بەشداربووانی ئایندە پێویستە بزانن کە چ چاوەڕوانییەکیان لێدەکرێت. سەرچاوەکان دەبێ پێشتر ئامادە کرابنو ستراتیژیستەکان دەبێ بەسودوەرگرتن لە تێکۆشانی ناتوندوتیژی؛ بەتەواوەتی چۆنییەتی دروستکردنی کاریگەرترین گۆڕانیان ئەنالیزەکردبێت.

هەنوکە سەرنجی خۆمان ئاراستەی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەکەین ئەویش زەروورەتی بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیانەیە.

## بەشی شەشەم

# زەروورەتی بەرنامەداڕشتنی ستراتیژی

زنجیرە تێکۆشانە سیاسییەکان دژ بەدیکتاتۆرەکان، لەوانەیە لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەست پێبکات. لەڕابردوودا ئەم تێکۆشانانە بەنزیکەیی هەمیشە بەبێ بەرنامەداڕشتنی پێشترو لەبنەڕەتدا بەڕێکەوت بوون.

ئەو ناڕەزایەتییانەی کە دەبوونەمایەی ئەنجامدانی هەنگاوە سەرەتاییەکان، چەشنی جۆراوجۆریان هەبوو بەڵام زۆربەیان بریتی بوون لە دڕندایەتییە نوێیەکان، دەستگیرکردن یا کوشتنی کەسایەتێکی ڕێزدار، سیاسەت یا حوکمێکی نوێی سەرکوتکەرانە، نەبوونی ماددەی خۆراکی، بێڕێزی بەرامبەر بە باوەڕە ئاینییەکان یا ساڵرۆژی ڕووداوێکی گرنگ. هەندێکجار، هەنگاوێکی تایبەتی لەلایەن دیکتاتۆرەوە بەشێوەیەك خەڵکی تووڕە کردووە کە بەبێ هیچ جۆرە



ئایدیایەك دەربارەی چۆنییەتی ئەگەری کۆتایهێنان بە بزوتنەوەکە، هەنگاویان ناوە.

لە هەلومەرجەکانیتردا، لەوانەیە کەسێکی جوامێر یا گروپێکی بچوك کارێك ئەنجام بدات کە ببێتەمایەی پشتیوانی ئەوانیتر. ناڕەزاییەتیەکی تایبەت لەوانەیە لەلایەن ئەوانیترەوە بەناڕەزاییەتیەك لێك بدرێتەوە دژی هەمان ئەو ستەمەی کە لەئەوانیش کراوەو بەمپێیە، ئەوانیش دەچنەپاڵ تێکۆشانەوە. هەندێکجار بانگهێشتکردن بۆ بەرگریی لەلایەن گروپێکی بچوك یا تەنانەت تاکەکەسێکەوە، لەوانەیە ڕووبەڕووی وەڵامێکی بەرفراوان‌و چاوەڕوان نەکراو ببێتەوە.

هەرچەندە خۆبزوواندن سیفەتگەلێکی پۆزەتیڤی هەیە بەڵام خاوەنی کۆمەڵە گرفتێکیشە. سەرلەنوێ بەرگریکارە دیموکراتەکان، چاوەڕێی دڕندایەتیان لە دیکتاتۆر نەکردووە، دواتر توشی ڕەنجێکی زۆر بوون‌و بەرگرییەکانیان هەرەسی هێناوە. هەندێکجار نەبوونی بەرنامەداڕشتن لە لایەن دیموکراتەکانەوە، بڕیاری زۆر گرنگیان بەچانس سپاردووە، لەمجۆرە هەلومەرجانەدا دەرەنجامەکان کارەساتبار بوون. تەنانەت کاتێك کە حکومەتێکی ستەمکار بەزێنراوە، نەبوونی بەرنامەداڕشتن دەربارەی چۆنییەتی ڕەوتکردن بۆ سیستەمێکی دیموکرات، فاکتەرەکانی هاتنەئارای دیکتاتۆرییەتێکی نوێی فەراهەم کردۆتەوە[١٤].

---

[١٤]–ئەم تێڕوانینە زۆر لەگەڵ مێژووی گۆڕانکارییەکانی عیراقدا یەکانگیربووە، چونکە لەساتی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراقەوە لەساڵی (١٩٢٠)، بەردەوام شۆڕش‌و کودەتا بۆ گۆڕین‌و باشترکردنی سیستەمی حکومڕانی ئەنجام دراوەو جەماوەریش لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی‌و مافی زیاتردا، ڕژاونەتە سەرشەقامەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکدا سیستەمی حکومڕانی زیاتر بەرەو دیکتاتۆریی‌و تۆتالیتارێتی ڕۆیشتووە، فاکتەرەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتە زێڕینەی

***بەرنامەداڕشتنی واقیعبینانە**

بێگومان لە ئایندەدا، هەنگاوە جەماوەرییە بەرنامە دانەڕێژراوەکان ڕۆڵێکی گرنگ بزوتنەوەی دژ بەدیکتاتۆریی دەگێڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ توانای خەملاندنی کاریگەرترین شێواز بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرەکان، دەستنیشانکردنی بارودۆخی سیاسیو خوونەریتی نەتەوەیی گونجاو و هەڵبژاردنی چۆنییەتی دەستپێکردنی زنجیرە تێکۆشانەکانە.

ئەم هەلومەرجە بیرکردنەوەی زۆر وردەکارانەی دەوێت لەسەربنەمای دەستنیشانکردنی واقیعبینانەی بارودۆخو توانستەکانی چینوتوێژی جەماوەر بۆ هەڵبژاردنی کاریگەرترین شێواز لەپێناو گەیشتن بە ئازادیدا. ئەگەر کەسێك حەزوئارەزووی لەئەنجامدانی کارێك هەبێت، کارێکی ئاقڵانەیە کە بیر لەچۆنییەتی ئەنجامدانی بکاتەوە. هەتاوەکو ئامانجەکە گرنگتر یاخود دەرئەنجامی هەڵەکە ترسناکتربێت، بەرنامەڕێژی گرنگتر دەبێت.

بەرنامەڕێژیی ستراتیژیانە، ئەگەری ئەمە زیاتر دەکات کە تەواوی سەرچاوە تەرخان کراوەکان بەباشترین شێواز بەکاربهێنرێن.

ئەم مەسەلەیە بەتایبەت بۆ ئەو بزووتنەوە دیموکراسیانەش ڕاستە کە سەرچاوەی ماددی سنوردارەو لایەنگرانی لەبەردەم مەترسیدانو هەوڵ دەدەن تا دیکتاتۆرێکی دەسەڵاتدار لەسەر کورسی بهێننەخوارەوە.

---

(د. عەباسعەلی سەحافیان) کە لە پەرتوکی (ئاشنابوون بەدیموکراسی)دا دەڵێت:" دیکتاتۆر لەدایك نابێت بەڵکو هەلومەرجی کۆمەڵگا دروستی دەکات". (و-ك).



لەبەرامبەریشدا، دیکتاتۆریی بەگشتی خاوەنی دەستەبەرکردنی کۆمەڵە سەرچاوەیەکی ماددی بەرفراوانو سوپای ئۆرگانیزەکراوەو توانای ئەنجامدانی دڕندایەتی هەیە.

(بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیانە) لێرەدا بەمانای خەملاندنی پرۆسیسی ئەو هەنگاوانەیە کە ئەگەری گەیشتنی بارودۆخی ئێستا بە بارودۆخێکی دڵخواز لەئایندەدا؛ بەرز دەکاتەوە.

لەبارەی باسەکەی ئێمەوە، ئەمە واتا ڕەوت کردن لە دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمی دیموکراسی ئایندە، بەرنامەداڕشتن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە بەگشتی بریتین لەکۆمەڵە هەنگاوێکی پۆلێنبەندکراوی زنجیرەیەك چالاکیو هەنگاوە ئۆگانیزەکراوەکانیتر کە بۆ هێزبەخشین بە کۆمەڵگاو خەڵکی ستەملێکراو و لەپێناو لاوازکردنی دیکتاتۆریی داڕێژراوە.

سەرنج لەوەبدە کە ئامانجەکە تەنها لەناوبردنی دیکتاتۆریی ئێستا نییە، بەڵکو بەئەلتەرناتیڤدانانی سیستەمێکی دیموکراسیانەیە.

ئەو ستراتیژە گەورەیەی کە ئامانجەکەی تەنها بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرییەتی ئێستادا قەتیس دەکات، ڕیسکێکی گەورە بۆ هاتنەئارای فەرمانڕەواییەکی تۆتالیتاریتر قبوڵ دەکات.

***لەمپەرەکانی بەرنامەداڕشتن**

هەندێ لە بەرگریکارانی ئازادی لەناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، تەواوی توانای خۆیان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی چۆنییەتی دەستەبەرکردنی ئازادی بەکارناهێنن. ئەم بەرگریکارانە بەرلەهەنگاونان

بۆ کارەکە بەدەگمەن پابەندن بەبایەخدان بە بەرنامەدارشتنی ستراتیژیانەی گونجاو. سەرەنجام نزیکەی هیچکاتێك بەرنامەدارشتنی ستراتیژیانە ئەنجام نادرێت.

بۆچی ئەو خەڵکەی کە ئارەزووی بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسیان بۆ خەڵکی خۆیان هەیە تا ئەم ڕێژە کەمە نەخشەیەکی ستراتیژیی گشتگیر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئامادە ناکەن؟ بەداخەوە نزیکەی زۆربەی ئەو کەسانەی ئەندامی گروپە دیموکراسییە ئۆپۆزسیۆنەکانن، پابەند نین بە زەرووڕەتی بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیانە یان نەیانکردۆتە نەریت یا بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژیانە پەروەردە نەکراون. ئەمەش ئەرکێکی دژوارە.

لەگەڵ هێرشە بەردەوامەکانی دیکتاتۆریدا، سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکان بەگشتی کەشێکی ئارام و چانسێکیان بۆ گەشەدان بەتوانای هزرە ستراتیژییەکانی خۆیان نییە. لەبەرامبەریشدا، وەڵامدانەوەی جوڵانەوە دەستپێشخەرییەکانی دیکتاتۆریی، مۆدیلێکی باوە. لەم هەلومەرجەدا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان هەمیشە لەبارودۆخێکی بەرگریکردندان واتا هەوڵ بۆ پاراستنی ئازادییە سنوردارەکان یا هەڵوێستەکانی خۆیان دەدەن و لەباشترین هەلومەرجدا پەرەسەندنی کۆنترۆڵی دیکتاتۆریان کەم کردۆتەوە یا کۆمەڵەکێشەیەکی تایبەتی بۆ سیاسەتە نوێیەکانی ڕژێم دروست دەکەن.

بەدڵنیاییەوە هەندێ لە کەسەکەکان و گروپەکان، زەرووڕەتی بەرنامەداڕشتنی درێژخایەن و بەرفراوان بۆ جوڵانەوە ئازادیخوازییەکان نابینن، لەبەرامبەریشدا ئەوان لەوانەیە وێناکردنێکی خاویان هەبێت لەسەربنەمای ئەوەی کە ئەگەر بە بەهێزو پتەو و پایەدارانە بڕوایان بەئامانجەکەیان هەبێت، بیروباوەڕەکەیان بەڕێگایەك هەردێتەدی.



هەندێکیتر واگومان دەکەن کە ئەگەر بەسادەیی بژین و لەسەربنەمای پرەنسیپ و ئایدیاکانیان ڕەفتار لەگەڵ کێشەکانیاندا بکەن، ئەوا تەواوی ئەوەی کە توانیویانە ئەنجامیان داوە لەپێناو بەدیهێنانیدا.

پشتیوانی لەئامانجە مرۆییەکان و وەفاداری بۆ ئایدیاکان شیاوی دەستخۆشییە، بەڵام ئاشکرایە بۆ کۆتایهێنان بەدیکتاتۆرییەت دەستەبەرکردنی ئازادی بەس نییە.

ئۆپۆزسیۆنەکانیتری دیکتاتۆریی لەوانەیە بێئەزموونانە وابیربکەنەوە کە ئەگەر بەئەندازەی تەواو توندوتیژی بەکاربهێنن، ئازادی دێتەدی. بەڵام بەهەمانشێوەی کە پێشتر باس کرا، توندوتیژی سەرکەوتن فەراهەم ناکات. توندوتیژی لەبری بەدیهێنانی ئازادی، دەبێتەمایەی شکست و کارەساتی گەورە یاخود هەردووکیان.

لە زۆرینەی بارودۆخەکاندا، دیکتاتۆریی لەوانەیە بەباشترین شێوە بۆ تێکۆشانی توندوتیژئامێزانە ئامادەباش کرابێت و واقیعییەتە سەربازییەکان ئەگەر لەبنەڕەتدا تواناشیان هەبووبێت، زۆرکەم یاریدەی دیموکراتەکانی داوە.

کۆمەڵە چالاکییەکیش هەن کە هەنگاوەکانی خۆیان لەسەربنەمای ئەوەی (هەست)ی پێدەکەن و ئەنجامدانی بەپێویست دەزانن؛ بنیات نراوە.

ئەم ستراتیژیانە سەرەڕای لەخۆبایی‌بوون و خۆبەجەمسەرزانین، ڕێگاچارەیەك بۆ گەشەدان بەستراتیژێکی مەزن لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادیدا ناخاتەڕوو.

ئەو هەنگاوانەی لەسەر (ئایدیایەکی درەوشاو)[15]ی تاکەکەسێك بنیات نراون، بە سنوردار دادەندرێن. لەبری ئەمانە، ئەو شتەی پێویستە ئەو کارەیە کە لەسەربنەمای هەڵسەنگاندنێکی وردی (هەنگاوەکانی دواتر) بنیات نراوە لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆریی. بەبێ ئەنالیزەکردنی ستراتیژیانە، سەرکردەکانی بەرگریی لەزۆرینەی هەلومەرجەکاندا نایانەوێت بزانن کە هەنگاوەیی دواتر پێویستە چ شتێك بێت، چونکە بیریان دەربارەی هەنگاوە تایبەتەکان نەکردۆتەوە کە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن پێویستن.

داهێنانو ئایدیا درەخشانەکان زۆر گرنگن، بەڵام کارایییەکەیان لەباشترکردنی بارودۆخی ستراتیژیی هێزە دیموکراتەکاندایە.

بەرەچاوکردنی ئەو هەنگاوە زۆرانەی کە دەتوانرێ دژبە دیکتاتۆریی پیادەبکرێنو بەهەستکردن بەسەرگەردانی لە هەڵبژاردنی خاڵی دەستپێکدا، هەندێ خەڵك دەڵێن کە (هەموو کارەکان پێکەوە ئەنجام بدە). ئەم ڕێبازە لەوانەیە سودمەند بێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە نایەتەدی، بەتایبەتی بۆ ئەو بزووتنەوانەی تائەندازەیەك لاوازن. سەرەڕای ئەمە، ئەم ستراتیژییەتە ڕێنماییەك ناخاتەڕوو دەربارەی ئەمەی کە پێویستە

---

[15]– مەسەلەی (ئایدیای درەوشاو) لە زۆرینەی ڕەهای وڵاتانی جیهانی سێیەمو بەتایبەتی لە شۆڕشەکانی کورد لەئارادابووە، واتا سەرکردەی شۆڕشەکە هەموو بیرۆکەو وتەو کارو کردارەکانی بە پیرۆز داندراوەو بەبێ هیچ مشتومڕو گفتوگۆ لەسەرکردنێك، لەلایەن لایەنگرەکانییەوە وەك بیروباوەڕو ئایدیایەکی درەخشانو زیندوو، خراوەتە بواری پراکتیزەکردنەوە، لەکاتێکدا کە ئەمە پتر لەلایەن سەرکردە دیکتاتۆرو تاکڕەوەکانەوە پیادە دەکرێت ئەمەش بەپێچەوانەی تێگەیشتنی دیموکراسییانەوەیە کە پێی وایە مرۆڤ بە سەرکردەکانیشەوە شیاوی هەڵەنو دەبێ هەموو ئایدیاو بیروباوەڕێك نەسەپێنرێت، بەڵکو گفتوگۆ لەسەر هەموو لایەنە پۆزەتیڤو نیگەتیڤەکانی بکرێتو دوای ڕیفۆرمکردنی، پاشان بخرێتە بواری پراکتیزەکردنەوە. (و–ك).



لەکوێوە دەست بەکاربکرێت، هەوڵەکان پێویستە لە چ شوێنێکدا چڕ بکرێتەوەو پێویستە چۆن سەرچاوە سنوردارەکان بەکاربهێنرێت.

کەسانو گروپەکانیتر لەوانەیە هەست بە زەروورەتی سنورێك بکەن لەبەرنامەدارشتندا، بەڵام تەنها توانای بیرکردنەوەی ماوەکورت یا بیرکردنەوەیان لەبارەی بنەما تاکتیکییەکانەوە هەیە.

ئەم کەسانە ئاگادارنین لەوەی کە بەرنامەداڕشتنی درێژخایەن پێویستەو دێتەئارا. ئەوان لەوانەیە هەندێکجار لەبیرکردنەوەو ئەنالیزەکردنی پەیوەندییە ستراتیژییەکاندا بێتوانا بن کە ئەم کارەش دەبێتەمایەی ئەوەی هەمیشە سەرقاڵی مەسەلە تاڕادەیەك کەم بایەخەکان بنو لەزۆرینەی هەلومەرجەکاندا بەرگریکارە دیموکراتەکان، لەبری ئەوەی ئەنجامدانی کارەکان بگرنەدەست تەنها کاردانەوە لەبەرامبەر کارەکانی دوژمندا نیشان دەدەن.

بەتەرخانکردنی قەوارەیەکی گەورەی وزە بۆ هەنگاوە ماوەکورتەکان، سەرکردەکان لەدۆزینەوەی ڕەوتێکیتری کارکردن بێ ئاکام دەمێننەوە کە لێیەوە بتوانن تەواوی هەوڵەکانیان لەیەك ڕێڕەوی هەمیشەییەوە بەرەو سەرکەوتن بەئاراستەدا ببەن. ئەم ئەگەرەش هەیە کە هەندێ لە بزووتنەوە دیموکراسییەکان بەرنامەداڕشتنێکی ستراتیژی گشتگیریان بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریی نەبێتو بەدەلالەتێکی بەڕواڵەت قبوڵکراوەوە، تەنها پێداگری لەسەر مەسەلە ساتییەکان بکەن. ئەوان بڕوایان بەوە نییە کە دەتوانن بەهەوڵەکانی خۆیان کۆتایی بە دیکتاتۆریی بهێنن. لەبەرئەم هۆیە، لەڕوانگەی ئەوانەوە بەرنامەداڕشتن دەربارەی چۆنییەتی گەیشتن بەئامانج، بەهەدەردانی کاتێکی ڕۆمانتیکی یا بەهەوڵێکی بێئەنجامی دەژمێرن.

ئەو خەڵکەی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆیان، دژ بە دیکتاتۆرێکی درندەی ئۆرگانیزەکراو تێدەکۆشن، بەگشتی ڕووبەڕووی هێندە هێزی سەربازیو پۆلیسی دەبنەوە کە وادێتەبەرچاویان دیکتاتۆریی توانای ئەنجامدانی هەرشتێکی هەیە کە بیەوێت.

بەهەرحاڵ بەبێ بوونی ئومێدێکی ڕاستەقینە، دووبارە ئەم خەڵکە بەپاڵنەری جوامێریی یا ڕەنگە مێژووییەوە، دیکتاتۆرێك بخەنە ئاستەنگەوە. بەڵام هەرگیز قبوڵی ناکەنو ڕەنگە هەرگیز هۆشیارانە پەی بەوەنەبەن کە هەنگاوەکانیان نائومێدانەیە. بەمپێیە بەلای ئەوانەوە، بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیانەی گشتگیر، مانایەکی نییە.

دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە سەرنەکەوتنانە لە بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیدا بەگشتی زۆر جدیانەیە: هێزی تاکەکەس پەراگەندە دەبێت، هەنگاوەکانی تاکەکەس بێبەرهەمە. وزەکان بۆ بابەتە بچوکەکان بەهەدەر دەڕۆن، لەپێشتربوونەکان بەکارناهێنرێنو فیداکارییەکان بێبەها دەبن. ئەگەر دیموکراتەکان بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیانەیان نەبێت، ڕەنگە لەگەیشتن بەئامانجەکانیان بێ ئاکام بمێننەوە.

بەرنامەداڕشتنی لاوازو تێکەڵاوکردنی قەزاوقەدەرانەی هەنگاوە جۆراوجۆرەکان، بزووتنەوە بەرگرییەکە بەرەو پێشەوە بەئاراستەدا ناباتو تەنانەت زیاتر دەبێتەمایەی توانای کۆنترۆڵو هێزیی دیکتاتۆریی.

بەداخەوە، لەوێدا کە بەرنامەداڕشتنی گشتگیرانەی ستراتیژی کەمتر پیادە دەکرێن، ئەگەر لە بنەڕەتیشدا بەکارنەهێنرابن ئەوا دیکتاتۆرەکان زیاتر لەئەوەی بەواقیعی بەهێزن، بەبەهێزتر دێنەبەرچاو. دیکتاتۆریی چەندین ساڵو دەیان ساڵ زیاتر لەوە دەژین کە پێویستە.



***چوار زاراوەی گرنگ لە بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیدا**

بۆئەوەی بتوانین بەشێوەی ستراتیژیانە بیر بکەینەوە، ڕۆشنکردنەوەی مانای چوار زاراوەی بنچینەیی گرنگە.

ستراتیژیی مەزن چەمکێکە کە بەمانای هەماهەنگو بەئاراستەدابردنی بەکارهێنانی تەواوی سەرچاوەکان (ئابوری، مرۆیی، نەریتی، سیاسی، پێکهاتەییو...) دێت لەلایەن گروپێکەوە کە لەهەوڵدایە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی.

ستراتیژی مەزن بە چڕکردنەوەی سەرنجی خۆی لەسەر ئامانجەکانی گروپەکەو سەرچاوە بەردەستەکان لەکێشمەکێشێکدا، بڕیار دەربارەی پیادەکردنی باشترین ڕێباز بۆ تێکۆشان دەدەن (وەك جەنگە سەربازییە مەرسومییەکان یا تێکۆشانی ناتوندوتیژی).

لە بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیی مەزندا، سەرکردەکانی بەرگریی پێویستە ئەو فشارو کاریگەریانەیان هەڵسەنگاندبێت کە دەبنەمایەی شکستی دوژمنو بەرنامەیان بۆ دابڕێژێت.

سەرەڕای ئەمە، ستراتیژیی مەزن بریتییە لەکۆمەڵە بڕیارێك دەربارەی هەلومەرجی گونجاو و کاتبەندییەك کە تیایدا بەرگرییە سەربازییەکان دەستی پێکردووەو درێژەش دەکێشن.

ستراتیژیی مەزن چوارچێوەیەکی بنەڕەتی فەراهەم دەکات بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژیەتە سنوردارترەکان بەمەبەستی ڕێنماکردنی تێکۆشان.

ستراتیژیی مەزن لەهەمانکاتدا شێوازی تەرخانکردنی ئەرکە گشتییەکانی گروپێکی تایبەت و شێوازی دابەشکردنی سەرچاوەکان لەنێوانیاندا بەمەبەستی بەکارهێنانی لەتێکۆشاندا دەستنیشان دەکات.

ستراتیژ دۆزینەوەی باشترین میتۆدە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی دیاریکراو لە تێکۆشاندا کە لە قەڵەمڕەوی ستراتیژە مەزنە هەڵبژێردراوەکەدا کاردەکات.

ستراتیژ هەم وابەستە بەئەوەی کە لە چ کاتێك و چۆن بجەنگێین و هەم لەگەڵ چۆنییەتی تێکۆشاندا بەمەبەستی گەیشتن بەزۆرترین ڕێژەی سودوەرگرتن. ستراتیژ لەگەڵ ئەو چەمکەدا بەراورد دەکرێت کە لەزەینی هونەرمەندایە، لەکاتێکدا بەرنامەی ستراتیژی وەك نەخشەیەکی داڕێژراو وایە لەلایەن ئەندازیاریی بیناسازییەوە.

هەروەها ستراتیژ لەوانەیە بریتی بێت لە کۆمەڵە هەوڵێك بۆ گەشەدان بەهەلومەرجێکی ستراتیژیی کە لەسایەیدا دەژین و لە کاتی دەستبردن بۆ تێکۆشانی ئاشکرادا بتوانێ پێشبینی شکستی تەواوەتی خۆی بکات ، هەروەها بەبێ تێکۆشانی ئاشکراش تەسلیم بن.

بەدەرلەمە، هەلومەرجی ستراتیژی سەرکەوتنی تێکۆشەران دەهێنێتەدی. هەروەها ستراتیژ بریتیشە لەچۆنییەتی هەنگاونان بۆ بەکارهێنانی پۆزەتیڤانەی سەرکەوتن لەکاتی بەدیهاتنیدا.

بڕیاردان لە بەرنامەی ستراتیژیی لەڕەوتی تێکۆشاندا، ئایدیایەکی بنەڕەتییە دەربارەی ئەمەی کە تێکۆشانەکان پێویستە چۆن گەشە بکەن و پێویستە بەشە جیاوازەکانی چۆن لەگەڵ یەکتردا بگونجێندرێن تا بەشدارییەکی سودمەند لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجە جێمەبەستانە فەراهەم بکرێت. ئەم مەسەلەیە بریتییە لە ئارایشت کردنی لێهاتووانەی



گروپە کارکەرەکان بۆ چالاکی و بچوکتریش دەبنەوە. بەرنامەداڕشتن بۆ ستراتیژییەکی هۆشیارانە لە پرەنسیپەکانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنەو لە تەکنیکی تێکۆشاندا هەڵبژێردراوە. تەکنیکە جۆربەجۆرەکان، پرەنسیپی جیاوازیشیان هەیە. بەدڵنیاییەوە هێنانەدی خواستەکانیش بەس نییە بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن. ڕەنگە فاکتەرگەلێکی زۆریش پێویست بن.

بۆ داڕشتنی ستراتیژەکان، پێویستە دیموکراتەکان ئامانجەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ڕوون بناسێنن و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجدا بڕیار دەربارەی چۆنییەتی ئەندازەگرتنی ڕێژەی سودوەرگرتن لە هەوڵەکان بدەن.

ناساندن و ئەنالیزەکردن ڕێگە بەداڕێژەرانی ستراتیژ دەدات تا بەوردی خواستەپێویستەکان بۆ دابینکردنی ئامانجە هەڵبژێردراوەکان دەستنیشان بکات. پرەنسیپی ڕوونی و ناساندن، هاوتای بەرنامەداڕشتنی تاکتیکییە.

تاکتیکەکان و ڕێبازەکانی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکان بەکاردەهێنرێن. تاکتیکەکان ئاماژەن بۆ بەکاربردنی دەسەڵاتەکان لەپێناو گەیشتن بە بالاترین ڕێژەی سودوەرگرتن لە هەلومەرجە سنوردارەکان. تاکتیك هەنگاوێکی سنوردارە کە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی گەورەو مەزن، بەکاردەهێنرێت.

هەڵبژاردنی تاکتیك وابەستە بەتێگەیشتن لەوەی کە چۆن لە قۆناغێکی تایبەتیانەی کێشمەکێشمێکدا، دەتوانرێ ئامرازەکان بۆ مەبەستی گێڕانی ڕۆڵی ستراتیژیانە بەکاربهێنرێت.

بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین سودوەرگرتن، پێویستە بەوردەکارییەکی تایبەتیانە تاکتیکەکان و ڕێبازەکان هەڵببژێردرێن و بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجەکان پیادەبکرێن. سودوەرگرتنە تاکتیکییەکان کە ئەگەری دەستەبەرکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان پتەو نەکەن، ڕەنگە سەرەنجام بە بەهەدەردانی وزە دابنرێت.

پاشان تاکتیک وابەستە بەزنجیرەیەک هەنگاوی سنوردارە کە لەستراتیژییەکدا لەگەڵ یەکتردا گونجێندراون. تاکتیکەکان هەمیشە پەیوەستن بەتێکۆشانەوە، لەکاتێکدا ستراتیژەکان سەرنج و تێبینی بەرفراوانتر لەخۆدەگرن.

تاکتیکی تایبەت تەنها بەشێکە لە ستراتیژی گشتی بۆ جەنگ یا زنجیرە چالاکییەک، تاکتیکەکان بە بەراورد لەگەڵ ستراتیژەکاندا لەماوەیەکی کاتی کورتتردا پیادەدەکرێن یا لە بازنەیەکی بچوکتردایە (لەڕوانگەی جیۆگرافیایی، ڕێکخراوەیی و...) یا بەبەشداربوونی خەڵکێکی کەمترە یا بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئامانجە سنوردارەکانە.

لە هەنگاوە ناتوندوتیژییەکاندا، گەورەیی یاخود بچوکی ئامانجەکە دەتوانێ تائەندازەیەک دەستنیشانی خەسڵەتەکانی نێوان ئامانجی تاکتیکی و ئامانجی ستراتیژی بکات. تێکۆشانە تاکتیکییە هێرشبەرەکان، بەئامانجی پشتیوانی لە هێنانەدی ئامانجە ستراتیژییەکان هەڵدەبژێردرێت.

تێکۆشانە تاکتیکییەکان ئامرازی ستراتیژیستەکانن بۆ دروستکردنی هەلومەرجێکی یاریدەدەر لەپێناو هێرشکردنێکی سەرتاسەری بۆسەر دوژمن.



کەواتە زۆر گرنگە ئەو کەسانەی بەرپرسیارێتی بەرنامەداڕشتن و جێبەجێکردنی چالاکییە تەکنیکییەکانیان پێدەسپێردرێت، لێهاتوو بن لەهەڵسەنگاندنی بارودۆخ و هەڵبژاردنی گونجاوترین ئەو ڕێبازانەی لەگەڵیدا دەگونجێت.

ئەو کەسانەی بڕیارواییە لەهەنگاوەکاندا بەشداربن، پێویستە بۆ بەکارهێنانی تاکتیکە هەڵبژێردراوەکان و ڕێبازە تایبەتەکان فێرکرابن.

ڕێبازەکە ئاماژە بۆ ئەو چەک و ڕێگای کارکردنانە دەکات کە لە تەکنیکی تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا دەیان هەنگاوی جۆراوجۆری وەک:(جۆرەکانی مانگرتن، هاوکاری نەکردنی سیاسی و هاوشێوەکانی) لەخۆدەگرێت کە لە فەسڵی پێنجەمدا ڕاڤەکراوە ( هەروەها بنۆڕە پاشکۆکە).

گەشەکردنی بەرنامەیەکی ستراتیژیی متمانەپێکراو و کاریگەر بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژی پەیوەندی بە فۆرمەڵەکردن و هەڵبژاردنی وردی ستراتیژی گەورە، ستراتیژەکان، تاکتیکەکان و ڕێبازەکانەوە هەیە.

وانەی سەرەکی ئەم باسە ئەمەیە کە بەرنامەداڕشتنی وردی ستراتیژییانە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە چنگاڵی دیکتاتۆریی، پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی پەیبردنی تاکە. هەڵە لەبەرنامەداڕشتنی هۆشمەندانەدا، دەتوانێ یاریدەی ڕوودانی کارەسات بدات، لەکاتێکدا کە سودوەرگرتنی کاریگەرانە لە توانستە عەقڵانییەکان دەتوانێ ڕێڕەوێکی ستراتیژی بخاتەڕوو کە بەسودوەرگرتن لەهێزی عەقڵانیانە، سەرچاوەکان بۆ مەبەستی بزواندنی کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دیموکراسی بەکاربهێنێت.

## بەشی حەوتەم

# بەرنامەدارشتنی ستراتیژی

بۆ زیادکردنی ئەگەری سەرکەوتن، سەرکردەکانی بەرگریی پێویستە بەرنامەی هەنگاونانێکی گشتگیرانە ئۆرگانیزە بکەن کە توانای بەهێزکردنی خەڵکی ستەملێکراو و هەروەها لاوازکردن و پاشان لەناوبردنی دیکتاتۆریی و دروستکردنی دیموکراسییەکی پایەداری هەبێت.

بۆ گەیشتن بەم بەرنامەیە، هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخ و چانسەکان بۆ هەنگاوێکی کاریگەرانە پێویستە. هەڵبەتە بەبێ ئەم شرۆڤە وردەش، ستراتیژە مەزن و ستراتیژە تایبەتەکانی زنجیرە تێکۆشانێك، هەردەتوانن گەشە بکەن. لەوێدا کە گەشەی ستراتیژی مەزن و ستراتیژەکانی زنجیرە



تێکۆشانێك دوو پرۆسەی لێك جیاوازن، تەنها دوای ئەوەی کە ستراتیژیی مەزن گەشەی کرد، ستراتیژە تایبەتییەکانیش بەتەواوەتی دەتوانن گەشە بکەن. ستراتیژە تایبەتەکانی زنجیرە تێکۆشانەکان پێویستە بەمەبەستی دەستەبەرکردن و پتەوکردنی ئامانجەکانی ستراتیژیی مەزن دابڕێژرێن.

گەشەی ستراتیژی بەرگریی پێویستییەکی وردی بەپرسیارو کاروباری زۆربەیە، لێرەدا پێویستە هەندێ لە پێوەرە گرنگەکان چ لەسەرئاستی ستراتیژی مەزن و چ لەسەر ئاستی ستراتیژی پەیوەندیدار بەزنجیرە هەنگاوەکان، لە یەکتر جیابکەینەوە کە واپێویستە بایەخیان پێبدرێت.

بەهەرحاڵ، تەواوی بەرنامەدارشتنە ستراتیژەکان پێویستیان بەئەمە هەیە کە داڕێژەرانی بەرگریی تێگەیشتنێکی قوڵیان بۆ سەرجەم بارودۆخی کێشمەکێشمەکە هەبێت کە ئەم کارەش ڕەچاوکردنی فاکتەرە فیزیکی، مێژوویی، دەوڵەتی، سەربازی، کلتوریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، سایکۆلۆژی، ئابوری و نێودەوڵەتییەکان لەخۆدەگرێت. ستراتیژەکان تەنها دەتوانن لە زادگای هەر تێکۆشانێکی تایبەتی و بەڕەچاوکردنی ڕەهەندەی گەشە بکەن.

سەرکردە دیموکراتەکان و بەرنامەداڕێژەرانی ستراتیژی، دەیانەوێت لەسەر بنەمای ئەولەوییەت ئامانجەکان و گرنگی پاڵنەرەکان هەڵبسەنگێنن. ئایا ئامانجەکان بەهای تێکۆشانێکی گەورەیان هەیە، بۆچی؟

دەستنیشانکردنی ئامانجی ڕاستەقینەی تێکۆشان زۆر گرنگە، ئێمە لێرەدا لەمبارەیەوە قسەمان کرد کە لەناوبردنی دیکتاتۆریی یا لابردنی

دیکتاتۆریی ئێستا بەس نییە، پێویستە ئامانجی ئەم تێکۆشانانە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد بێت بەسیستەمێکی حکومڕانی دیموکراسییەوە.

ڕۆشنکردنەوەی ئەم خاڵە کاریگەری لەسەر گەشەی ستراتیژی مەزن و ستراتیژە تایبەتەکان دادەنێت کە لەدەرەنجامی ئەون.

بەشێوەیەکی تایبەت، ستراتیژیستەکان پێویستیان بەوە دەبێت تا وەڵامی زۆر پرسیاری بنەڕەتی بدەنەوە، وەك:

*لەمپەرە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردنی ئازادی چین؟

*چ فاکتەرگەلێك دەستەبەرکردنی ئازادی ئاسان دەکەن؟

*دەسەڵات سەرەکی دیکتاتۆری لەچیدایە؟

*خاڵە لاوازە جۆراوجۆرەکانی دیکتاتۆری لە چیدایە؟

*سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆری تا چەند زیانیان پێ دەگەیەندرێت؟

*دەسەڵاتەکانی هێزی دیموکرات و خەڵك چ شتگەلێکن؟

*لاوازییەکانی هێزەکانی دیموکرات و خەڵك چ شتگەلێکن و چۆن دەتوانرێ ڕیفۆرم بکرێت؟

*بارودۆخی ئەو هێزە سێیەمانەی کە هێشتا نەچوونەتە کێشمەکێشەوە بەڵام هاوکاریی یەکێك لەم دوو لایەنە دەکەن یا ئەگەری ئەوە هەیە یارمەتی لایەنێك بدەن، چۆنە؟



### *هەڵبژاردنی ڕێباز

لەسەرئاستی ستراتیژی مەزن، داڕێژەرانی بەرنامەکە پێویستیان بەوە هەیە تا ئەو ڕێبازە سەرەکییە تێکۆشانە دەستنیشان بکەن کە بڕیارە لە کێشمەکێشەکانی ئایندەدا بەکاربهێنرێت.

شایستەییەکان سنورداریێتییەکانی هەریەك لە تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان وەك جەنگی کلاسیکی سەربازیی ، جەنگی پارتیزانی، تێکۆشانی سیاسی..هەڵبسەنگێندرێت.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە، ستراتیژیستەکان پێویستیان بەوە هەیە تا ئەمجۆرە پرسیارانە لەبەرچاوبگرن: ئایا مۆدیلی تێکۆشانە هەڵبژێردراوەکە لەتوانای دیموکراتەکاندایە؟ ئایا ڕێبازە تێکۆشانە هەڵبژێردراوەکە توانستی فیداکردنی هێزی خەڵکی ژێرستەمی هەیە؟ ئایا ئەم تەکنیکە خاڵە لاوازەکانی دیکتاتۆر دەکاتە ئامانج، یا هێرش دەکاتەسەر خاڵە بەهێزەکانی؟ ئایا ئەم ڕێبازە یاریدەی دیموکراتەکان دەدات تا پشت بەخۆیان ببەستن یا وابەستەی گروپەکانی سێیەم یا پشتیوانە دەرەکییەکانیان دەکات؟ پێشینەی ڕێبازە هەڵبژێردراوەکە بۆ هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆریی چییە؟ ئایا ئەم ڕێبازە ئەو زیان و وێرانکارییانەی کە بەهۆی کێشمەکێشەکانی ئایندەوە دێنەئارا، زۆرتر دەکات یا کەمتر؟ ئەگەر وا دابنێین لەکۆتاییهێنان بەدیکتاتۆریی سەرکەوتوو دەبین، ڕێبازە هەڵبژێردراوەکە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو جۆرە حکومەتە دەبێت کە لەکێشمەکێشەکەوە دێتەبەرهەم؟

پێویستە ئەو جۆرە هەنگاونانەی کە بەنەگونجاو دادەندرێن، لەگەشەی ستراتیژی مەزندا دوور بخرێنەوە.

له فەسڵەکانی پێشتردا دەلالەتمان هێنایەوە کە تێکۆشانی سیاسی، زاڵبوونێکی ڕێژەییانەی سەرەکی هەیە بەبەراورد لەگەڵ تەکنیکەکانیتری تێکۆشاندا، ستراتیژیستەکان دەبێ بە وردەکارانە لە هەلومەرجە تایبەتەکەی تێکۆشانی خۆیدا، بڕیاریش لەمبارەیەوە بدەن کە ئایا تێکۆشانی سیاسی وەڵامگەلێکی پۆزەتیڤ لەبەرامبەر پرسیارەکانی سەرەوەدا دەخاتەڕوو یاخود نا.

***بەرنامەداڕشتن بۆ دیموکراسی**

پێویستە لەبیرمان بێت کە ئامانجی ستراتیژی مەزن لە بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆریدا تەنها هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆریی نییە، بەڵکو ئامانجە سەرەکییەکەی خستنەکاری سیستەمێکی دیموکراسیو ڕێگەگرتن لە هاتنەئارای دیکتاتۆرە نوێیەکانە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، پێویستە ئەو ڕێبازەی بۆ تێکۆشان هەڵبژێردراوە بەشداریی لە دروستکردنی گۆڕاندا بکات بۆ دابەشکردنی هێزی کاریگەرانەی کۆمەڵگا. لەژێر حکومڕانی دیکتاتۆرییدا، خەڵکو ناوەندە مەدەنییەکان زۆر لاواز بوونو دەوڵەتیش بەهێزتر بووە. بەبێ دروستکردنی گۆڕان لەم ناهاوسەنگییەدا، گروپێکی نوێ لە حکومڕانان ئەگەر بیانەوێت ئەوا دەتوانن ببنە دیکتاتۆرەکانی رابردوو. بەڵام (شۆڕشی کۆشک)[١٦] یاخود کودەتا باش نییە.

١٦- (Palac Revolution) لە زاراوەی سیاسیدا بەمانای گۆڕینی دەسەڵات دێت لە ڕێگەی پیادەکردنی نەخشەیەکی داڕێژراوەوە لەلایەن هێزەکانی ناو بازنەی دەسەڵاتەوە (نوسەر).



تێکۆشانی سیاسی لەڕێگەی ئامادەباشکردنی کۆمەڵگا دژ بەدیکتاتۆری، بەهەمانشێوەی کە لەفەسڵی پێنجەمدا شرۆڤە کرا، یاریدەی دابەشکردنی دادپەروەرانەتری هێزە کاریگەرەکان لەکۆمەڵگادا دەدات.

ئەم پرۆسەیە لە چەند ڕێگەیەکەوە دەکرێت، بەرفراوانبوونی مەوداکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی بەم مانایەیە کە مەودای دیکتاتۆریی بۆ سەرکوتکردنی توندوتیژانە هیچیتر بەسادەیی لەناو خەڵکدا ترسو ملکەچی بەرهەم ناهێنێت. خەڵك بۆ بەگژداچوونەوەو ڕێگەگرتن لەپیادەکردنی زۆرەملێ لە لایەن دیکتاتۆرەوە، کۆمەڵە ڕێبازێکی بەهێزی لەبەردەمدایە. سەرەرای ئەوەش، ئامادەباشکردنی هێزەجەماوەرییەکان لەڕێگەی تێکۆشانی سیاسییەوە، دامەزراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگا پتەو دەکات.

ئەزموونی تاکە جارێکی پیادەکردنی کاریگەرانەی هێز، تا ماوەگەلێك فەرامۆش ناکرێت. زانستو لێهاتوویی کە لەتێکۆشانەوە بەدەستهێنراوە، دەبێتەمایەی ئەوەی تا خەڵك هیچیتر بەسادەیی نەچنە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرە نوێیەکانەوە. ئەم گۆڕانە لەپەیوەندییەکانی هێزدا، سەرەنجام زووتر دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی پایەدار فەراهەم دەکات.

***یارمەتی دەرەکی**

وەك بەشێك لە ئامادەکردنی ستراتیژیی مەزن، گرنگە کە ڕۆڵی بەرگریکارە ناوخۆییو هەروەها فشارە دەرەکییەکانیش بۆ ڕووخاندنی

دیکتاتۆریی هەڵبەسنگێندرێت و دەستنیشان بکرێت. لەم شرۆڤەیەدا دەلالەتمان بۆ ئەوە هێنایەوە کە هێزە سەرەکییەکانی تێکۆشان پێویستە لەناو خودی وڵاتەکەوە هەڵبقوڵێت. ئەمە تێکۆشانی ناوخۆییە کە یارمەتی نێودەوڵەتی تا ئەو ئەندازەیە دەبزوێنێت کە بێتە مەیدانەوە.

وەك یارمەتییەکی نەرمونیانتر، هەوڵەکان دەتوانن لەسەربنەمای مرۆڤدۆستی، ڕەوشت و پرەنسیپی ئایینی هانی ڕایگشتی جیهانی دژ بەدیکتاتۆرەکان بدات. هەوڵەکان دەتوانن بەمەبەستی بەدەستهێنانی سزا دیبلۆماسی، سیاسی و ئابورییەکان لەلایەن دەوڵەتان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دژ بەدیکتاتۆریی بەدەست بهێنن.

ئەم بوارانە دەتوانن لە شێوەی گەمارۆدانی ئابوری و سەربازی، کەمکردنەوەی ئاستی بەرەسمیناسینی دیبلۆماسیانە یا بڕینی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان، قەدەغەکردنی هاریکارییە ئابورییەکان و قەدەغەکردنی سەرمایەگوزاری لە وڵاتی دیکتاتۆریی، دەرکردنی دەوڵەتی دیکتاتۆریی لە ڕێکخراوە هەمەچەشنە نێودەوڵەتییەکان و پێکهاتەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێت. سەرەڕای ئەمە، یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بەهەمانشێوەی ئامادەکردنی یارمەتییە ئابوریی و پەیوەندییەکان، دەتوانرێ ڕاستەوخۆ بخرێنە خزمەت هێزە دیموکراتەکانەوە.

***ڕێکخستنی ستراتیژیی مەزن**

دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و هەڵبژاردنی ڕێبازو دەستنیشانکردنی ڕۆڵی یارمەتییە دەرەکییەکان، بەرنامەداڕێژەرانی



ستراتیژیی مەزن پێویستە پرۆژەیەکی گشتی لەباشترین پرۆسیس ئامادە بکەن کە دەتوانێ تێکۆشانەکە بەئاراستەیی ببات.

ئەم پرۆژە بەرفراوانە پێویستە لە ئێستاوە تا ئایندە، پرۆسەی بەدەستهێنانی ئازادی و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراسی لەخۆبگرێت. لە ئۆرگانیزەکردنی ستراتیژیی مەزندا، بەرنامەداڕێژەران پێویستیان بەوە هەیە تا پرسیاری جۆراوجۆر لەخۆیان بپرسن.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە جۆرەها سەرنج و تێبینی لە دانانی ستراتیژییێکی مەزن، دەخەنە ڕوو (بەشێوەیەکی دیاریکراوتر لە ڕابردوو) کە بۆ تێکۆشانی ساسی پێیستن.

گشتگیرترین وێنای گشتی سەبارەت بەوەی چۆن دەتوانرێ کۆتایی بە دیکتاتۆریی بهێنرێت و دیموکراسی ببێتە ئەلتەرناتیڤی چییە؟

چۆن دەتوانرێ بەباشترین شێواز دەست بە تێکۆشانی درێژخایەن بکرێت؟ خەڵکی ژێرستەم چۆن دەتوانن بڕوابوون بەخود و هێزی تەواو لە بازنەیەکی سنورداردا بەدەست بهێنن بۆ ئەنجامدانی تێکۆشان دژبە دیکتاتۆریی؟ لەگەڵ ڕابوردنی کات و ئەزمووندا پێویستە چۆن مەودای پیادەکردنی تێکۆشان و هاوکاری نەکردنی دیکتاتۆریی لەناو لەخەڵکدا زیاد بکرێت؟ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنەوەی دیموکراسییانە بەسەر کۆمەڵگاداو سنوردارکردنی دیکتاتۆریی، ئامانج لە کۆمەڵێ تێکۆشانی سنوردار چ شتگەلێکە؟ ئایا دامەزراوەی سەربەخۆ هەن کە لە دیکتاتۆریی ڕزگاریان بووبێت و ئەگەری سود لێوەرگرتنیان بۆ جێگیرکردنی ئازادی هەبێت؟ کام لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بەسەر کۆنترۆڵەکانی دیکتاتۆردا زاڵ بن، یا کام دامەزراوە پێویستە دووبارە بدرێتەوە دەست دیموکراتەکان بەمەبەستی وەڵامدانەوەی

پێداویستییەکانیان و دامەزراندنی کەشێکی دیموکراسی تەنانەت لەکاتی بەردەوامبوونی دیکتاتۆریشدا؟ دەسەڵات دامەزراوەیی چۆن دەتوانێت لەبەرگریکردندا گەشە بکات؟ بەشداربووان چۆن دەتوانن فێربن؟ لە تێکۆشاندا چ سەرچاوەگەلێك پێویستە (دارایی، ئامرازو...) پێویستە؟ چ جۆرە سیمبولێك دەتوانن بەکاریگەریترین شێواز چین و توێژەکان ئامادەباش بکەن؟

لە ڕێگەی چ جۆرە هەنگاونانێك و لەماوەی چ قۆناغێکدا دەتوانرێ سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆریی بەشێوازێکی هەمیشەییانە لاواز بکرێن و سەرەنجام لەناوببردرێن؟ خەڵکانی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەتوانن هاوکات پێداگریی لەسەر تێکۆشان بکەن و لەهەمانکاتدا پرەنسیپی پێویستیش بۆ ناتوندوتیژی ڕەچاو بکەن؟ سیستەمی کۆمەڵایەتی چۆن دەتوانێ لەساتی کێشمەکێشمدا بپارێزرێت؟ کاتێك سەرکەوتن نزیك بۆتەوە، بەرگریکارانی دیموکرات چۆن دەتوانن بەردەوام بن لە بنیاتنانی بناغەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگای پۆست دیکتاتۆریی بۆ ئەوەی تا ئەو شوێنەی لە توانادایە، ڕێگاکە خۆش بکەن؟

پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە بەرنامەی کاریی یەکتا بوونی نییە، یا ناتوانرێ هەبێت کە لەسەر ئەو بنەمایە بتوانرێ بۆ هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی دژ بە دیکتاتۆریی، ستراتیژێکی مەزن دابڕێژرێت. هەرتێکۆشانێك بۆ هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆرییەتێك و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکرات تائەندازەیەك لە تێکۆشانەکانیتر جیاواز دەبێت. هیچکاتێك دوو پێگەی هاوشێوەی یەکتر بوونی نابێت. هەر دیکتاتۆرێك هەندێ خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و مەودای ئازادیخوازی خەڵکیش لە گەڵ یەکتردا جیاواز دەبێت.



بەرنامەداڕێژەرانی ستراتیژیی مەزن بۆ تێکۆشانی سیاسی نەك تەنها بۆ هەلومەرجی تایبەت بە تێکۆشانەکەی خۆیان، بەڵکو بۆ ڕێبازە هەڵبژێردراوەکەشیان بۆ تێکۆشان پێویستیان بە تێگەیشتنێکی قوڵ هەیە.

کاتێ ستراتیژیی مەزن بەوردییەوە داڕێژرا، بەڵگەگەلێکی ڕوون بۆ ئاشکراکردنی هەیە. ژمارەیەکی زۆری خەڵك کە ستراتیژیی مەزن پێویستی بە بەشداربوونیانە، لەکاتی تێگەیشتنی چەمکە گشتییەکەیدا، وەك فەرمانە تایبەتەکان ڕەنگە خەڵك بە حەزوئارەزوو و توانایەکی زۆرترەوە هەنگاو بۆ بەشداربوونی بنێن. ئەم زانستە بەشێوەیەکی بەهێز کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی لە ڕۆحییەت و ئینتیمای ئەواندا بۆ بەشداربوون و ئەنجام دان گونجاوانە دەبێت. بەهەرحاڵ پرۆژەی گشتی ستراتیژیی مەزن بۆ دیکتاتۆر ئاشکرا دەبێت و زانینی تایبەتمەندییەکانی بەتوندی دەبێتەمایەی ڕێنماکردنی دیکتاتۆر بەرەو کەمکردنەوەی دڵڕەقییەکانی لە سەرکوت کردندا.، لەبەرئەوەی ئەو تێدەگات کە ئەم دڵڕەقیانە دەکرێ بەشێوەیەکی سیاسیانە بەرەو ڕووی خۆی بگەڕێتەوە[١٧]. ئاگاداربوون لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی ستراتیژیی مەزن دەتوانێ بەشێوەیەکی بەهێز ببێتەمایەی دەرکەوتنی ناکۆکی و وازهێنان لەخزمەت لە ئۆردوگای دیکتاتۆردا.

[١٧]– بەومانایەی هەتاوەکو توندوتیژی لەلایەن دیکتاتۆرەوە دژ بەخەڵك پیادە بکرێت، بەهەمان ئەندازەش خەڵك بەگژ دیکتاتۆریدا دەچێتەوە. هەروەکچۆن لە لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەگەڵ دەرکەوتن و هاتنەئارای هەر ڕژێمێکی ستەمکار، شۆڕشێکی مەزنیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕژێمە داگیرکەرە هاتۆتەئارا. (و–ك).

کاتێ کە بەرنامەی ستراتیژییانە بۆ هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆریی و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی داڕێژرا، بۆ لایەنگرانی دیموکراسی گرنگە کە پێداگری لەسەر پراکتیزەکردنی بکەن. تەنها لە هەلومەرجێکی زۆر دەگمەندا تێکۆشان دەتوانێ ڕێگەی خۆی لە ستراتیژیی مەزنی بەرایی جیا بکاتەوە. بەرنامەداڕێژەران تەنها کاتێ کە کۆمەڵە بەڵگەیەکی زۆر هەبێت کە ستراتیژە مەزنە هەڵبژێردراوەکە هەڵە بووە، یا کاتێ کە هەلومەرجی تێکۆشان بەشێوەیەکی بنەڕەتیانە گۆڕا بن، لەوانەیە پێویستیان بە گۆڕان لە ستراتیژیی مەزندا هەبێت. تەنانەت ئەوکاتەش، ئەم کارە دەبێ تەنها دوای ئەمە ئەنجام بدرێت کە هەڵسەنگاندنێکی سەرلەنوێ ئەنجام بدرێت و پرۆژەیەکی ستراتیژی مەزنی نوێ پەرەی پێدرابێت و قبوڵ کرابێت.

### *بەرنامەداڕشتنی ستراتیژی تێکۆشان

هەرچەندە ئەو ستراتیژە مەزنەی بۆ کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی دیموکراسی، گەشەکردوو و هۆشمەندانەو ئومێدبەخشیش بێت، ئەوا ستراتیژێکی مەزن هەرلەخۆیەوە ئەنجام نادرێت. ستراتیژە تایبەتەکان دەبێ بۆ سەرکردایەتیکردنی زنجیرە چالاکییەکی تێکۆشان بە ئامانجی شرۆڤەکردنی هێزی دیکتاتۆر گەشەیان پێبدرێن.

ئەم ستراتیژییانە بەدوای یەکدا زنجیرە چالاکییەکی تاکتیکی لەگەڵ یەکتردا دەگونجێنێت کە ئامانجەکەیان کاری لێدانی دیکتاتۆرە. پێویستە تاکتیکەکان و ڕێبازە تایبەتییەکانی هەنگاونان، بەوردیی هەڵببژێردرێن تا بتوانن لە دەستەبەرکردنی ئامانجە تایبەتییەکانی هەر



ستراتیژێکدا بەشداربن. باسەکە لێرەدا تەنها لەسەرئاستی ستراتیژدا چڕدەبێتەوە.

ئەو ستراتیژیستانەی بەرنامەڕێژی بۆ زنجیرە تێکۆشانێکی مەزن ئەنجام دەدەن وەك ئەوانەی کە بەرنامەڕێژیان بۆ ستراتیژێکی مەزن کردووە، پێویستیان بەتێگەیشتنێکی کامڵ هەیە بۆ سروشت و شێوازەکانی کاری تەکنیکی تێکۆشانە هەڵبژێردراوەکە. دروست بەهەمانشێوەی کە سەرکردە سەربازییەکان پێویستە لە ستراکتورەکان، تاکتیکەکان، هونەری لەشکرکێشی، خۆپڕچەککردن، کاریگەرییە جیۆگرافیایی و هاوشێوەکانیان بۆ داڕشتنی ستراتیژی سەربازیی تێبگەن، بەرنامەداڕێژەرانی تێکۆشانی سیاسیش پێویستە تێگەیشتنێکی تەواویان بۆ سروشت و پرەنسیپی ستراتیژی تێکۆشانی ناتوندوتیژی هەبێت. هەرچەندە تەنانەت لەگەڵ هەبوونی زانیاریش دەربارەی تێکۆشانی ناتوندوتیژئامێز، سەرنجدان لە ئامۆژگارییەکانی ئەم کتێبەو پرسیارو وەڵامەکانیشی، خۆی لەخۆیدا ستراتیژەکان ناهێنێتەئارا. ڕێکخستنی ستراتیژەکانی تێکۆشان پێویستی بەهێزێکی داهێنەرانەی پەروەردەکراو هەیە.

لە بەرنامەداڕشتن بۆ زنجیرە تێکۆشانێك بەتایبەتی و لەپێناو گەشەیەکی ماوەدرێژخایەنتری تێکۆشانی ئازادیخوازانەدا، پێویستە ستراتیژیستەکانی تێکۆشانی سیاسی زۆر بیر بکەنەوە دەربارەی ئەوەی پێویستیان پێیەتی تا دەگاتە مەسەلەو کێشەکان. وەك:

*دەستنیشانکردنی ئامانجە تایبەتەکانی زنجیرە تێکۆشانێك و پشکیان لەبەرەوپێشبردنی ستراتیژیی مەزندا.

*لەبەرچاوگرتنی ڕێبازە تایبەتەکان یا ئەو چەکە سیاسیانەی کە دەتوانن بەباشترین شێواز لەپێناو بەرەوپێشبردنی ستراتیژە هەڵبژێردراوەکە بەکاربهێندرێن.

لە ناواخنی هەر نەخشەیەکی گشتی بۆ زنجیرە تێکۆشانێکی تایبەت، واپێویستە ئەوە دەستنیشان بکەین کە هەم نەخشە گچکەترە تاکتیکییەکان و هەم ڕێبازەکانی هەنگاونان دەبێ بۆ دروستکردنی فشارو سنوردارکردنی سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆر بەکاربهێنرێن. پێویستە ئەوەمان لەیادبێت کە گەیشتن بەئامانجە مەزنەکان، دەرەنجامی هەڵبژاردنی وردو تەی کردنی هەنگاوە بچوکەکانە.

*دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا مەسەلە ئابورییەکان دەبێ لەگەڵ تێکۆشانی سیاسیدا وابەستەبن و ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، چۆن؟ ئەگەر مەسەلە ئابورییەکان لە تێکۆشاندا گرنگن، پێویستە لە بیری ئەمەدابین کە نارەزاییە ئابورییەکان دوای کۆتایهاتنی دیکتاتۆریی[18] ڕیفۆرم بکرێن.

[18]–ئەم هەقیقەتەی نوسەر لێرەدا ئاماژە بۆ کردووە، گرنگترین کێشەی دوای ڕاپەرینی (١٩٩١)ی کوردستان بوو، چونکە دوای پاشەکشەی ڕژێمی عیراق لە کوردستان حکومەتی خۆماڵی کوردیی نەیتوانی دەزگاکانی خۆی لە بەکارهێنەرەوە بکاتە بەرهەمهێنەر. بەڵام رژێمی ئیران دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩) توانی ئەم قۆناغە بەسەرکەوتوویی ببڕێت و ڕیفۆرم لە بواری ئابوریدا بکات، تەنانەت هەر بەرهەمێك کە لەئەوروپاو ئەمریکا بەرهەم دەهێنرا لە ئیران لاسایی دەکرایەوەو بەشێوازی ئیرانیانە بەرهەم دەهێنرایەوە، ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەم بەرهەمانەی ئیران ببووە مایەی گاڵتەجاڕیی، بەڵام دواتر دەرکەوت کە عەقڵییەتێکی بەرهەمهێنەر لەپشت ئەم مەسەلەیەوە بووە چونکە ئیران توانی بگاتە قۆناغی لەخەمڕسکان (ئۆتارشییەت) و ئەگەرچی گەمارۆی وڵاتان و نارەزایەتی میللەتانی ناو ئیرانیش لەئارادا بوو، هەرتوانی درێژە بە حکومڕانی خۆی بدات . (و–ك).



بەدەرلەمە، ئەگەر ڕێگاچارە خێراکان لە قۆناغی ڕەوتکردن بەرەو دیموکراسی ئامادە نەبن، نارەزایەتی و بێئینتیمایییەکان دەست پێدەکەن.

ئەمجۆرە نارەزایەتیانە دەتوانن ئاسانکاریی بۆ دووبارە دەرکەوتنەوەی ئەو هێزە دیکتاتۆرییانە بکەن کە بەڵێنی کۆتایهێنان بە کێشەکان دەدەن.

*بەرلە هەموو شتێك دەستنیشانکردنی ئەوەی کە چ جۆرە سەرکردایەتی و چ جۆرە سیستەمێکی پەیوەندی، باشترین میکانیزمە بۆ دەستپێکردنی تێکۆشان؟ کام لە ڕێبازەکانی بڕیاردان و جێگیرکردنی پەیوەندی بەدرێژایی سەردەمی تێکۆشان، دەبنە ڕێنماییەکی هەمیشەییانەی بەرگریکاران و خەڵك؟

*لە گەیاندنی هەواڵەکانی بەرگریی بۆ خەڵك، هێزەکانی دیکتاتۆریی و میدیا نێودەوڵەتییەکان، پێویستە هەمیشە بانگەشەو ڕاپۆرتەکان بەتەواوەتی ڕاستەقینە بن. گەورەکردنەکان و بانگەشە بێبنەماکان، متمانەی بەرگریکاران کەم دەکاتەوە.

*بەرنامەداڕشتن لەپێناو هەنگاونان بۆ ئۆتارشییەت (لەخەمڕسکان) و قازانجی کۆمەڵایەتی، فێرکاریی، ئابوری و سیاسی بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی خەڵك بەدرێژایی تێکۆشانەکە. ئەم نەخشانە تەنانەت دەتوانرێ لەڕێگەی ئەو کەسانەوە سەرکردایەتی بکرێن کە ڕاستەوخۆ لەهەنگاوە بەرگرییەکانیشدا بەشدار نین.

*دەستنیشانکردنی ئەمەی کە چ جۆرە چاوەڕوانییەك لە هاریکارییەکی دەرەکی بۆ پشتیوانی لەزنجیرە هەنگاونانێك بەتایبەتی و یاخود سەرجەم تێکۆشانە ئازادیخوازەکە دەکرێت. هاریکاریی دەرەکی

چۆن دەتوانرێ بەباشترین شێواز بەکاربهێنرێت بەبێ ئەوەی تێکۆشانی ناوخۆیی وابەستەبکات بەفاکتەری دەرەکییەوە؟ پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاوبگیردرێت کە کام لەگروپە دەرەکییەکان بۆ هاریکاریی، گونجاوترو شایستەترن. بۆ نمونە ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، گروپە ئایینی یا سیاسییەکان، یەکێتییە کرێکارییەکانو...)، دەوڵەتانو یا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو بەشە جۆراوجۆرەکانی.

سەرەڕای ئەمە، بەرنامەداڕێژەرانی بەرگریی پێویستە لەماوەی بەرگریی چینایەتی دژ بەکۆنترۆڵی دیکتاتۆریی، لەپێناو پاراستنی سیستەمو لەبەرچاوگرتنی ئەرکەکانی کۆمەڵگادا کۆمەڵە هەنگاوێك لەلایەن هێزەکانی خۆیەوە ئەنجام بدەن. ئەم مەسەلەیە نەك تەنها دەبێتەمایەی دروستبوونی جۆرێکی نوێی ستراکتوری سەربەخۆی دیموکراسییانەو لەم ڕێگایەشەوە هاریکاریی ئامانجە سەرەکییەکان دەکات، بەڵکو لەهەمانکاتدا متمانەی هەرجۆرە بانگەشەیەکیش لەناودەبات کە سەرکوتکردنی بێبەزەییانە بەپێویست دابنێت بۆ بەگژداچوونەوەی ئانارشیستێتیو نایاسایێتی.

***بەرفراوانبوونی ئەندێشەی هاوکاری نەکردن**

بۆ تێکۆشانێکی سەرکەوتووانە دژ بە دیکتاتۆریی، زۆر پێویستە کە خەڵك بەتەواوەتی لە ئەندێشە هاوکاریینەکردن تێبگەن.

بەهەمانشێوەی لە چیرۆکی "ئاغای مەیمونەکان"دا (بنۆڕە فەسڵی سێیەم) شرۆڤەکرا، بیرۆکە سەرەکییەکەی سادەیە: ئەگەر ژمارەیەکی



تەواو لەژێردەستەکان لەگەڵ سەرکوتکردنیشدا ماوەیەکی تەواو درێژە هاوکاری دیکتاتۆر نەدەن، سیستەمە ستەمکارەکە لاواز دەبێتو سەرەنجام هەرەس دەهێنێت.

ئەو خەڵکەی لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا دەژین، ڕەنگە بەرلەمەش لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە ئاشنای ئەم چەمکە بووبێتن، لەگەڵ ئەمەشدا هێزە دیموکراتەکان پێویستە بەئەنقەست لەڕووی فیکرییەوە، ئەندێشەی هاوکاری نەکردن گشتگیر بکەن.

چیرۆکی (ئاغای مەیمونەکان) یا چیرۆکێکی لەوشێوەیە، دەتوانرێ لەتەواوی کۆمەڵگادا پەخشو بڵاوبکرێتەوە.

ئەمجۆرە چیرۆکانە بەئاسانی شیاوی تێگەیشتنە. یەکجار کە چەمکی گشتیانەی هاوکاری نەکردن تێگەیێنرا، خەڵك لەپێناو هاوکاری نەکردن لەگەڵ دیکتاتۆردا دەتوانن بایەخ بە بانگهێشتەکانی ئایندە بدەن. هەروەها خەڵك دەتوانن لەپێگە نوێیەکاندا، هەزاران چەشنی جۆراوجۆر لەڕێبازەکانی هاوکاری نەکردن دابهێنن.

لەگەڵ بوونی کێشەو مەترسییەکانی هەوڵدان بۆ پەخشکردنی ئەندێشە، هەواڵو فێرکارییەکانی بەرگریی لەژێر حکومەتی دیکتاتۆریدا، چەندینجار دیموکراتەکان سەلماندوویانە کە ئەنجامدانی ئەم کارانە فەراهەم دەکرێت. تەنانەت لە حکومەتی ئەڵمانیای نازیو یەکێتی سۆڤییەتی کۆمۆنیستەکاندا، ئەم چانسە بۆ ئۆپۆزسیۆنەکان هەبوو کە بەسودوەرگرتن لەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە نایاساییەکان، نامیلکەکان، کتێبەکانو لەم ساڵانەی دوایشدا بەهۆی کاسێتە دەنگیو

ڕەنگییەکانەوە[19] نەک تەنها لەناو کەسە سەربەخۆکاندا بەڵکو تەنانەت لەگەڵ وەرگرە بەرفراوانو گشتییەکانیشدا پەیوەندی بەرقەرار بکەن.

بەهاریکاریی ئەو بەرنامە ستراتیژییەی پێشتر ئامادەکراوە، دەتوانرێ پەیڕەونامە گشتییەکانی بەرگریی ئامادەو بڵاوکرێنەوە. ئەم پەیڕەونامانە ئەوە بەخەڵك نیشان دەدات کە پێویستە لەسەر چ مەسەلەیەكو لەژێر چ هەلومەرجێکدا بەرگریی بکەنو خۆیان لەهاوکاریکردنی دیکتاتۆر بەدووربگرنو پێویستیشە ئەم کارانە چۆن ئەنجام بدەن.

هەنوکە، تەنانەت ئەگەر پەیوەندی خەڵك بەهێزە دیموکراتەکانیشەوە بپڕدرێتو کۆمەڵە بڕیارێکی تایبەتیش دەرنەکرێن، یا خەڵك توانایی دەستەبەرکردنیانی نەبێت، خەڵك هەر دەیانەوێ بزانن کە پێویستە چۆن لەمەسەلە گرنگەکاندا کاردانەوە نیشان بدەن.

هەروەها ئەم پەیڕەونامانە دەتوانن وەك ئەزموونێك کار بۆ دیاریکردنی متمانەی (دەستورە بەرگرییە درۆکان) بکەن کە لەلایەن پۆلیسی سیاسییەوە بەمەبەستی بزواندنی خەڵك بۆ کاری بەدناو بڵاودەکرێنەوە.

[19]– شۆڕشی کاسێت دوای دەرکەوتنی ئایەتوڵڵا خومەینی وەك سەرکردەیەکی رۆحی، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی ئەو وڵاتانەی بزووتنەوەی چەکداریان تێدابوو بووەباو. کورتەکەشی بریتی بوو لە تۆمارکردنی وتاردانە گرنگەکانی سەرکردە ڕۆحییەکانو پەیڕەو و پڕۆگرامی ڕادیۆیی بۆ سەر کاسێتو دواتر لەناو خەڵکدا بڵاودەکرایەوە. هەرچەندە بەشێکی زۆر لەم سەرکردانە دواتر بوونە دیکتاتۆرو میللەتانیان چەوساندەوە. (و–ك)



***سەرکوتکردنو هەنگاوی بەرامبەر**

داڕێژەرانی ستراتیژ پێویستە کاردانەوەو سەرکوتکردنەکانو بەتایبەتی لەدوادوای توندوتیژیی دیکتاتۆریی لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتەکاندا، هەڵبسەنگێنن.

پێویستە بڕیار لەوە بدرێت کە چۆن دەبێ بەرگریی بکرێت، کردەی بەرپەرچدانەوە ئەنجام بدرێت یاخود بەبێ تەسلیمبوون خۆ لەسەرکوتکردنە توندوتیژەکان بپارێزرێت.

لەڕووی تاکتیکییەوە، لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا پێویستە هۆشداری گونجاو دەربارەی سەرکوتکارییە چاوەڕوانکراوەکان بدرێتە خەڵكو ئۆپۆزسیۆن تا ئاگاداری ڕیسکی بەشداربوونی خۆیان بن. ئەگەر ئەگەری سەرکوتکردنێکی توند هەبێت، پێویستە پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەت بە برینداران ئامادە بێت.

لەگەڵ ئەگەری سەرکوتکردندا، ستراتیژیستەکان پێشتر بەتەواوەتی هەوڵی خۆیان دەدەن تا ئەو تاکتیكو ڕێبازانە پیادە بکەن کە لەگەڵ هاوکاریکردن بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان یا ئازادی، ئەگەری ڕوودانی سەرکوتکارییە دڕندەییەکان بگەیەننە کەمترین ڕێژە. بۆنمونە خۆپیشاندانو ڕێپێوانی خەڵك لە شەقامەکاندا دژ بەدیکتاتۆرییە توندەکان، ڕەنگە سەرسوڕهێنەر بێت بەڵام گیانی هەزاران خۆپیشاندەر دەخاتە مەترسییەوە.

قوربانیدانی زۆری دیموکراتەکان مەرج نییە بەمانای زۆر فشار خستنەسەر دیکتاتۆر بێت، بەبەراورد لەگەڵ ئەو کاتەدا کە هەمان ئەو خەڵکە لەماڵەکانی خۆیاندا دەمانەوەو بەمانای مانگرتن یا هاوکاری

نەکردنی بەرفراوانی کارمەندانی دەوڵەت نییە. ئەگەر پێشنیاز کرا کە هەنگاوی بەرگریکارانەی جوڵانئامێز کە مەترسییەکی زۆری بەدواوەیە بۆ ئامانجێکی ستراتیژیی پێویست بێ، ئەوکاتە دەبێ بەوردیی بیر لە باج و سودەکانی ئەم پێشنیازە بکرێتەوە.

ئایا خەڵك و ئۆپۆزسیۆن لەماوەی تێکۆشاندا بەدیسپلین و سروشتی ناتوندوتیژییەوە ڕەفتار دەکەن؟ ئایا دەتوانن لەبەرامبەر جوڵانەوە توندوتیژییەکاندا بەرگریی بکەن؟ بەرنامەداڕێژەران پێویستە دەربارەی ئەمە بیربکەنەوە کە لەگەڵ بوونی دڕندایەتیشدا پێویستە چ هەنگاوێك بۆ پاراستنی دیسپلینی ناتوندوتیژی و بەردەوامبوونی بەرگریی بنرێت؟ ئایا ئەم هەنگاوانە وەك بەڵێننامەکان و جاڕنامەکانی دەستنیشانکردنی پرۆگرامە دیسپلینییەکان، ئامادەکەرانی سیستەمی خۆپیشاندەران و بێبەشکردنی کەسان و گروپە توندوتیژخوازەکان؛ دێنەدی و سودمەندن؟.

سەرکردەکان پێویستە هەمیشە سەبارەت بەئامادەگی کرێکارە بزوێنەرەکان هۆشیاربن کە ئەرکەکەیان بەئاراستەدابردنی خۆپیشاندانە بەرەو توندوتیژی.

***وەفاداریی بۆ بەرنامەی ستراتیژیانە**

یەك جار کە بەرنامەی ستراتیژیی بەدروستی جێبەجێکرا، هێزە دیموکراتەکان نابێ بەهۆی جوڵانەوە لاوەکییەکانی دیکتاتۆرەوە لە ڕەوتی خۆیان لابدەن کە لەوانەیە دیموکراتەکان لە ستراتیژیی مەزن و ستراتیژەکانی پەیوەندیدار بەزنجیرە چالاکییەکی تایبەتەوە بەلاڕێدا



ببات و ببێتەهۆی ئەوەی کە هەنگاوەکانیان بۆ مەسەلە کەم بایەخەکان تەرخان بکەن.

بەهەمانشێوەش نابێ ڕێگە بە هەڵچونە کاتییەکان بدرێت (کە لەوانەیە بۆ کاردانەوە لە بەرامبەر دڕندایەتی نوێی دیکتاتۆردا بێت) و ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتەکان لە ستراتیژیی مەزن یا ستراتیژەکانی پەیوەندیدار بەزنجیرە چالاکییەك لابدات. ڕەنگە ئەم دڕندایەتییە نەخشە بۆکێشراوانە دروست کرابن تا هێزە دیموکراتەکان توڕە بکەن و بیانبزوێنێت بۆ ئەوەی واز لەپلانەکەی خۆیان بهێنن و تەنانەت بکەونە هەنگاوی توندوتیژئامێزانەوە، واتا لەو بوارەدا کە دیکتاتۆرەکان بە باشی دەتوانن شکستیان پێبهێنن.

تا ئەوکاتەی شرۆڤەیەکی سەرەکی دروستانە ئەنجام دەدرێت، ئەرکی ئازادیخوازان بەرەوپێشچوونی قۆناغ بەقۆناغە. بەدڵنیاییەوە لە تاکتیکەکان و ئامانجەکاندا کۆمەڵە گۆڕانێك دێتەئاراو سەرکردە باشەکان هەمیشە ئامادەگیان بۆ سودوەرگرتن لە چانسەکان هەیە. ئەم پلانانە نابێت لەگەڵ ئامانجەکانی ستراتیژیی مەزن و ستراتیژەکانی پەیوەندیدار بەزنجیرە چالاکییەکەوە بشێوێندرێن. جێبەجێکردنی وردەکارانەی ستراتیژییە مەزنە هەڵبژێردراوەکە و ستراتیژەکانی پەیوەندیدار بە زنجیرە چالاکییەکی تایبەتەوە، پشکێکی گەورە لەپێناو گەیشتن بە سەرکەوتندا دەگێڕێت.

## بەشی هەشتەم

# پیادەکردنی تێکۆشانی سیاسی

لەو بارودۆخانەی خەڵك هەست بە بێهێزیو ترس دەکەن، گرنگە کە یەکەمین هەنگاو کەم مەترسی بێت بۆ خەڵكو هەستی متمانەبەخۆبوونیان تیادا بهێنێتەدی. ئەم جۆرە هەنگاوانە — وەك پۆشینی جلوبەرگ بەڕێگەیەکی نائاسایی— دەتوانن ناڕەزایەتی گشتی نمایش بکەنو فرسەتێك بۆ خەڵك فەراهەم بکەن تا بەشێوەیەکی مانادارانە بەشداریی لە هەنگاوە ناڕەزایەتییەکاندا بکەن.

لە مەسەلەکانیتردا دەتوانرێ بابەتێکی ناسیاسیو تا ئەندازەیەك بچوكو ڕواڵەتیانەش (وەك دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئاوی پاك) بخرێتە چەقی ئاراستەی هەنگاوە بەکۆمەڵەکانەوە. پێویستە ستراتیژیستەکان مەسەلەیەك هەڵبژێرن کە بەهاکەی بۆ هەمووان ناسراو بێتو ئەنجامی قبوڵ نەکردنەکەشی دژوار بێت. سەرکەوتن لەم زنجیرە



تێکۆشانە بچوکانەدا سەرەڕای ئەوەی کێشەیەکی بچوك چارەسەر دەکات، خەڵکیش لەهەمبەر بوونی هێزێکی پتەو دڵنیا دەکات.

ئامانجی زۆرینەی ستراتیژیستەکانی زنجیرە تێکۆشانێك لە کێشمەکێشێکی درێژخایەندا، نابێ لەناوبردنی تەواوەتیانەی دیکتاتۆریی بێت بەڵکو لەبری ئەوە، پێویستە ئەم ستراتیژە بەدوای بەدەستهێنانی ئامانجێکی سنوردارەوە بن. بەهەمانشێوەش تەواوی زنجیرە تێکۆشانەکانیش پێویستیان بەبەشداربوونی سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵگا نییە.

لەکاتی بیرکردنەوە دەربارەی زنجیرە چالاکییەك بەتایبەتی بۆ بەرەوپێشبردنی ستراتیژیی مەزن، ستراتیژیستە تێکۆشەرەکان پێویستیان بەوە هەیە تا بەوردەکارییەوە بیر لەبوونی جیاوازییەکانی قۆناغەکانی سەرەتایی، نێوەنجیو کۆتایی تێکۆشانێکی درێژخایەن بکەنەوە.

### *بەرگرییە هەڵبژاردەکان

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێکۆشاندا، زنجیرە تێکۆشانێکی سەربەخۆ بەئامانجە تایبەتییەکانییەوە دەتوانێ زۆر سودمەند بێت. ئەم جۆرە تێکۆشانە هەڵبژاردانە، پێویستە یەك لەدوای یەك پیادە بکرێت. جارجاریش دوو یا سێ هەڵبژاردەیان لەوانەیە پێکەوە پیادەبکرێن.

لە بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیدا بۆ هەڵبژاردنی بەرگرییەکان گرنگە کە مەسەلە تایبەتو سنوردارەکان یان ئەو کێشانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ستەمکارێتی دیکتاتۆر نیشان دەدەن، دیاری بکرێت. ئەم جۆرە

مەسەلانە دەتوانن ئامانجگەلێکی گونجاو بن بۆ بەئاراستەدابردنی زنجیرە تێکۆشانێك کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێ ئامانجە ستراتیژییە نێوەنجییەکان لە ستراتیژی گشتیدا دەستەبەر بکرێت.

ئەم ئامانجە ستراتیژییە مام ناوەندییانە پێویستە لەلایەن مەودای هێزی هەنوکەییانەی هێزە دیموکراتەکانەوە شیاوی دەستەبەرکردن بن. ئەم مەسەلەی دەستەبەرکردنە دواتر سەرکەوتنەکان فەراهەم دەکات کە بۆ ڕۆحی خەڵك سودمەندەو هەروەها لەتێکۆشانی درێژخایەندا دەبێتەمایەی گۆڕانێکی کاریگەرانە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا.

ستراتیژییەکانی بەرگریە هەڵبژێردراوەکان، پێویستە لەسەرەتادا لەسەر مەسەلە تایبەتە کۆمەڵایەتی، ئابوری یا سیاسییەکان چڕ بکرێنەوە. ئەوان دەتوانن بەئامانجی هێنانەدەرەوەی بەشێك لە کۆمەڵگاو سیستەمی سیاسی لەژێر کۆنترۆڵی دیکتاتۆردا، یا بۆ وەرگرتنەوەی کۆنترۆڵی ئەو بەشانەی کە ئێستا لەلایەن دیکتاتۆرەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، یا سەرەنجام بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر لە بازنەیەکی دیاریکراودا هەڵببژێردرێن.

بەهەمانشێوەی پێشتر وترا، ئەگەر ئەو چانسە هەبێت کە زنجیرە تێکۆشانێکی پەیوەندیدار بەبەرگرییە هەڵبژێردراوەکان هێرش بکەنە سەر یەك یا چەند خاڵێکی لاوازی دیکتاتۆر، لەم ڕێگایەوە دیموکراتەکان دەتوانن تا بەپێی مەودای هێزی خۆیان کاراترین لێدان ئەنجام بدەن.

ستراتیژیستەکان بەخێرایی پێویستیان بەوە دەبێت تا لایەنی کەم ستراتیژیەتی یەکەمین زنجیرە تێکۆشان دابڕێژن. بەڵام ئامانجە سنوردارەکانی دەبێ چ شتگەلێك لەخۆبگرن؟ ئەم زنجیرە تێکۆشانە چۆن



دەتوانن یاریدەی ڕۆڵی ستراتیژە مەزنە هەڵبژێردراوەکە بدەن؟ ئەگەر فرسەت هەبێت، کارێکی هۆشیارانەیە کە بەلایەنی کەمەوە هێڵە گشتییەکانی ستراتیژێکی پەیوەندیدار بەزنجیرە چالاکییە دووەمو سێیەمەکانیش ئۆرگانیزە بکرێن. هەموو ئەم ستراتیژیانە پێویستە یاریدەی بەرەوپێشبردنی ستراتیژە مەزنە هەڵبژێردراوەکە بدەنو لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانیدا کار بکەن.

### *تێکۆشانی سیمبولی

لە کاتی دەستکردن بەزنجیرە تێکۆشانێك بەمەبەستی لاوازکردنی دیکتاتۆری، ڕەنگە لەسەرەتادا مەیدانی کاری هەنگاوە سیاسییەکان سنوردار بێت. ئەم هەنگاوانە پێویستە بەئامانجی هەڵسەنگاندنو کاریگەردانان لەسەر بارودۆخی خەڵكو ئامادەباشکردنیان بۆ شوێنکەوتنی تێکۆشان لەڕێگەی هاریکاری نەکردنو تێکۆشانی سیاسییەوە دابڕێژرێن.

یەکەمین هەنگاو ڕەنگە جۆرە ناڕەزایی یا هەنگاوێکی سیمبولیانەی سنوردار یا کاتیانەی بێت. ئەگەر ژمارەیەك لەو کەسانەی کە ئینتیمایان بۆ هەنگاوەکان هەیە کەم بن، ئەوکاتە یەکەمین هەنگاو دەکرێ بۆ نمونە دانانی گوڵ بێت لەشوێنێکدا کە گرنگییەکی سیمبولیانەی هەیە. لەلایەکیترەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوازیاری بەشداربوونن لەهەنگاوەکاندا، زۆر زیاد بێت ئەوکاتە دەتوانرێ (٥) خولەك ڕاوەستانی تەواوەتیو ئەنجام نەدانی هەرجۆرە جوڵەیەك یا چەند خولەکێك بێدەنگی ئەنجام بدرێت. لە بارودۆخەکانیتردا، کەسانێکی کەم دەتوانن

دەست بە مانگرتن لە خۆراك بكەن‌و ئێشك لە شوێنێك بگرن كە گرنگییەكی سیمبولیانەی هەیە، پرۆتستۆی كاتیانەی پۆلەكانی وانەخوێندن بكەن یا گەمارۆی شوێنێكی گرنگ بدەن. لەژێر حكومەتێكی دیكتاتۆریدا، ئەم هەنگاوانەی كە ڕەهەندێكی هێرشبەرانەتریان هەیە ڕەنگە ڕووبەڕووی سەركوتكردنێكی توندیش ببنەوە.

هەنگاوە سیمبولییە تایبەتەكان، وەك داگیركردنی فیزیكیانەی ژینگەی بەردەم كۆشكی دیكتاتۆر یا داگیركردنی نوسینگەكانی ناوەندی پۆلیسی سیاسی لەوانەیە مەترسییەكی زیاتری هەبێت‌و لەبەرئەم هۆیە بۆ دەستپێكردنی زنجیرە تێكۆشانێك ئەنجام نادرێن.

هەنگاوە یەكەمینەكانی ناڕەزایەتی سیمبولیانە، هەندێكجار سەرنجی نەتەوەیی‌و نێودەوڵەتیانەی بەرفراوانی بزواندووە، وەك خۆپیشاندانی سەر شەقامەكانی بۆرما لەساڵی (١٩٨٨)دا یا دەستبەسەرداگرتن‌و مانگرتنی خوێندكاران لە مەیدانی تیانانمنی پەكین لە (١٩٨٩)دا. زیانە گیانییە باڵاكانی ئەم خۆپیشاندانانە لەهەردووكیاندا ئاماژەیە بۆ ئەو بایەخە بەرفراوانەی كە ستراتیژیستەكان پێویستە لە بەرنامەداڕشتن بۆ تێكۆشان ڕەچاوی بكەن.

لەگەڵ بوونی زیانگەیاندنی گەورەی ئاكاریی‌و دەروونی، بەدووردەزانرێت كە ئەمجۆرە هەنگاوانە بەتەنها ببنەمایەی شكستی دیكتاتۆریی، لەبەرئەوەی ئەم هەنگاوانە بەتەواوەتی بەسیمبولیانە دەمێننەوەو گۆڕانێك لەبارودۆخی هێزی دیكتاتۆریدا دروست ناكەن.

بەگشتی لەكاتی دەستپێكردنی تێكۆشاندا، ئەگەری جیاكردنەوەی تەواوەتی‌و خێرای سەرچاوەكانی هێزی دیكتاتۆرەكان لەئارادا نییە. بۆ



بەدیهێنانی ئەم كارەش، تەواوی ئەو خەڵك‌و دامەزراوانەی كە تادوێنێ بەتەواوەتی ملكەچ بوون، پێویستە بەڕەهاییەوە ڕژێم ڕەت بكەنەوەو بەیەكەوە بە هاوكاری نەكردنێكی بەرفراوان‌و بەهێزانە، دیكتاتۆر بخەنە ئاستەنگەوە. ئەم مەسەلەیەش هیچ كاتێك نەهاتۆتەدی‌و دەستەبەركردنیشی زۆر بەگرفتە. لەبەرئەم هۆیە، لەزۆرینەی مەسەلەكاندا چاوەڕوانیكردنی هاوكاری نەكردن‌و تێكۆشانێكی سیاسی خێرا، ستراتیژێكی ناواقیعبینانەیە بۆ تێكۆشان دژ بەدیكتاتۆریی.

### *دابەشكردنی بەرپرسیارێتی

بەدرێژایی زنجیرە تێكۆشانێكی هەڵبژێردراو، ئەركی تێكۆشان لەهەموو سەردەمێكدا لەسەرشانی یەك یا چەند بەشێكی كۆمەڵگادایە. لە تێكۆشانەكانی دواتردراو بۆ گەیشتن بەئامانجەكانیتر، ئەركی تێكۆشان پێویستە بگوێزرێتەوە بۆ سەرشانی گروپێكیتری دانیشتوان. بۆ نمونە، خوێندكاران دەتوانن لەمەڕ مەسەلەكانی خوێندن دەست بەمانگرتن بكەن، سەركردە مەزهەبییەكان‌و شوێنكەوتەكانیان دەتوانن جەخت لەسەر ئازادیی مەسەلە مەزهەبییەكان بكەنەوە، كرێكارانی ڕێگای ئاسن دەتوانن بەشێوەیەكی ئانقەست دڵسۆزییەكی زیاد لەسنوری خۆی بۆ پەیڕەونامەكانی خۆپاراستن نیشان بدەن‌و سەرەنجام ئاستی سیستەمی هەڵگرتن‌و گواستنەوە بهێننەخوارەوە. ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بۆ تێكۆشان دژ بە سانسۆر، ئەو بەشانەی ڕۆژنامە بەسپی چاپ بكەن كە وتاری لابراوی تیادایە. یا پۆلیس

دەتوانن هەمیشە هەڵبکەن لەدەستنیشانکردنی شوێن و دەستگیرکردنی ئەو دیموکراتە ئۆپۆزسیۆنانەی لەژێر چاودێریدان.

قۆناغبەندی زنجیرە تێکۆشانەکان لەسەربنەمای مەسەلەو گروپەکانی جەماوەریی، سەرەڕای ئەوەی درێژە بەتێکۆشان دەدات، چانسی پشودانیش بە بەشە تایبەتەکانی کۆمەڵگا دەدات.

بەرگرییە هەڵبژاردەکان بەتایبەتی بۆ بەرگرییکردن لە بوون و سەربەخۆیی گروپەکان و دامەزراوە سەربەخۆ کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی دیکتاتۆری گرنگن کە پێشتر باس کران. ئەم ناوەندانەی دەسەڵات، دامەزراوەی بنچینەیی دەهێننەئارا کە خەڵك لە ڕێگەیانەوە دەتوانن فشار دروست بکەن یا لەبەرامبەر کۆنترۆڵی دیکتاتۆریدا بەرگریی بکەن.

لە تێکۆشاندا، دیکتاتۆر بەشێك دەبێت لە ئامانجە یەکەمینەکانی ئەم دامەزراوانە.

***نیشانەگرتن لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر**

هەروەکچۆن تێکۆشانی درێژخایەن لە ستراتیژییە سەرەتاییەکانەوە بەرەو قۆناغە بەرزەفڕو پێشکەوتووترەکان گەشە دەکەن، ستراتیژیستەکانیش پێویستیان بەوە هەیە تا شرۆڤەی ئەوە بکەن کە چۆن دەتوانرێ سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆر سنوردارتر بکەن. ئامانجی ئەم شرۆڤەکردنە، دەبێ سود وەرگرتن لە هاوکاری نەکردنی خەڵك بێت لەگەڵ دیکتاتۆریدا لەپێناو گەیشتن بەبارودۆخێکی سودمەندانەتری ستراتیژیی لەپێناو قازانجی هێزە دیموکراتەکاندا.



لەگەڵ بەهێزبوونی هێزە بەرگریکارە دیموکراتەکاندا، ستراتیژیستەکان پێویستە تێکۆشان و هاوکاری نەکردنێکی بەرزەفڕانەتر دابڕێژن تا بەئامانجی دروستکردنی ئیفلیجییەکی سیاسیانەی پەرەپێدراو و سەرەنجام ڕووخاندنی خودی دیکتاتۆریی، سەرچاوەکانی هێزی لێ دابڕن.

پێویستە بەوردەکارییەوە بەرنامەی ئەوە دابڕێژرێت کە هێزە دیموکراتەکان چۆن دەتوانن پشتیوانی ئەو خەڵك و گروپانە لاواز بکەن کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدابوون؟ ئاشکراکردنی دەرەنجامە ئابورییە کارەساتبارەکان بەهۆی سیاسەتە پیادەکراوەکانی دیکتاتۆرەوە چۆن دەکرێت؟ یا بەتێگەیشتن لەم مەسەلەیە دەبێت کە دیکتاتۆریی شیاوی کۆتایی پێهێنانە؟.

ئەو پشتگیرییانەی لە دیکتاتۆر دەکرێن پێویستە تا ئەو ئاستە لاواز بکرێت کە بگاتە ئاستی هەنگاوی بێلایەنانە، یا تەنانەت داوخواستانە بگۆڕدرێت بۆ پشتگیرییەکی کارا لە هەنگاوەکانی لایەنگری دیموکراسی.

لەماوەی بەرنامەداڕشتن و جێبەجێکردنی تێکۆشانی سیاسی و هاوکاری نەکردندا، پێویستە لایەنگران و پشتیوانانی دیکتاتۆر وەك گروپە ناوخۆییەکان، پارتە سیاسییەکان، پۆلیس، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی و بەتایبەتی سوپا بخرێتە بەر سەرنج و چاودێریی وردەوە.

پلەی دڵسۆزی هێزە سەربازییەکان، چ سەربازان و چ ئەفسەران سەبارەت بە دیکتاتۆر، پێویستە بەوردەکارانە بخەمڵێنرێت و ئەوە دەستنیشان بکرێت کە هێزە دیموکراتەکان توانای کاریگەردانانیان

لەسەر ئەوان هەیە یاخود نا. ڕەنگە زۆربەی سەربازە ئاساییەکان بەزۆرەملێ بۆ سەربازیی نێردرابن‌و ناڕازیی بن. ڕەنگیشە زۆربەی سەربازان‌و ئەفسەران بەهۆی هۆکاری خودیی، خێزانی یا سیاسییەوە نامۆبن بە حکومەتەکە. بەڵام کام فاکتەر دەتوانێ سەربازان‌و ئەفسەران لەبەرامبەر هەنگاوە دیموکراتەکاندا زەرمەند بکات؟

لەقۆناغە سەرەتاییەکانی تێکۆشانی ئازادیخوازانەدا پێویستە ستراتیژییەکی تایبەتی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە سەربازییەکان‌و لێپرسراوانی دیکتاتۆردا گەشەی پێبدرێت. هێزە دیموکراتەکان پێویستە بە وشەو ڕەمزو هەنگاوەکانی خۆیان هێزە سەربازییەکان ئاگاداربکەنەوە کە ئەم تێکۆشانە تەنها بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتەکانی دیکتاتۆرەو هەڕەشە لەژیانی ئەوان ناکات. سەرەنجام کاری ئەم هەوڵانە دەیانەوێ ڕۆحییەتی هێزە سەربازییەکانی دیکتاتۆر لاواز بکەن‌و دوای ئەوەش دڵسۆزی‌و ملکەچیان لەمەڕ دیکتاتۆر بەقازانجی بزووتنەوە دیموکراسییەکە بگۆڕن. ستراتیژییەتی لەوشێوەیەش پێویستە پۆلیس‌و کارمەندانی مەدەنی بکاتە ئامانج.

بەهەرحاڵ، هەوڵدان بۆ کێشکردنی ڕەزامەندیی‌و سەرەنجام دروستکردنی سەرپێچی لەناو هێزەکانی دیکتاتۆردا نابێ بەهەڵە بگۆڕدرێت بۆ هاندانیان لەپێناو ڕووخاندنی دیکتاتۆریی بە ڕێبازە سەربازییەکان. ئەم سیناریۆیە لەپراکتیکدا نابێتەمایەی هاتنەئارای دیموکراسی لەبەرئەوەی (بەهەمانشێوەی پێشتر باسمان کرد) کودەتا ناهاوسەنگی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک‌و حکومڕانان ڕیفۆرم ناکات.



لەبەرئەم فاکتەرە، گرنگە پرۆژەیەک لەمبارەیەوە ئامادەباش بکرێت کە پێویستە چۆن سەرنجی ئەفسەرە ڕازیبووەکان بۆئەمە کێش بکرێت کە کودەتا یا شەڕی ناوخۆیی دژ بەدیکتاتۆری، نە پێویستەو نە پەسەندە.

ئەفسەرە ڕازیبووەکان دەتوانن ڕۆڵێکی ژیاریی لە تێکۆشانی دیموکراسییانەدا بگێڕن. بۆ نمونە ئەوان دەتوانن پشتیوانی بکەن لە بەرفرەبوونی ناڕەزایەتی‌و هاوکاری نەکردن لەناو هێزە سەربازییەکان‌و هاندانیان بۆ کەمتەرخەمیکردنی بەئانقەست‌و بەنەرمی مل بۆ فەرمانەکان کەچ نەکەن‌و ڕێگە لەسەرکوتکردن بگرن. هەروەها کارمەندانی سەربازی دەتوانن جۆرەها هاوکاریی ناتوندوتیژییانەی وەک دابینکردنی گوزەرگای ئارام، زانیاریی، خۆراک، خزمەتە پزیشکییەکان‌و هاوشێوەکانی پێشکەش بە بزووتنەوە دیموکراسییەکان بکەن.

سوپا یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی هێزی دیکتاتۆرەکان لەبەرئەوەی دەتوانن ڕاستەوخۆ دیسپلینی یەکە سەربازییەکانی خۆی‌و ئامرازە جەنگییەکان بۆ هێرشکردن‌و سزادانی خەڵکە سەرپێچیکارەکان بەکاربهێنێت. ستراتیژیستە تێکۆشەرەکان پێویستە ئەوەیان لەیاد بێت کە ئەگەر پۆلیس، کارمەندانی بەڕێوەبردن‌و هێزە سەربازییەکان بەتەواوەتی بەلایەنگری دیکتاتۆر بمێننەوەو مل بۆ فەرمانەکانی دیکتاتۆر کەچ بکەن، شکست هێنان بەدیکتاتۆریی زۆر بەگرفت دەبێت‌و یا تەنانەت نایەتەدی. لەبەرئەم هۆیە، ستراتیژیستە دیموکراتەکان پێویستە ئەولەوییەتێکی باڵا بۆ ئەو ستراتیژیانە تەرخان بکەن کە ئامانجەکەیان لەناوبردنی دڵسۆزییە بۆ هێزەکانی دیکتاتۆر.

هێزە دیموکراتەکان پێویستە ئەوەیان لەبیربێت کە ناڕەزایەتی‌و سەرپێچی لەناو هێزە سەربازییەکان‌و پۆلیسدا دەکرێ زۆر مەترسیدار

بێت بۆ ئەندامانی ئەم هێزانە. کەسانی ئەم گروپانە لەبەرامبەر هەرجۆرە سەرپێچییەکدا پێویستە چاوەڕوانی سزادانی سەنگین و لەبەرامبەر شۆڕشیشدا چاوەڕوانی لەسێدارەدان بن. لەبەرئەم فاکتەرە هێزە دیموکراتەکان نابێ داوای شۆڕشی خێرا لە سەربازان و ئەفسەران بکەن. بەڵکو کاتێک کە پەیوەندییەکە هاتەدی، پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە جۆرەهان چەشنی (سەرپێچی گۆڕاو) هەیە کە دەتوانرێ لەقۆناغە دەستپێکەکاندا بەکاربهێنرێت. بۆنمونە، پۆلیس و هێزە چەکدارەکان دەتوانن فەرمانەکانی پەیوەندیدار بەسەرکوتکردن بەکەمتەرخەمییەکی ئانقەستەوە ئەنجام بدەن، بەهەڵە شوێنی خۆشاردنەوەی کەسە داواکراوەکان دیاری بکەن، ئۆپۆزسیۆنەکان لە سەرکوتکردنەکان و دەستگیرکردنەکان و دەرکردنەکان ئاگادار بکەنەوەو لەڕاپۆرتی زانیارییە گرنگەکاندا بۆ ئەفسەرانی سەروو خۆیان هەڵە بکەن. ئەفسەرانی ناڕازیش دەتوانن سستی بخەنە پیادەکردنی زنجیرە فەرمانەکانی سەرکوتکردنەوە. سەربازەکان لەوانەیە نیشانە لەسەروو خۆپیشاندەرەکان بگرنەوە. بەهەمانشێوەش، کارمەندانی مەدەنی بەپێی پشکی خۆیان دەتوانن دۆسییەکان و کتابی فەرمانەکان ون بکەن، یا بەکەمتەرخەمییەوە کاری پێبکەن و (نەخۆش) بن تا مۆڵەت وەربگرن کە تا کاتی (چاکبوونەوە) لەماڵەوە بمێننەوە.

### *گۆڕان لە ستراتیژدا

ستراتیژیستە تێکۆشەرە سیاسییەکان پێویستیان بەوە هەیە تا هەمیشە بەراوردی ئەوە بکەن کە ستراتیژی مەزن و ستراتیژەکانی



پەیوەندیدار بەزنجیرە چالاکییەکی تایبەتەوە بە چ شێوەیەک پیادە دەکرێن، بۆ نمونە لەوانەیە تێکۆشان بەوجۆرەی چاوەنۆڕیی لێدەکرێت درێژە نەکێشێت. لەم بارودۆخەدا واپێویستە گۆڕانکاریی پێویست لەستراتیژدا لەبەرچاوبگیردرێت. بۆ زیادکردنی هێزی بزووتنەوەکەو بەدەستەوەگرتنی کارەکان، دەتوانرێ چ کۆمەڵەکارێک بکرێت؟ لەم بارودۆخەدا، واپێویستە کێشەکە دەستنیشان بکرێت، ستراتیژەکە دووبارە هەڵبسەنگێندرێتەوە، ڕەنگە بەرپرسیارێتی تێکۆشان بۆ گروپێکیتری خەڵک بگوازرێتەوە، سەرچاوەیتری هێز تەرخان بکرێت و گەشە بەخولێکی نوێی هەنگاوەکان بدرێت. کاتێ ئەم کارە بەئەنجام گەیشت، پێویستە بەخێرایی پلانێکی نوێ بخرێتەکار.

بەپێچەوانەوە، ئەگەر تێکۆشانەکە زۆر باشتر لەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا درێژە بکێشێت و دیکتاتۆریی زووتر لەوەی پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا لەناوبچێت، هێزە دیموکراتەکان پێویستە چۆن دەست بەسەر بەرژەوەندییە بەدەستهاتووە چاوەڕوان نەکراوەکاندا بگرن و بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆریی بیخەنەکار؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەفەسڵی دواتردا شرۆڤە دەکەین.

## بەشی نۆیەم

# ڕووخاندنی دیکتاتۆری

کاریگەریی گردبوونەوەی زنجیرە تێکۆشانێکی سیاسیانەی ڕاست ڕێنماکراو و سەرکەوتوو، دەتوانێ ئۆپۆزسیۆنەکان و دامەزراندن و بەرفرەکردنی ئەو بەشانەی کۆمەڵگا بەهێز بکات کە دیکتاتۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەرانەی ئۆپۆزسیۆنەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئاستەنگ دەکاتەوە.

هەروەها ئەم زنجیرە تێکۆشانە پێویستە ئەزموونێکی بەهادار بخەنەڕوو لەبارەی چۆنییەتی خۆدەربازکردن لە هاریکاریکردن و چۆنییەتی دەستپێشخەری بۆ تێکۆشانی سیاسی. ئەم ئەزموونە کاتێک کە کاتەکە بۆ هاوکاری نەکردن و تێکۆشانێکی بەرفراوان لەگەڵ پانتاییەکی بەرفراواندا بگونجێت، یاریدەدەرێکی مەزنی ئۆپۆزسیۆن دەبێت.



بەهەمانشێوەی کە لە بەشی سێیەمدا بینیمان، مانەوەی دیکتاتۆرەکان لەسەر کورسی دەسەڵات پێویستی بە هاریکاریی و تەسلیمبوونی خەڵکە. بەبێ دەستەبەرکردنی سەرچاوەکانی هێزی سیاسی، دەسەڵاتی دیکتاتۆر لاواز دەبێت و سەرەنجام لەناودەچێت.

بەمپێیە وازهێنان لە پشتگیریی و پشتیوانی لە دیکتاتۆر، گرنگترین هەنگاوی پێویستە بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆریی. ڕەنگە شرۆڤەکردنی شێوازی کاریگەردانانی تێکۆشانی سیاسی لەسەر سەرچاوەکانی دەسەڵات سودمەند بێت.

هەنگاوەکانی ڕەتکردنەوەی سیمبولیانەو تێکۆشان لە ڕیزی ڕێگاکانی لاوازکردنی ڕەوایەتی ئەخلاقی و سیاسی یا ڕاستی و دروستی ڕژێمی دیکتاتۆرن یا هاوشێوەکانیدان. هەتا ڕەوایەتی سیستەمەکە زۆرتر بێت، ئەو ملکەچی و هاوکارییەی وەریدەگرێت زیاتر شیاوی پشت پێبەستن دەبێت. بۆ هەڕەشەکردن لە بوونی دیکتاتۆر، پێویستە قبوڵ نەکردنی ئەخلاقیانەی دیکتاتۆر لەکاروکردەوەدا بخرێتەڕوو. خۆپاریزی لە هاریکاریی و ملکەچی بۆ جیاکردنەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ڕژێم پێویستن.

دووەمین سەرچاوەی گرنگی دەسەڵات، سەرچاوە مرۆییەکانن. واتا ژمارەو گرنگی ئەو کەس و گروپانەی کە پەیڕەویی لە حکومڕانان دەکەن، هاوکاریان لەگەڵدا دەکەن یا یاریدەیان دەدەن. ئەگەر هاوکاری نەکردن لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە پیادە بکرێت، ڕژێم دووچاری کۆمەڵەکێشەیەکی جدی دەبێتەوە. بۆ نمونە، ئەگەر کارمەندانی مەدەنی کاری ئاسایی خۆیان نەکەن یا تەنانەت لەماڵەوە بمێننەوە، دەزگای

بەڕێوەبردنی ڕژێمیش بەتوندی دەچێتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجەکەوە.

بەهەمانشێوەش، ئەگەر ئەو کەس و گروپانەی کە بەشداری لە هاوکاری نەکردندا دەکەن ئەوانە لەخۆبگرێت کە بەرلەئەمە بەرهەمهێنەری لێهاتوویی و زانستی پسپۆڕیی پێویست بوون، دیکتاتۆر لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکەیدا ڕووبەڕووی کەمبوونەوەیەکی توندی دەسەڵاتەکانی خۆی دەبێتەوە. ڕەنگە تەنانەت تواناکانی دیکتاتۆر بۆ بڕیاردانی هۆشمەندانەو گەشەدان بەسیاسەتە کاریگەرەکانیش، بەتوندی کەم ببنەوە.

ئەگەر ڕۆڵە سایکۆلۆژی و ئایدۆلۆژییەکان – فاکتەرە نابەرجەستەکان– کە بەگشتی ملکەچی و هاوکاریی لەگەڵ دەسەڵاتداراندا فێری خەڵك دەکات، لاواز ببن یا نەمێنن ئەوا خەڵك ئینتیمایەکی زۆرتریان دەبێت بۆ سەرپێچی و هاوکاری نەکردن.

دەستگەیشتنی دیکتاتۆر بەسەرچاوە مادییەکانیش، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر دادەنێت. بەدەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە مادییەکان، سیستەمی ئابوری، داراییەکان، سەرچاوە سروشتییەکان، هەڵگرتن و گواستنەوەو ئامرازەکانی پەیوەندی لەلایەن ڕکەبەرە هەڵسوڕاوەکان یان ڕکەبەرە بەهێزەکانی ڕژێمەوە، زیان بەسەرچاوەیەکی گرنگیتری دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەگات و لەدەستی دیکتاتۆر دەچێتەدەرەوە.



مانگرتنەکان و پرۆتستۆکان و زیادبوونی خۆبەڕێوەبردن و سەربەخۆیی لە بەشەکانی ئابوریدا، پرۆسەکانی پەیوەندی و هەڵگرتن و گواستنەوە لە ڕژێمدا لاواز دەکات[٢٠].

بەهەمانشێوەی پێشتر قسەی لێکرا، تواناکانی دیکتاتۆرەکان بۆ ترساندن یا پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن (سزادانی ئەو بەشانەی سەرکێش و سەرپێچیکارن و درێژە بەهاوکاری نەکردن دەدەن لەکۆمەڵگادا) سەرچاوەی بنەڕەتی هێزەکانی دیکتاتۆرە.

ئەم سەرچاوەی دەسەڵاتە دەتوانرێ بە دوو شێواز لاواز بکرێن:

یەکەم: ئەگەر خەڵك وەك هەلومەرجەکانی جەنگ ئامادەبن کە دەرەنجامە مەترسیدارەکانی تێکۆشان قبوڵ بکەن، کاریگەرییەکانی سزاکانی دیکتاتۆر بەتوندی کەم دەبنەوە (واتا سەرکوتکارییەکانی دیکتاتۆر نابێتە مایەی ملکەچپێکردنێکی چاوەڕوانکراو).

دووەم: ئەگەر خودی هێزە پۆلیسی و سەربازییەکان دڵسارد بکرێنەوە، لەوانەیە بەشێوەی تاك یا بەکۆمەڵ خۆیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەیوەندیدار بەدەستگیرکردن و لێدان و تەقەکردن لە ئۆپۆزسیۆنەکان ببوێرن و یا بەئاشکرا خۆ لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرەوە بەدوور بگرن. ئەگەر دیکتاتۆر چیتر نەتوانێ بۆ سەرکوتکاریی پشت بەپۆلیس و هێزە سەربازییەکانی ببەستێت، بەتوندی دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە.

---

[٢٠]– واتا هەمیشە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سەرجەم دامودەزگاو کۆمپانیاکان دەخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییەو کەرتی گشتی کە حکومەتە سەرجەم کاروبارەکان بەڕێوەدەبات. هەربۆیەشە لە زۆرینەی ڕەهای وڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتارەکاندا، کەرتی گشتی و لە وڵاتە دیموکراسی و خاوەن ئازادییەکانیشدا کەرتی تایبەت بەسەر دامودەزگاو بازاڕدا زاڵە. (و–ك)

بەشێوەیەکی کورت، سەرکەوتن لەبەرامبەر دیکتاتۆرێکی چەکداردا، پێویستی بەکەمکردنەوەو لابردنی سەرچاوەکانی هێزی ڕژێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکاری نەکردن و تێکۆشانەوە.

بەبێ بنیاتنانەوەی سەقامگیرانەی سەرچاوە پێویستەکانی دەسەڵات، دیکتاتۆریی لاواز دەبێت و سەرەنجام دەڕووخێت. لەبەرئەم هۆیە، بەرنامەداڕشتنی ستراتیژیی گونجاو بۆ تێکۆشانی سیاسی دژ بە دیکتاتۆرەکان پێویستە سەرەکیترین سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر بکاتە ئامانج.

***بەرفرەبوونی ئازادی**

گەشەکردنی دامەزراوە سەربەخۆو خۆبەڕێوەبەرە کۆمەڵایەتی، ئابوری، کلتووریی و سیاسییەکان لەماوەی قۆناغی بەرگریی هەڵبژێردراودا لەگەڵ تێکۆشانی سیاسیدا وردەوردە دەبێتەمایەی گەشەی (فەزای دیموکراسی) لە کۆمەڵگاداو کەمتربوونەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر.

بەهەمان ئەندازەی کە دامەزراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگا بەهێز دەبن، دەسەڵاتی دیکتاتۆریش بۆ پیادەکردنی ئیرادەی خۆی کەم دەبێتەوە. خەڵکیش کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ لەدەرەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا، پێک دەهێنن. ئەگەر کاتێ دیکتاتۆر بەمەبەستی ڕاوەستاندنی پرۆسیسی بەرفرەبوونی ئازادی هاتە مەیدانەکەوە، دەتوانرێ ئەو تێکۆشانە ناتوندوتیژییەی کە بۆ بەرگریی لە فەزای ئازادیی هێنراوەتەئارا،



بپێچرێتەوەو دیکتاتۆریی ڕووبەڕووی بەرەیەکی نوێی تێکۆشان بکاتەوە.

ئەم ستراکتورەی بەرگریی و بنیاتنانی دامەزراوەکان دەتوانێ ببێتەمایەی پەیدابوونی ئازادییەکی ڕاستەقینە کە بتوانێ شکست بە دیکتاتۆریی بهێنێت و پەیدابوونی ڕەسمیانەی سیستەمی دیموکراسی بهێنێتەئارا، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، هەرلەبنەڕەتەوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

مەجەر لەدەیەی (١٩٧٠) و (١٩٨٠) نمونەیەکی ڕوونی پاشەکشەکردنی کارو بەرهەمەکانی کۆمەڵگاو دامەزراوەکانی دیکتاتۆرە لەڕێگەی بەرگریی کردن (مقاوەمە)وە. کڵێسای کاسۆلیک لەژێر ئازارو چاودێریدا بووە، بەڵام هیچکاتێک بەتەواوەتی نەچۆتەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوە.

لە (١٩٧٦)دا ڕووناکبیران و کرێکاران گروپە تایبەت و بچوکەکانی وەک (W.D.C)[٢١] یان بۆ بەرەوپێشبردنی بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆیان دروست کرد. لە (١٩٨٠)دا، ڕێکخراوی یەکێتییە پیشەییە هاوپشتییەکان[٢٢] بەدەسەڵات و پشتیوانی خۆیان لەپێناو دروستکردنی مانگرتنە کاریگەرەکان، ڕەسمیبوونی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا سەپاند. هەروەها جوتیاران، خوێندکاران و زۆربەی گروپەکانیتریش ڕێکخراوە سەربەخۆکانی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا. کاتێک کە کۆمۆنیستەکان تێگەیشتن کە ئەم گروپانە هەلومەرجەکانی هێزیان گۆڕیوە، یەکێتی

٢١ -Workers Defense Committee. (کۆمیتەی کرێکارە بەرگریکارەکان)

٢٢ -Solidarity.

پیشەیی هاوپشتیان قەدەغە کردو کۆمۆنیستەکان پەنایان بردەبەر حکومەتی میلیتاریی.

تەنانەت لەژێر حکومەتی میلیتاریشدا، لەگەڵ بوونی زیندانو ئەشکەنجەی توندی جۆراوجۆردا، دامەزراوە نوێیە سەربەخۆکانی کۆمەڵگا درێژەیان بەگێرانی رۆڵی خۆیان دا. بۆنمونە، چەندین دەستە رۆژنامەو گۆڤاری بێمۆڵەت هێشتا درێژەیان بەبڵاوبوونەوەی خۆیان دەدا. لەکاتێکدا کە نوسەرە بەناوبانگەکانیش، بڵاوکراوەکانی کۆمۆنیستەکانو چاپخانە دەوڵەتییەکانیان پرۆتستۆ کردبوو، چاپخانە بێمۆڵەتەکان سالانە سەدان کتێبیان بڵاودەکردەوە. هەنگاوی لەو شێوازانە لە بەشەکانیتری کۆمەڵگاشدا بەردەوام بوو.

لەژێر حکومەتی میلیتاریی (جارۆسیلسکی)[23] دا، دەوڵەتی میلیتاریی- کۆمۆنیستی لەیەك دیدگای هێزەوە پشتی بەکۆمەڵگا بەستبوو. هێشتا خاوەن پلەکان، نوسینگەکانو بینا دەوڵەتییەکانیان لەژێر دەسەلاتی خۆیاندا بوو. ڕژێم هێشتا هەر دەیتوانی بەپەنابردنە بەر سزادانەکان، دەستگیرکردنەکان، زیندانیکردنەکان دەست بەسەرگرتن لە سیستەمی دەزگاکانی چاپو هاوشێوەکانی لەکۆمەڵگادا بخاتەژێر فشارەوە بەڵام دیکتاتۆریی نەیتوانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکات. لەم دیدگایەوە تەنها خاڵی نادیار، ئەو ساتە بوو کە کۆمەڵگا بتوانێ ڕژێمی دیکتاتۆریی بەتەواوەتی لەناوببات.

تەنانەت کاتێ کە دیکتاتۆریی هێشتا پێگە دەوڵەتییەکان لەژێر دەسەلاتی خۆیدایە، هەندێکجار دەتوانرێ (دەوڵەتێکی هاوسەنگ)ی

٢٣ -Jaruselski.



دیموکراسیانە ئۆرگانیزە بکات. ئەم ئۆرگانیزەکردنە دەتوانرێ بەشێوەیەکی ئیزافەکارانە وەك دەوڵەتێکی ململانێکار کاربکات کە وەفاداریی و قبوڵکردنو هاریکاریی خۆی لەخەڵكو دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانەوە بەدەست بهێنێت. لەئەنجامدا دیکتاتۆریی بەهۆی کەمبوونەوەی رۆژبەرۆژی ئەم خەسڵەتە دەوڵەتیانەوە ئازار دەدرێت. سەرەنجام، ڕەنگە دەوڵەتی هاوسەنگی دیموکراسی لەو قۆناغەی پیایدا تێدەپەڕێت، بتوانێ سیستەمێکی دیموکراسی بەتەواوەتی بکاتە ئەلتەرناتیڤی ڕژێمێکی دیکتاتۆریی. لەوکاتەدا دەتوانرێ دەستورێك ئۆرگانیزە بکرێتو هەڵبژاردنێکیش وەك بەشێك لە قۆناغی ڕەوتکردن بەرەو دیموکراسی بەڕێوەببردرێت.

### *پەرت پەرتبوونی دیکتاتۆریی

کاتێ کە گۆڕان لەسەربنەمای دامەزراوەکانی کۆمەڵگا لەساتی ڕووداندایە، تێکۆشانو هاوکاری نەکردن دەتوانێ توندتری بکات.

ستراتیژیستەکانی هێزەکانی بەرگریی (مقاومە) پێویستە لەسەرەتاوە لەبیری ئەمەدا بن کە سەردەمێك دێت کە هێزە دیموکراتەکان دەتوانن لە ڕێگەی تێکۆشانە هەڵبژێردراوەکەی پێشوویانەوە، بەدوای بەرگرییە بەرفراوانەکاندا بگەڕێن.

لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا بۆ بەدیهێنان، دروستکردن یاخود گەشەدان بە مەوداکانی بەرگریی پێویستی بە (کات) هەیەو گەشەدان بە تێکۆشانی سیاسی لەوانەیە دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بێتەدی. بەدرێژایی ئەم زنجیرە تێکۆشانە تایبەتە هەڵبژێردراوە، پێویستە بەرەو

مەسەلە سیاسییە گرنگترەکان ئاراستەدا بکرێن. بەشێکی زۆری جەماوەر لە تەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگادا پێویستە بچنە ئەم تێکۆشانانەوە. بەدرێژایی ئەم هەنگاوە ئیزافەکەرانە، لەڕێگەی تێکۆشانێکی سیاسی جەسورانەو پرەنسیپکراوانەوە، لاوازێتی ناواخنی دیکتاتۆریی بەتوندی دەکەوێتەڕوو.

پێکهاتەی تێکۆشانێکی سیاسی دەسەڵاتدارانەو دروستکردنی دامەزراوەکان ڕەنگە بارودۆخێکی گونجاو بێت لەپێناو کێشکردنێکی بەرفراوانی سەرنجی نێودەوڵەتی بە قازانجی هێزە دیموکراتەکان. هەروەها ئەم کارە لەوانەیە ببێتەمایەی پراکتیزەکردنی ئیدانەکردنە دیبلۆماسییە نێودەوڵەتییەکان، گەمارۆدانەکان و قەدەغەکردنەکان بۆ بەرگریی کردن لە هێزە دیموکراتەکان ( هەروەکچۆن لە مەجەر بەم چەشنەی لێهات).

ستراتیژیستەکان پێویستە سەرنج لەوە بدەن کە لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا لەوانەیە هەرەسهێنانی دیکتاتۆریی زۆر بەخێرایی ڕووبدات، بەو چەشنەی کە لە (١٩٨٩) لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات ڕووی دا. ئەم کارە کاتێك ڕوودەدات کە دوای نەفرەتی توندی جەماوەر لە دیکتاتۆریی، سەرچاوەکانی دەسەڵات بەشێوەیەکی بەرفراوان لە دەوڵەت جیاببنەوە. بەڵام ئەم جۆرە مۆدیلە باو نییەو واباشترە بەرنامەڕێژی لەپێناو تێکۆشانێکی درێژخایەندا بکرێت (هەڵبەتە بۆ بەرنامەی کورتمەوداش ئامادەباش بێت).

بەدرێژایی سەردەمی تێکۆشانی ئازادیخوازانە، سەرکەوتنەکان تەنانەت لە مەسەلە بچوکەکانیشدا، پێویستە ڕێزی لێبگیردرێت. ئەوانەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، پێویستە سەرلەنوێ



بناسرێنەوە. هەروەها پێویستە جەژنەکان و ڕێزلێنانی هۆشیارانە، هاریکاریی پاراستنی ڕۆحییەتی پێویست بۆ قۆناغەکانی ئایندەی تێکۆشان بکات.

### * بەڕێوەبردنی بەرپرسیارانەی سەرکەوتنەکان

بەرنامەداڕێژەرانی ستراتیژیی مەزن پێویستە پێشتر شێوازە پراکتیکی و لەپێشترەکان بخەملێنێت کە لەڕێگەی ئەوانەوە بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی نوێ دەتوانرێ بەباشترین شێواز کۆتایی بە تێکۆشانێکی سەرکەوتوو بهێنرێت و دامەزراندنی پێبەپێی سیستەمێکی دیموکراسی پایەداریش فەراهەم بکرێت.

دیموکراتەکان پێویستە بەراوردی ئەوە بکەن کە چۆن لەکۆتایی تێکۆشانەکەدا، ڕەوتکردنی دیکتاتۆریی بۆ دەوڵەتێکی کاتی بەڕێوەببەن.

بەهەرحاڵ، دەوڵەتی نوێ نابێ تەنها دەوڵەتێکی کۆن بێت بە کەسانێکی نوێوە. گرنگە ئەوە بەراورد بکرێت کە کام لە بەشەکانی ستراکتوری دەوڵەتی پێشوو (بۆ نمونە پۆلیسی سیاسی) پێویستە بەهۆی تایبەتمەندییە خودییە نادیموکراسییەکانی خۆیانەوە بەتەواوەتی لاببردرێن و هەرکام لە بەشەکان پێویستە ببنە بابەتی چالاکییە دیموکراسییەکانی ئایندە. لابردنی تەواوەتیانەی دەوڵەت دەتوانێ ببێتەمایەی هاتنەئارای ئانارشیزم یا دیکتاتۆرییەتێکی نوێ.

پێویستە پێشتر بیربکرێتەوەو بڕیار لەوە بدرێت کە دوای هەرەسهێنانی دیکتاتۆریی پێویستە چ سیاسەتێك لەهەمبەر خاوەن

پلەبەرزەکاندا بگێردرێتەبەر. بۆ نمونە، ئایا پێویستە دیکتاتۆرەکان بەمەبەستی دادگایکردن لە دادگادا ئامادە بکرێن؟ ئایا پێویستە ڕێگەیان پێبدرێت تا بۆ هەمیشە لە وڵات دووربکەونەوە؟ چ ئەلتەرناتیڤێك لەبەردەستاندایە کە هاوچەشن بێت لەگەڵ تێکۆشانی سیاسی، بنیاتنانەوەی وڵاتو دروستکردنی دیموکراسیدا؟

پێویستە ڕێگە لە دروستبوونی جینۆسایدێك بگیردرێت کە دەرەنجامێکی مەترسیداری بۆ ئەگەری دروستبوونی سیستەمی دیموکراسی ئایندە دەبێت.

پێویستە ئەو پرۆژە تایبەتانەی قۆناغی ڕەوتکردن ئامادە کرابێت بەمەبەستی سودلێوەرگرتنی بۆ ئەو کاتەی کە دیکتاتۆریی لاواز بووە یا لەهەڵوەشاندایە. ئەم پرۆژانە هاریکاریی ئەوە دەکەن تا گروپێکیتر نەتوانێ لەڕێگەی کودەتاوە دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە بگرن. پرۆژەگەلێکیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتو بنیاتنراو لەسەر دەستور، پێویستی بە تەواوی ئازادییە سیاسیو تاکەکەسییەکان هەیە. ئەو گۆڕانانەی کە بە باجدانێکی زۆر هاتونەتەدەست، نابێ بەهۆی کەمبوونی پرۆژەو بەرنامەوە لەدەست بدرێت.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جەماوەرەی کە هەمیشە دەسەڵاتدارتر دەبنو گەشەکردنی ئەو گروپە سەربەخۆ دیموکراسیو دامەزراوانەی کە دیکتاتۆر توانای کۆنترۆڵکردنی هیچکام لەوانەی نییە، دیکتاتۆرەکان لەوە تێدەگەن کە هەنگاوەکانیان بێئەنجامە.

دەست لەکارکێشانەوی کۆی کۆمەڵگا، مانگرتنە گشتییەکان، نیشتەجێ بوونە بەکۆمەڵەکان، ڕێپێوانە تێکۆشەرەکان یا هەنگاوەکانیتر بەجۆرێکی ئیزافەکەرانە دەبنەمایەی وێرانکردنی ستراکتورەکانی



دیکتاتۆرو دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە دیکتاتۆرەوە. دەرەنجامەکانی پراکتیزەکردنی هۆشیارانەی ئەو چەشنە تێکۆشانو ناهاریکاریانە کە بەپێی تێپەڕینی کات بەشداریکردنی کۆمەڵانی خەڵکیشی لەگەڵدا دەبێ، لاوازبوونی دیکتاتۆرو سەرەنجام بەسەرکەوتن گەیشتنی ئۆپۆزسیۆنە دیموکراتەکانە بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژی. دیکتاتۆری لە هەمبەر خەڵکی تێکۆشەردا هەرەس دەهێنێت.

هەڵبەتە هەر هەوڵێکی لەم چەشنەش، بەتایبەتی بە ساناییو خێرایی نابێتەمایەی سەرکەوتن. پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە بەهەمان ژمارە کە جەنگی سەربازیانەی سەرکەوتوو هەیە، جەنگی سەربازیی شکستخواردووش هەیە. ئەگەرچی تێکۆشانی سیاسی ئەگەرێکی پراکتیکیانە بۆ سەرکەوتن فەراهەم دەکات.

بەهەمانشێوەی کە پێشتر باسی لێوەکرا، دەتوانرێ ئەم ئەگەرە لەڕێگەی گەشەدان بە ستراتیژێکی مەزنی هۆشمەندانەو بەرنامەداڕشتنی وردەکارانەی ستراتیژییو هەوڵدانی سەختو تێکۆشانی بەدیسپلینو دلاوەرانەوە زیاد بکرێت.

## بەشی دەیەم

# بناغەی دیموکراسییەکی پایەدار

هەرەسهێنانی دیکتاتۆریی بەدڵنیاییەوە دەبێتەمایەی جەژنگەلێکی مەزن. ئەو خەڵکەی کە ماوەیەکی زۆر ڕەنجیان کێشاوەو بەباجدانێکی گەورەوە تێکۆشانیان کردووە، شایستەی کاتگەلێکیان بۆ خۆشگوزەرانی، پشودانو سوپاسگوزاریی هەیە. خەڵك پێویستە شانازی بەخۆیانو تەواوی ئەو کەسانەوە بکەن کە لەتەك ئەواندا تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە ئازادیی سیاسی کردووە. هەمووان بۆ بینینی ئەم ڕۆژە زیندوو نین. زیندووەکانو مردووەکان پێویستە وەك ئەو قارەمانانە یادیان بکرێتەوە کە هاریکاریی فۆرمەڵەبوونی مێژوویانەی ئازادی وڵاتەکەیان کردووە.

بەڵام بەداخەوە، ئەم زەمەنە زەمەنی کەمی هۆشیارییەکان نییە. تەنانەت لەکاتی ڕووخاندنی سەرکەوتوانەی دیکتاتۆریی لەڕێگەی



تێکۆشانی سیاسییەوە، پێویستە ڕێوشوێنێکی وردەکارانە بگیردرێتەبەر تا لەناو ئەو ئانارشیستییەی لە شکستی ڕژێمەکەی پێشووەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕێگە لە هاتنەوەئارای ڕژێمێکی سەرکوتکاری نوێ بگیردرێت.

سەرکردەکانی هێزە پێشڕەوە دیموکراسییەکان پێویستە پێشتر ئامادەباش بن بۆ خۆگواستنەوەی دیسپلینانە بەرەو دیموکراسی. دەبێ ستراکتوری دیکتاتۆریی لەناو ببردرێت. پرەنسیپە گونجاوەکان پێویستە بەپێی دەستورو یاساو ستانداردەکانی ڕەفتارکردن، دیموکراسییەکی پایەدار دروست بکرێن.

هیچکەس نابێ وابیر بکاتەوە کە بە شکستهێنانی دیکتاتۆری، بەخێرایی کۆمەڵگایەکی ئایدیال دێتەئارا. هەرەسهێنانی دیکتاتۆریی لەهەلومەرجێکی پێشکەوتووانەی ئازادیدا تەنها بە هۆی هەوڵە درێژخایەنەکانەوە بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاو وەڵامدانەوەی کاملانەی پێداویستییەکانی مرۆڤ، خاڵی دەستپێکێکی نوێ فەراهەم دەبێت. کێشە جدیەکانی سیاسی، ئابوریو کۆمەڵایەتییەکان چەندین ساڵ درێژە دەکێشن کە بۆ نەهێشتنیان پێویستی بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆری خەڵكو گروپەکانە. سیستەمی سیاسی نوێ دەبێ بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانی ئایندەدا، چانسێك بۆ جەماوەر بە تێڕوانینی جۆراوجۆرو پێوەرە جیاوازەکانیانەوە فەراهەم بکات تا بتوانن درێژە بە هەنگاوە بناغەییەکانی خۆیان بدەنو ڕوویەکی گەشەپێدان پەیڕەو بکەن.

## *هەڕەشەکانی دیکتاتۆرێکی نوێ

ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش ئەرستۆ هۆشداری ئەوەی دابوو کە "...تۆتالیتاری هێشتا دەتوانێ ببێتەوە بە تۆتالیتاری..." کۆمەڵە بەڵگەیەکی مێژوویی زۆر لە فەرەنسا (ژاکۆبینەکانو ناپلیۆن)، رووسیا (بەلشەفیکەکان)، ئێران (ئایەتوڵڵا)، بۆرما (سلۆرك)[٢٤] و وڵاتانیتر هەیە کە شکستی ڕژێمێك لە ڕوانگەی هەندێ لە کەسو گروپەکانەوە تەنها فرسەتێکە بۆ ئەوان تا وەك ئاغا نوێیەکان هەنگاو بنێن. پاڵنەرەکانی ئەم کەسانە دەکرێ جیاواز بێت، بەڵام دەرەنجامەکەی بەنزیکەیی هەمیشە هاوشێوەن. دیکتاتۆرە نوێیەکە تەنانەت لەوانەیە ستەمکارترو لە ژێردەسەڵاتی خۆیدا لە ڕژێمەکەی پێشوو پاوانخوازتر بێت.

## * ڕێگەگرتن لە کودەتاکان

کۆمەڵەڕێبازێك هەیە کە کۆمەڵگا تازەئازادبووەکان بە بەکارهێنانی ئەو ڕێبازانە، دەتوانن شکست بە کودەتاکان بهێنن. زانیاری پێشکەوتووانە لە بواری بەرگریکردندا دەتوانێ هەندێکجار بەس بێت بۆ سنورداشکردنەوەی کودەتا، خۆئامادەکردنیش دەتوانێ ببێتەمایەی ڕێگەگرتن لە کودەتا.

دوای ئەوەی کودەتایەك دەست پێدەکات، پیلانگێڕان پێویستیان بە ڕەوایی (مەشروعییەت) هەیە، واتا قبوڵکردنی مافی ئەخلاقیو سیاسیانەیان بۆ حکومڕانیکردن. لەبەرئەم هۆیە یەکەمین بنچینەی

٢٤-SLORK.



بەرگریی دژە- کودەتایی قبوڵ نەکردنی ڕەوایی (مەشروعییەت)ی پیلانگێڕانە.

هەروەها پیلانگێڕان پێویستیان بەوە هەیە تا سەرکردە مەدەنییەکانو جەماوەرە پشتیوانەکانیان، سەراسیمە یاخود تەنها هەڵبچن. پیلانگێڕان بۆ پتەوکردنی کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا، پێویستیان بە هاریکاریی پسپۆڕانو ڕاوێژکاران، فەرمانبەرانی دەوڵەتو کارمەندانی مەدەنی، بەڕێوەبەرانو دادوەرەکان هەیە. هەروەها پیلانگێڕان پێویستیان بەوە هەیە تا ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکەی کە سیستەمی سیاسی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوری، پۆلیسو هێزە سەربازییەکان دەبزوێنن هەڵچوانە ئەرکە ئاساییەکانی خۆیان قبوڵ بکەن کە بەپێی فەرمانو سیاسەتەکانی پیلانگێڕان گۆڕانی بەسەرداهاتووەو کارەکانیش بەئەنجام بگەیەنن.

دووەمین پرەنسیپی بنچینەیی بەرگریی دژە-کودەتا لەهەمبەر پیلانگێڕاندا لەڕێگەی هاوکاری نەکردنو تێکۆشانەوەیە. پێویستە کەمترخەمی لە یارمەتیدانو هاریکارییە پێویستەکانی پیلانگێڕان بکرێت. لەبنەڕەتدا دەتوانرێ لەو ڕێبازە هاوشێوانەی لەتێکۆشانی دژ بەدیکتاتۆریدا بەکاردەهێنرێت، بۆ هەڕەشە نوێیەکەش سودی لێوەربگیردرێت، بەڵام ئەمانە پێویستە بەخێرایی پراکتیزە بکرێن. ئەگەر کەمترخەمی هەم لە ڕەوایی (مەشروعییەت) و هەم لە هاریکاریی بکرێت، کودەتا بەهۆی وشکەساڵی سیاسییەوە دەمرێتو چانسی دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دیموکراسیش دەگەڕێتەوە.

## *ڕەشنوسی دەستور

سیستەمی دیموکراسییەکی نوێ پێویستی بە دەستورێك هەیە کە چوارچێوەیەکی خوازراو بۆ دەوڵەتی دیموکراسی بنیات بنێت. دەستور پێویستە ئامانجەکانی دەوڵەت، کەموکوری دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، میتۆدو کرۆنۆلۆژیای ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەسەربنەماکەی بەرپرسانی دەوڵەتو یاسادانەران هەڵدەبژێردرێن، مافە خودییەکانی خەڵكو شێوازی پەیوەندی دەوڵەتی میللی لەگەڵ ئاستەکانی خوارووتری دەوڵەتدا دەستنیشان بکات.

لە ناواخنی دەوڵەتی ناوەندیدا، ئەگەر دەوڵەت بیەوێت بە دیموکرات بمێنێتەوە، پێویستە دابەشکردنی دەسەڵات بەڕوونیو ڕاشکاوانە لەنێوان یاسادانەر، جێبەجێکەری یاساو بواری دادوەریی دەوڵەتدا دروست کرابێت. دەبێ سنورداریتییەکی بەهێز بۆ هەنگاوەکانی پۆلیس، ڕێکخراوە سیخوڕییەکانو هێزە سەربازییەکان دابنرێت تا ئەگەری هەرچەشنە دەستوەردانێکی سیاسیانەیان لێ وەربگیردرێتەوە.

بەمەبەستی پاراستنی سیستەمی دیموکراسیو ڕێگەگرتن لە هەوڵو ئامانجە تۆتالیتارییەکان، دەستور پێویستە بەچەشنێك بێت کە سیستەمێکی فیدراڵی بە لەبەرچاوگرتنی مافێکی تەواو بۆ هەموو ئاستە ناوچەیی، ئەیالەتیو لۆکاڵییەکانی دەوڵەت بنیات بنێت. لە هەندێ لە شوێنەکان دەتوانرێ سیستەمی (کانتۆن[٢٥])ەکانی سویسرا پیادە بکرێت کە تیایدا ناوچەگەلێکی تائەندازەیەك بچوك مافێکی زۆریان هەیەو لە هەمانکاتدا وەك بەشێکی سەرجەم وڵاتەکەش دەمێننەوە.

---

٢٥ -Canton.



ئەگەر بەرلەمە لەمێژووی وڵاتێکی تازەئازادکراوەدا دەستورێکی بەزۆربەی ئەم تایبەتمەندیانەوە هەبێت، کارێکی هۆشمەندانەیە کە مادده جێمەبەستەکان ڕیفۆرم بکرێنو دەستورەکە بگێڕدرێتەوە. ئەگەر دەستورێکی دێرین نەبێت، ڕەنگە واپێویست بکات دەستورێکی کاتی پیادە بکرێت. بەدەرلەمە، پێویستە دەستورێکی نوێ ئامادە بکرێت. ئامادەکردنی دەستورێکی نوێ پێویستی بە کاتو بیرکردنەوەیەکی بەرچاو دەبێت. لەم پرۆسەیەدا، بەشداریی سەرجەم خەڵك بۆ دانانی دەقێکی نوێ یا ڕیفۆرم کردن، پەسەند دەکرێتو پێویستیشە.

لەبارەی بەپاشکۆکردنی ئەو بەڵێنانەی لە دەستوردایەو لەوانەیە لە ئایندەدا پراکتیزە نەکرێن یان ئەو بڕیارانەی کە پێویستیان بەدەوڵەتێکی زۆر سێنتراڵ هەیە، دەبێ چاودێرییەکی زۆریان بکرێت. لەبەرئەوەی هەردووکیان دەتوانن ئاسانکاریی بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆرێکی نوێ بکەن.

ڕستەبەندی دەستور پێویستە بەئاسانی بەلای ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە شیاوی تێگەیشتن بێت. دەستور نابێ هێندە ئاڵۆز یا نادیار بێت کە تەنها دادوەر یا دەستەبژێرەکانیتر بتوانن بانگەشەی لێتێگەیشتنی بکەن.

## *سیاسەتی بەرگریی دیموکراسیانە

هەروەکچۆن لە وڵاتێکی ئازادکراودا لەوانەیە ڕووبەڕووی هەڕەشە دەرەکییەکان ببێتەوە کە بۆ بەگژداچوونەوەیان پێویستی بە توانستێکی بەرگریانە هەیە، بەهەمانشێوەش وڵاتەکە لەوانەیە لە لایەن بێگانەکانەوە

لەپێناو دروستکردنی دەسەڵاتێکی ئابوری، سیاسی یا سەربازی هەڕەشەی لێ بکرێت

بەمەبەستی پاراستنی دیموکراسی ناوخۆ، پێویستە بایەخێکی تایبەتی بە میکانیزمی کارکردنی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی تێکۆشانی سیاسی بدرێت بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بەرگریی میللی. لەگەڵ خستنەڕووی ڕاستەوخۆی توانستی بەرگریی بۆ هاوڵاتیان، وڵاتە تازە ئازادبووەکان دەتوانن ڕێگە لە بنیاتنانی ئەو مەودا سەربازییە بەهێزە بگرن کە دەتوانێ هەڕەشە لە دیموکراسی بکات یا ڕێگە لەدەستبەسەرداگرتنی ئەو سەرچاوە ئابورییە مەزنانە بگرێت کە دەتوانرێ لەشوێنی سودمەندتردا بەکاربهێنرێن.

پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە هەندێ لە گروپەکان هۆشیارانە هەوڵ بۆ ئامادەکردنی هەرچەشنە دەستورێك دەدەن تا بتوانن خۆیان بچنە پێگەی دیکتاتۆرە نوێیەکانەوە. لەبەرئەم هۆیە، هەموو خەڵك ڕۆڵێکی هەمیشەییانەیان هەیە کە گوزارشتە لە تێکۆشانو هاوکاری نەکردن لەهەمبەر ئەگەری هاتنەئارای دیکتاتۆرەکانو پاراستنی ستراکتورەکان، مافەکانو پرۆسیسە دیموکراسییەکان.

### *بەرپرسیارێتییەکی شایستە

کاریگەری تێکۆشانی ناتوندوتیژیی تەنها لاوازکردنو لەناوبردنی دیکتاتۆرەکان نییە، بەڵکو بەهێزکردنی خەڵکانی ژێر ستەمیشە. ئەم تەکنیکە، ئەو خەڵکە بەتوانا دەکات کە بەرلەمە خۆیان بە سەربازی شەترەنج یا قوربانی هەژمار دەکرد تا بەهەوڵەکانی خۆیان ڕاستەوخۆ



هێز لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادیو دادپەروەریی زیاتر بەکاربهێنن. ئەم ئەزمونی تێکۆشانە، دەرەنجامێکی سایکۆلۆژی گرنگی هەیە کە دەتوانێ ڕۆڵی لە زیادکردنی بڕواو متمانەبەخۆبوون لەناو بێهێزەکانی پێشوودا هەبێت.

یەکێك لە دەرەنجامە سودمەندو درێژخایەنە گرنگەکان کە لەبەکارهێنانی تێکۆشانی ناتوندوتیژیدا بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی پیادەبکرێت، ئەمەیە کە لەپێناو شارەزابوون لە کێشەکانی ئایندەو درێژەدان بە ڕێگا، توانستێکی زیاتر بە کۆمەڵگا دەبەخشێت.

کۆمەڵەکێشەیەکی وەك سودوەرگرتنی نیگەتیڤانەی دەوڵەتی ئایندەو لادانەکانی، بەدڕەفتاری هەریەك لە گروپەکان، نادادپەروەریی ئابوریو سنورداریێتییە پیادەکراوەکان کاریگەری لەسەر ئاستی دیموکراتیزەبوونی سیستەمی سیاسی دادەنێت. ئەو خەڵکەی کە لە بەکارهێنانی تێکۆشانی سیاسیدا کارزان بن، کەمتر لە هەمبەر دیکتاتۆرەکانی ئایندەدا زیانیان بەردەکەوێت.

دوای بەدەستهێنانی ئازادی، ئاشنابوون بە (تێکۆشانی ناتوندوتیژی) دەتوانێ شێوازەکانی بەرگریی لە دیموکراسی، ئازادییە مەدەنییەکان، مافەکانی کەمینەکانو مافە تایبەتییەکانی دەوڵەتە ناوچەیی، ئەیالەتیو نێودەوڵەتییەکانو دامەزراوە ئەهلییەکان؛ فەراهەم بکات. هەروەها ئەم ڕێبازانە کۆمەڵەڕێگایەك فەراهەم دەکەن کە لەڕێگەی ئەوانەوە خەڵكو گروپەکان دەتوانن بیروباوەڕە زیادەکانی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلانە دەرببڕن کە هێندە گرنگ بوون کە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ دەربڕینیان هەندێکجار ڕوویانکردۆتە تیرۆرو جەنگی پارتیزانی.

ئومێدم وایە هزرە باسكراوەكان لەم شرۆڤەكردنەی تێكۆشانی سیاسی یا تێكۆشانی ناتوندوتیژیدا، یاریدەدەر بێت بۆ تەواوی ئەو كەس‌و گروپانەی كە پەیڕەویی لە نەهێشتنی ستەمی دیكتاتۆریی بەسەر خەڵكی خۆیان‌و دروستكردنی سیستەمێكی دیموكرات‌و پایەدار دەكەن كە ڕێز لە ئازادییەكانی مرۆڤ و ڕەفتاری خەڵك بگرێت لەپێناو باشتركردنەوەی كۆمەڵگادا.

لەو هزرانەی كە شرۆڤە كران، سێ دەرەنجامی سەرەكی تێدایە:

*ئازادبوون لە دیكتاتۆریی؛ شیاوی بەدیهاتنە.

* گەیشتن بەئازادی، پێویستی بە بەرنامەداڕشتنێكی ستراتیژی‌و هزری وردەكارانە؛و

*گەیشتن بەئازادی، پێویستی بە خۆپارێزی، هەوڵدانی سەخت‌و تێكۆشانێكی دیسپلینانە هەیە تەنانەت ئەگەر باجدانێكی باڵاشی بووێت.

وتە بەناوبانگەی (ئازادی بە بەلاش نییە) ڕاستە. هیچ دەسەڵاتێكی بێگانە نایەت بۆ بەخشینی ئازادیی كە خەڵكی ژێر ستەم زۆر داوای دەكەن. خەڵك پێویستە ئەوە فێربن كە چۆن ئازادی بەخۆیان ببەخشن‌و ئەمەش بەئاسانی نایەتەدی.

ئەگەر خەڵك ئەو شتە بەدەست بهێنن كە بۆ ئازادی خۆیان پێویستە، دەتوانن كۆمەڵە هەنگاوێك دابڕێژن كە سەرەنجام بەهۆی ڕەنجدانێكی بەرفراوانەوە دەبێتەمایەی ئازادی. ئەوكاتە ئەوان بە پشتگیریكردنی، دەتوانن سیستەمێكی دیموكراسی مۆدێرن بنیات بنێن‌و ئامادەش بن بۆ بەرگریی لێكردنی. ئەو ئازادییەی كە لەڕێگەی ئەم چەشنە تێكۆشانەوە بەدەست بهێنرێت، دەتوانرێ بەردەوام بێت. ئەم ئازادییە لەلایەن



خەڵكێكی تێكۆشەرەوە دەپارێزرێت كە بەرپرسیارن لە پاراستن‌و دەوڵەمەندكردنیدا.

# پاشکۆ

## ڕێبازەکانی هەنگاوە ناتوندوتیژییەکان
## ڕێبازەکانی ناڕەزایی و پاساوهێنانەوەی ناتوندوتیژانە

***ڕاگەیاندنی بەیاننامە فەرمییەکان**

١. وتاربێژییە گشتییەکان.
٢. نامەکانی ڕاگەیاندنی سەرپێچی یاخود ڕاگەیاندنی پشتگیری.
٣. بەیاننامەکانی ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان.
٤. بەیاننامە بەکۆمەڵ ئیمزاکراوەکان.
٥. جاڕنامەکانی بانگهێشت کردن بۆ دادگا.
٦. ئامادەکردنی لیستە ئیمزاکراوە بەکۆمەڵەکان.

***دروستکردنی پەیوەندی (کۆمونیکەیشن) لەگەڵ وەرگرێکی بەرفراوانتردا**

٧. سودوەرگرتن لە دروشمەکان، کاریکاتێرەکان و سیمبولەکان.
٨. ئاڵاکان، پۆستەرەکان و پەیوەندییە بینراوەکان.
٩. نامیلکەکان، پەیامەچاپکراوەکان و پەرتوکەکان.
١٠. ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان.
١١. کاسێتە دەنگییەکان، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.
١٢. ئاسماننوسین[٢٦]، زەوینوسین، و دیوارنوسین.

[٢٦] –پرۆسەی نوسین بە بەکارهێنانی دوکەڵی ڕەنگاوڕەنگ کە لەفڕۆکەوە دەردەچێت (نوسەر).



***هەنگاوە بەکۆمەڵەکان**

١٣. ناردنی لیژنەکانی نوێنەرایەتی.
١٤. بەخشینی خەڵاتە ناراستەقینەو ڕواڵەتییەکان.
١٥. ئەنجامدانی لۆبییە[٢٧] بەکۆمەڵەکان.
١٦. هاندانی کرێکاران و کارمەندان بۆ مانگرتن و دەست لەکارکێشانەوە.
١٧. ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ناڕاستەقینەو ڕواڵەتیانە.

***هەنگاوە بەکۆمەڵە سیمبولییەکان**

١٨. بەکارهێنانی ئاڵاکان و ڕەنگە سیمبولییەکان.
١٩. سانسۆرە سیمبولییەکان.
٢٠. ئەنجامدانی نوێژو نزا.
٢١. هەڵگرتنی کەلوپەلە سیمبولییەکان.
٢٢. هێنانەدەرەوەی جلوبەرگ و ڕووتبونەوە بۆ نیشاندانی ناڕەزایی.
٢٣. وێرانکردنیماڵوموڵکی تایبەتی (نەك گشتی).
٢٤. بەکارهێنانی تیشکە سیمبولییەکان.
٢٥. نمایشکردنی وێنەکانی کەسەکان و کەسایەتییەکان.

[٢٧] – هەرهەوڵێکە لەلایەن گروپە سەربەخۆکانەوە یاخود کەسەکانەوە بۆ کاریگەریدانان لەسەر بڕیارە دەوڵەتییەکان (نوسەر).

٢٦. بەکارهێنانی وێنەی لاساییەکان (کەسەکان‌و کەسایەتییەکان) بۆ نیشاندانی ناڕەزایی.
٢٧. بەکارهێنانی ڕەمزو ناوە نوێیەکان.
٢٨. دروستکردنی دەنگە سیمبولییەکان.
٢٩. ڕاگەیاندنی پێداویستییەکان‌و خواستە گشتییە سیمبولییەکان.
٣٠. ئەنجامدانی لاسایی کردنەوە کرداری گاڵتەجاڕانە (بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك).

## *پیادەکردنی فشار لەسەر کەسەکان

٣١. داواکردنەوەی کەسایەتییەکان‌و کارمەندان.
٣٢. گاڵتەپێکردن‌و سوکایەتیکردن بەکەسایەتییەکان.
٣٣. دیدارو دانوستاندن لەگەڵ بەرپرساندا.
٣٤. بەدواداچوون‌و چاودێریکردنی بەرپرسان.

## *ئەنجامدانی شانۆو موزیك

٣٥. بەکارهێنانی شانۆی تەنزئامێزو گاڵتەئامێز.
٣٦. پێشکەشکردنی شانۆو موزیك.
٣٧. ئاوازوتن‌و سرودخوێندنەوە.



## *ڕێپێوان‌و خۆپیشاندانی جەماوەریی

٣٨. ئەنجامدانی ڕێپێوانی گشتی.
٣٩. ڕیزبەستنی ڕێکخراوانەی جەماوەریی.
٤٠. ڕێپێوان‌و خۆپیشاندانی ئایینی.
٤١. ئەنجامدانی ئایینیەکان.
٤٢. خۆپیشاندانی ئۆتۆمبێلیانە[٢٨].

## *ناشتنی مردوو

٤٣. ئەنجامدانی مەراسیمی پرسەی سیاسی.
٤٤. ناشتنی مردووی ناڕاستەقینەو ڕواڵەتیانە[٢٩].
٤٥. ناشتنی مردوو بەخۆپیشاندان.
٤٦. کۆبوونەوەو خۆپیشاندان لەشوێنەکانی بەخاکسپاردنی کەسایەتییەکان.

## *کۆبوونەوە گشتییەکان

٤٧. کۆبوونەوەی ناڕەزایی یاخود پشتگیریی.

---

[٢٨]– جوڵانی بەکۆمەڵی ئامرازەکانی گواستنەوە لە سەر شەقامەکان (نوسەر).

[٢٩]– بۆنمونە مەسەلەی یەکپارچەیی عیراق کە بەردەوام بۆتە کێشە بۆ نەتەوەو کەمینە پێکهێنەرەکانی، دەتوانرێ تابوتێك ئامادە بکرێت‌و لەسەری بنوسرێت (یەکپارچەیی عیراق) پاشان لە مەراسمێکدا تابوتەکە بەرەو گۆڕستان بەڕێبخرێت. (و–ك).

٤٨. خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی.

٤٩. سودوەرگرتن لەخۆپیشاندانی ناڕاستەوخۆو بەکارهێنانی ڕەنگەکان، سیمبولەکان و فۆرمە جۆراوجۆرەکان.

٥٠. فێرکردنە ناوخۆییە بەکۆمەڵەکان (بەمەبەستی زیادکردنی هۆشیارییە سیاسیە- کۆمەڵایەتییەکان).

***خۆبەدوورگرتن و نکۆڵی**

٥١. دەست کێشانەوەو خۆبەدوورگرتن لەکار.

٥٢. بێدەنگی.

٥٣. نکۆڵی لێکردن و ڕەتکردنەوەی کەسایەتییە ناسراوەکان.

٥٤. بەرکەنارکردنی کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

***ڕێبازەکانی هاوکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی**

**دوورخستنەوەی کەسەکان و پەراوێزخستنی کەسایەتییەکان**

٥٥. پرۆتستۆکردنی کۆمەڵایەتی گشتی.

٥٦. تاوانبارکردنی هەڵبژاردە کۆمەڵایەتییەکان.

٥٧. دەرنەبڕینی هەستوسۆز بۆ کەسایەتییەکان.

٥٨. دوورخستنەوەو تەکفیرکردنی کەسایەتییەکان.

٥٩. پرۆتستۆکردن.



***هاوکاری نەکردن لەگەڵ پرۆسیسە کۆمەڵایەتی و دابونەریت و ناوەندەکاندا**

٦٠. دواخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکان.

٦١. پرۆتستۆکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی.

٦٢. مانگرتنە خوێندکارییەکان.

٦٣. سەرپێچی کۆمەڵایەتی.

٦٤. کەنارەگرتن لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

***کەنارگیریی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی**

٦٥. لەماڵەوە مانەوە.

٦٦. هاوکاریی نەکردنی تایبەتی بەشێوەیەکی گشتی.

٦٧. هەڵاتن لە کاری کرێکاران.

٦٨. دوورەپەرێزیی.

٦٩. خۆشاردنەوەی بەکۆمەڵ.

٧٠. کۆچکردنی ناڕەزایەتی (کۆچ)[٣٠].

[٣٠]- پەراوێزخستنی گەنج لە کوردستان و عیراقدا بەتایبەتی دوای شۆڕشی (١٩٥٨) تائێستا، بۆتەمایەی دیاردەی کۆچ و جێهێشتنی وڵاتی عیراق بەرەو وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، مانەوەی کۆمەڵێك گەنجیش لە وڵاتەکەدا ئاماژە نییە بۆ خۆشگوزەرانیان لە عیراقدا، بەڵکو چانسی کۆچیان بۆ نەڕەخساوە، ئەم کۆچەش گەورەترین ناڕەزایەتییە لە هەمبەر سیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی وڵاتەکەدا (و-ك).

***ڕێبازەکانی هاوکاری نەکردنی ئابوری**

## پرۆتستۆکردنە ئابورییەکان:

**(هەنگاونان لەلایەن بەکاربەرانەوە)**

٧١. پرۆتستۆکردن لەلایەن بەکاربەرانەوە.

٧٢. بەکارنەهێنانی کالاّ پرۆتستۆکراوەکان[٣١].

٧٣. سیاسەتی گۆشەنشینی (ئابوری).

٧٤. خۆبەدوورگرتن لە بەکرێدانی (شوێنەکان، دەزگاکان، ئامێرەکان، ئامرازەکان و...).

٧٥. خۆبەدوورگرتن لە بەکرێوەرگرتنی (شوێنەکان، دەزگاکان، ئامێرەکان، ئامرازە دەوڵەتییەکان).

٧٦. پرۆتستۆکردنی میللیانەی بەکاربەران (کالاّ، خزمەت،...).

٧٧. پرۆتستۆکردنی نێودەوڵەتیانەی بەکاربەران[٣٢].

***هەنگاونان لەلایەن کرێکاران و بەرهەمهێنەرانەوە**

٧٨. پرۆتستۆکردن لەلایەن کرێکارانەوە.

[٣١]– بۆنمونە بەکارنەهێنانی کالاّی تورکی لەبەرامبەر ئەو سوکایەتیانەی بەشێوەیەکی بەردەوام بەرامبەر بەکورد ئەنجامی دەدات (و.ك).

[٣٢]– دوای جینۆسایدکردنی جولەکە بە دەستی حیزبی نازیزمی ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، سیاسەتی پرۆتستۆکردنی نێودەوڵەتیانەی کالاّو بەرهەمی کۆمپانیاو دامەزراوە بەرهەمهێنەرە ئەڵمانییەکان، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن جولەکەکانی سەرتاسەری جیهانەوە پیادە کرا. (و–ك).



٧٩. پرۆتستۆکردن لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە.

***هەنگاونان لەلایەن نێوەندەکانەوە**

٨٠. پرۆتستۆکردن لەلایەن ئامادەکەرانی کالاّو کرێکارانەوە.

***هەنگاونان لەلایەن خاوەنموڵك و بەڕێوەبەرانەوە**

٨١. پرۆتستۆکردن لەلایەن بازرگانانەوە.

٨٢. خۆبەدوورگرتن لەگوێزانەوە یاخود فرۆشتنی کالاّکان.

٨٣. ڕاوەستاندنی کارگەکان لەلایەن کاربەدەستانەوە.

٨٤. خۆبەدوورگرتن لە کۆمەکە پیشەسازییەکان.

٨٥. (مانگرتنی سەرتاسەری) لەلایەن بازرگانانەوە.

***هەنگاونان لەلایەن خاوەن سەرچاوە داراییەکانەوە**

٨٦. هێنانەدەرەوەی ڕەسیدەکانی بانك

٨٧. خۆبەدوورگرتن لەدانی باج، کرێ، قەرزو خەراجەکان.

٨٨. خۆبەدوورگرتن لە دانەوەی قەرز یاخود سودەکەی.

٨٩. بڕینی قەرزەکان و متمانە داراییەکان.

٩٠. خۆبەدوورگرتن لە خەرجکردنی داهاتەکان.

٩١. خۆبەدوورگرتن لەوەرگرتنی دراو و کۆمەکە دەوڵەتییەکان.

***هەنگاونان لەلایەن دەوڵەتانەوە**

٩٢. پرۆتستۆکردنی ناوخۆیی.

٩٣. ئامادەکردنی لیستی ڕەشی بازرگانان.

٩٤. پرۆتستۆکردنی فرۆشیارە نێودەوڵەتییەکان.

٩٥. پرۆتستۆکردنی کڕیارە نێودەوڵەتییەکان.

٩٦. پرۆتستۆکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی.

***ڕێبازەکانی هاوکاری نەکردنی ئابوری**

**مانگرتن**

***مانگرتنە سیمبولییەکان**

٩٧. مانگرتنی ماوەکورت بۆ ناڕەزایی.

٩٨. مانگرتنی یەکجارەکی (بروسکەئاساو بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر)

***مانگرتنە جوتیارییەکان**

٩٩. مانگرتنی جوتیاران.

١٠٠. مانگرتنی کرێکارانی کێڵگە.

***مانگرتن لەلایەن گروپە تایبەتەکانەوە**

١٠١. خۆبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی کارە هێزپڕوکێنەکان (ژێرفشار).

١٠٢. مانگرتنی زیندانییەکان.



١٠٣. مانگرتنی پیشەوەران.

١٠٤. مانگرتنی شارەزایان و پسپۆڕان.

***مانگرتنەکانی پیشەسازییە گشتییەکان**

١٠٥. مانگرتنە دامەزراوەییەکان (ئۆرگانیزەکراو).

١٠٦. مانگرتنی پیشەیی.

١٠٧. مانگرتن بۆ دەرخستنی هاوغەمی لەگەڵ گروپە مانگرتووەکانیتردا.

***مانگرتنە سنوردارەکان**

١٠٨. مانگرتن بەراگەیاندنی ئامانجەکان و خواستە تایبەتییەکانەوە.

١٠٩. مانگرتنی گشتی و بەرفراوان.

١١٠. مانگرتنە ئارامەکان.

١١١. مانگرتن بۆ داواکردنی پیادەکردنی یاسای کار (کرێکاریی یاخود فەرمانبەرێتی).

١١٢. خۆنەخۆش کردن.

١١٣. مانگرتن بە دەست لەکارکێشانەوەوە.

١١٤. مانگرتنی سنوردار (لەبەرامبەر مانگرتنی ناسنوردار دا).

١١٥. مانگرتنی ڕیزپەڕانە.

***مانگرتنە فرەپیشەییەکان (فرەڕەهەندیی)**

١١٦. مانگرتنی گشتیو سەرتاسەریی ئۆرگانیزەکراو.

١١٧. مانگرتنی گشتی (ئۆرگانیزەنەکراو).

***پێکهاتەی مانگرتنەکانو وەستاندنی ئابوریی**

١١٨. مانگرتنی گشتی سەرتاسەری (هارتاڵ[٣٣])

١١٩. ڕاوەستاندنی کاتیانەی چالاکییە ئابورییەکان.

***شێوازەکانی هاوکاری نەکردنی سیاسی**

***ڕەتکردنەوەی ڕەوایی (مەشروعییەت)**

١٢٠. خۆبەدوورگرتن یاخود لێوەرگرتنەوەی متمانەی سیاسی (لە ڕێبەرانی سیاسی کۆمەڵگا).

١٢١. خۆبەدوورگرتن لە پشتگیریی گشتی (لەفەرمانەکانو مەشروعییەتی حکومەت).

١٢٢. بڵاوکردنەوەی دەقە چاپکراوەکانو ئەنجامدانی گوتاربێژی لەسەربنەمای هاندان بۆ بەرگریی (خەڵك لەبەرامبەر حکومەتدا).

[٣٣]– بەزمانی سیلانی (سریلانکایی) بەمانای ئەو مانگرتنە گشتییە دێت کە لەساڵی (١٩٥٣) لەلایەن پارتە کۆمۆنیستەکانەوە بەمەبەستی نیشاندانی ناڕەزایەتی گشتی دژ بە بەرزبوونەوەی باجوخەراجی ژیان (بەتایبەتی نرخی برنج) ڕێك خرابوو. (نوسەر)



***هاوکاری نەکردنی هاوڵاتیانی حکومەت**

١٢٣. پرۆتستۆ کردنی ڕەگەزەکانو ستراکتورەکانی یاسادانان.

١٢٤. پرۆتستۆکردنی هەڵبژاردن.

١٢٥. پرۆتستۆکردنی بەرپرسیارێتییەکانو کارە دەوڵەتییەکان.

١٢٦. پرۆتستۆکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان، دامەزراوەکانو توخمەکانیتری دەوڵەت.

١٢٧. هاتنەدەرەوە لە خوێندنگا فێرکارییە دەوڵەتییەکان.

١٢٨. پرۆتستۆکردنی ئەو ڕێکخراوانەی لە ژێر چاودێرییو پشتگیریی دەوڵەتدان.

١٢٩. ڕەتکردنەوەی یاریدەدانی کارمەندانی جێبەجێکار (دەوڵەت)

١٣٠. شوێنگۆڕکێ بە سیمبولو نیشانەکانی شوێنە تایبەتەکان.

١٣١. ڕەتکردنەوەی قبوڵکردنو هاریکاریکردن لەگەڵ کارمەندانی داندراوی دەوڵەتدا.

١٣٢. ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دامەزراوەکان.

***ئەلتەرناتیڤەکانی هاوڵاتیان بۆ ملکەچبوون**

١٣٣. دەربڕینی نائینتیمایی (بێمەیلی) و قبوڵکردنی ستانە (دواخستن).

١٣٤. سەرپێچیکردن لەکاتی نەبوونی چاودێرێکی ڕاستەوخۆدا.

١٣٥. سەرپێچی گشتیانە.

١٣٦. سەرپێچی نهێنی (نائاشکرا).

١٣٧. خۆدوورگرتن لە بەشداربوون لەكۆبوونەوە یا دانیشتنێكدا بەمەبەستی جیابوونەوە.

١٣٨. دوورەپەرێزیی.

١٣٩. هاوكاری نەكردن لەكاتی خزمەتی ناچاریانە (لەژێر فشاردا)و دوورخستنەوەدا[34].

١٤٠. خۆشاردنەوە، هەڵاتن‌و بەكارهێنانی ناسنامەی ساختە.

١٤١. سەرپێچی مەدەنی لەبەرامبەر یاسا ناڕەواكاندا.

***هەنگاونان لەلایەن كارمەندانی دەوڵەتەوە**

١٤٢. خۆبەدوورگرتنی سنوردارانە سەبارەت بەیاریدەدان بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی دەوڵەت.

١٤٣. بڕینی ڕێگای هێڵەكانی فەرمان دەركردن‌و گواستنەوەی زانیارییەكان.

١٤٤. دواخستن‌و دروستكردنی لەمپەر لەكارەكاندا.

١٤٥. هاوكاری نەكردنی بەڕێوەبردن‌و جێبەجێكردنی گشتیانە.

١٤٦. هاوكاری‌نەكردنی دادوەریی

١٤٧. كارانەبوونی هۆشیارانەو هاوكاری نەكردن لەگەڵ لایەنە دەسەڵاتە جێبەجێكارییەكان.

١٤٨. نافەرمانی شۆڕش.

[34]– دیاردەی هەڵاتن لە سەربازی لەسەردەمی حكومەتی بەعسیزم لە عیراق، باشترین نمونەیە بۆ ئەم خاڵەی لێرەدا ئاماژەی بۆ كراوە (و–ك).



***هەنگاونانی دەوڵەت لەسەرئاستی ناوخۆ**

١٤٩. كەمتەرخەمی‌و دواخستنی نیمچەیاسایی.

١٥٠. هاوكاری نەكردن لەگەڵ یەكەكانی پێكهێنەری حكومەت.

***هەنگاونانی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

١٥١. ئەنجامدانی گۆڕانكاریی لە كادیری دیبلۆمات‌و نوێنەرەكانیتردا (سیاسی‌و ئابوری).

١٥٢. دواخستن‌و لابردنی هەنگاو و ڕووداوە دیبلۆماسییەكان.

١٥٣. خۆبەدوورگرتن لە ناسینی دیبلۆماسیانە (وڵاتان، ناوەندەكان‌و..).

١٥٤. بڕینی پەیوەندییە دیبلۆماسییەكان.

١٥٥. وازهێنان لە ئەندامێتی لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكاندا.

١٥٦. خۆبەدوورگرتن لە ئەندامبوون لە ناوەندە نێودەوڵەتییەكاندا.

١٥٧. دەركردنی (ئەندام)ێك لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكاندا.

***ڕێبازەكانی هێرشكردنی ناتوندوتیژیانە**

***هێرشی سایكۆلۆژی**

١٥٨. قسەكردن‌و دەربڕینی تێڕوانینی تایبەتی‌و بێ پەردەو ڕاشكاوانە لەبەرامبەر ئەوانیتردا.

١٥٩. ڕۆژووگرتن

ا-ڕۆژوو بۆ فشاری ئەخلاقییانە (ڕۆژووی سیاسی)

ب-مانگرتن لەخواردن.

ج-ڕۆژووگرتنی بەرگریی نیگەتیڤانە (ساتیاگراکان)

١٦٠. خۆتێکدان.

١٦١. خۆئـازاردانی ئازادانـەی ناتوندوتیـژیی (وەك خۆبەسـتنەوە، دانانی سیکۆتین لەسەر دەم، دورینەوەی دەمو...).

## *هێرشی فیزیکی

١٦٢. مانگرتن بەدانیشتنەوە (ڕێگاگرتن بەدانیشتن)

١٦٣. مانگرتن بە ڕاوەستانەوە.

١٦٤. دەربڕینـی نـاڕەزایی بەسـوارە (بەسـودوەرگرتن لـە ئۆتۆمبێـل، پایسکیل، ئەسپ،...)

١٦٥. هێرشبردن بەرەو کەسەکانو کەسایەتییەکان.

١٦٦. بەدەوردا سوڕانەوە (بەشێوازی جۆراوجۆر)

١٦٧. ئەنجامدانی نوێژو نزا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان.

١٦٨. هێرشی ناتوندوتیژی.

١٦٩. شتهاویشتنی ناتوندوتیژی (وەك هێلکە، تەماتە،...)

١٧٠. هێرشکردنو پێشڕەویی فیزیکی ناتوندوتیژانە.

١٧١. ئەنجامـــدانی هـــاوارکردنی ناتوندوتیژانـــە (وەك فیکـــە، هۆیهاکردنو...)



١٧٢. تێکـــدانی ناتوندوتیژانـــە لەپرۆسیـــسی کۆبوونـــەوە جۆراوجۆرەکانـــدا (وتاردانـــەکان، پارلەمانـــەکان،...) و فـــەرمی نەناساندنیان.

١٧٣. دەستبەســەرداگرتنی ناتوندوتیژانــە ( شــوێنە گــشتیو دەوڵەتییەکان، وەزارەتەکان، باڵیۆزخانەکانو...)

## *هێرشی کۆمەڵایەتی

١٧٤. دروستکردنی مۆدیلە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان.

١٧٥. بـەکارهێنانی زیادلەسـنورو مـەودای ئـامرازو کەلوپەلـەکان بـۆ تێکدانی کارکردنیان.

١٧٦. بـەکارهێنانی ڕێبـازی بێـدەنگیو متمانـە پێنـەکردن (لەهەمبـەر ڕووداوەکاندا)

١٧٧. لێــدوانو ڕادەربڕینـــی چـــالاکانە لەمـــەڕ مەســـەلە سیاســـیو کۆمەڵایەتییەکان.

١٧٨. شانۆ پارتیزانییەکان.

١٧٩. دروستکردنی ناوەندە کۆمەڵایەتییە ئەلتەرناتیڤییەکان.

١٨٠. دروستکردنی سیستەمە پەیوەندییە ئەلتەرناتیڤییەکان.

## *هێرشی ئابوری

١٨١. دەست لەکارکێشانەوەی درێژخایەن (لەڕووی کاتەوە).

١٨٢. دەست لەکارکێشانەوە بەدانیشتنەوە (لەشوێنی کار).

**١٨٣. دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانەی زەوییەك.**

**١٨٤. دروستكردنی ڕێگرو تاسە لەشەقامو جادەكاندا.**

**١٨٥. تەزویر بەهۆی پاڵنەرە سیاسییەكانەوە.**

**١٨٦. ڕێگەگرتنو سنورداركردنی مامەڵە ئابورییەكان.**

**١٨٧. دەستبەسەرداگرتنی داراییەكان.**

**١٨٨. دامپینگ**[٣٥]

**١٨٩. پشتیوانی ڕیزپەڕانە (لەكالآیەك یا لەخزمەتێك)**[٣٦] **.**

**١٩٠. هەڵبژاردنی بازاڕە ئەلتەرناتیڤییەكان.**

**١٩١. هەڵبژاردنی ئامرازە گواستنەوەییە ئەلتەرناتیڤییەكان (لەجیاتی ئامرازە گواستنەوە گشتییەكانو دەوڵەتییەكان).**

**١٩٢. هەڵبژاردنی ناوەندە ئابورییە ئەلتەرناتیڤییەكان.**

## *هێرشی سیاسی

**١٩٣. بەكارهێنانی زیادلەسنورو مەودای ڕێكخراوە ئیدارییەكان.**

**١٩٤. ئاشكراكردنی ناسنامەی كارمەندانو ڕێكخراوە نهێنییەكان (سیخوڕییەكان)**[٣٧] **.**

[٣٥] – فرۆشتنی كالآیەك بە ڕێژەیەكی زۆرو بەكەمتر لە نرخی ئاسایی خۆی (بۆ ململانێ لەگەڵ كەسێكدا یا ناوەندێكدا). (نوسەر).

[٣٦] – جەماوەر دەتوانن بۆ فشارخستنە سەر حكومەت یا دەسەڵاتداران، كاڵاو شتومەك لەو كۆمپانیاو ماركێتانە نەكڕن كە موڵكی حكومەت یاخود بەرپرسو دەسەڵاتدارانن، بەڵكو كاڵا لەو شوێنانە بكڕن كە سەربە ئۆپۆزسیۆنن یاخود خەڵكانی باشنو پشتیوانی لەجەماوەر دەكەن لەهەمبەر دەسەڵاتدا (و–ك).



**١٩٥. هەوڵدان بۆ خۆبەزینداندان (لەلایەن دەوڵەتەوە).**

**١٩٦. سەرپێچی مەدەنیانە لەهەمبەر یاساكاندا (پوچەڵ كردنەوە).**

**١٩٧. ئەنجامدانی هەنگاوێك بەبێ هاوكارو یاریدەدەر.**

**١٩٨. دروستكردنی فەرمانڕەواییەكی دووسەرەو دەوڵەتێكی دووسەرە.**

[٣٧] – ئەم ئاشكراكردنە لەپێناو دروستكردنی فشارێكدایە بۆ دەسەڵات تا خزمەت بەخەڵك بكات، ئەگەرنا زۆرینەیان دۆسییەی گەندەڵیو سیخوڕێتیو كارە خراپەكانیان بڵاودەكرێتەوەو لەمڕێگەیەوە پێگەكەیان لاواز دەكرێت (و–ك).

# دەربارەی نوسەر

(جین شارپ) دکتۆری فەلسەفەی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد هەیەو ئوستادی باڵایە لە دامەزراوەی ئەلبێرت ئەنیشتاین لە کامبرێجی ماساچوست.

ناوبراو پرۆفیسۆری ڕێزلێنراوی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی ماساچوستی دارتمۆند، ئەندامی ئەنیستیتۆی کاروباری نێودەوڵەتی زانکۆی هارڤاردە.

ناوبراو نوسەری کۆمەڵە کتێبێکە وەك: سیاسەتەکانی هەنگاوە ناتوندوتیژییەکان (١٩٧٣)، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئازادی سیاسی (١٩٨٠)، بەرگری لەسەربنەمای کەسە مەدەنییەکان (١٩٩٠).

تائێستا کتێبەکانی (د. جین شارپ) بۆ پتر لە (٣٠) زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە

## کتێبە چاپکراوەکانیتری وەرگێڕ

-بواری نوسین:

*تــیرۆرو تیرۆریــزم، لێکۆڵینەوەیــەکی شــیکاریی مێــژوویی و سیاسی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوە ٢٠٠٥.

-بواری وەرگێڕان:

*ئاشنابوون بەدیموکراسی، نوسینی: د.عەباسعەلی سەحافیان ٢٠٠٣، چاپی دووەم ٢٠٠٥.

*کورد لەیادداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤلتدا، خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٣.

*مافەکانی ژن لەدەستپێکەوە تائەمڕۆ، نوسینی: نای. بن. سەعدون. خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٤.

* دۆزی کورد، نوسینی: د. جویس بلۆ، چاپ وپەخشی سەردەم ٢٠٠٤.

*دەروازەی ڕۆژنامەنوسی، نوسینی: ڕەزای حاجی ئابادی، چاپ وپەخشی سەردەم ٢٠٠٥.

*دیالۆگ، کۆمەڵێك بیرمەند، چاپ و بلاوکردنەوەی قانع ٢٠٠٥.

* نەریتی ڕۆژنامەوانی، فریبا سەیاد، د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠٠٦

# بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكردستاني (الطبعة الأولى) | مام جلال | شباط- ٢٠٠١ |
| ٢. | وتەی هەڤاڵ مام جەلال لە كۆبوونەوەی كادیراندا | | ٢٠٠٢ |
| ٣. | هەڵۆی سوور | فازیل كەریم ئەحمەد | ٢٠٠٢ |
| ٤. | لمحات من تأريخ إذاعة صوت شعب كردستان | ئامانج كاكە سور | ٢٠٠٢ |
| ٥. | ئیسلامی سیاسی | فەرید ئەسەسەرد ، عەباس خۆشناو وهی تر | ٢٠٠٢ |
| ٦. | ئایینو تایفە ئایینییەكان لەكوردستان | ن: میهرداد ئیزەدی<br>و: كامەران فەهمی | ٢٠٠٢ |
| ٧. | سروشتی یاسایی بڕیاری ٦٨٨و چۆنێتیی كاراكردنی | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٢ |
| ٨. | سەید قوتب و تێوریی<br>تەكفیر كردنی كۆمەڵ و دەوڵەت | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٩. | سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لەچەمكی هاولاتیبوون | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ١٠. | چەمكی بیرۆكەی دەوڵەت لەجوگرافیای سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ١١. | ناسیونالیزم وكەمینەكان لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا | جەودەت ئیسماعیل لوتفی، سیروان عارف | ٢٠٠٢ |
| ١٢. | بەراورد لەنێوان رژێمە فیدرالەكاندا | سەیوان كاكە ڕەش | ٢٠٠٢ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣. | لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی حوكم لەعیراقدا | مەحمود رەزا | ٢٠٠٢ |
| ١٤. | فیدرالیزم وئۆتۆنۆمی | دیلمان محەمەد | ٢٠٠٢ |
| ١٥. | شۆڕشی ئۆكتۆبەرو چارەنووسی چەند گەلێكی خۆرهەلات | محمود ڕەزا ئەمین | ٢٠٠٢ |
| ١٦. | پشتیوانانی ئیسلام لەكوردستاندا | نیاز سەعید | ٢٠٠٢ |
| ١٧. | ئیسلامی سیاسیی لەزەبروزەنگەوە بۆ بەخۆدا چوونەوە | ن: سەعد مەولا<br>و: جەمال غەمبار | ٢٠٠٢ |
| ١٨. | ئێزدیەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠٠٢ |
| ١٩. | پوكانەوەی دەوڵەتی كەمایەتی | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٢ |
| ٢٠. | پۆلێنكردنی تاوانەكانی ئەنفال بەپێی جۆرەكانی جینۆساید | د. مارف عومەرگوڵ | ٢٠٠٢ |
| ٢١. | رێكخستن یەكێكە لەبنەما سەرەكیەكانی چالاكی حزب | محەمەد مەنگوڕی | ٢٠٠٢ |
| ٢٢. | كركوك مدينة الضاحكة بالنار والنور | عوني الداودي | ٢٠٠٢ |
| ٢٣. | الأيزيدية تأريخها وطقوسها | د. خليل جندي<br>هوشنگ بروكا | ٢٠٠٢ |
| ٢٤. | كوردوتوركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان | یوسف گۆران | ٢٠٠٢ |
| ٢٥. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٦. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژمارە ٢ | | ٢٠٠٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژماره ٣ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٨. | گۆڤاری بیروهۆشیاری ژماره ٤ و ٥ | | ٢٠٠٢ |
| ٢٩. | جیهانی روناکبیری ژماره ١ | | ٢٠٠٢ |
| ٣٠. | جیهانی روناکبیری ژماره ٢ | | ٢٠٠٣ |
| ٣١. | التقرير العام الى المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني لكردستاني(الطبعة الثانية) | مام جەلال | ٢٠٠٣ |
| ٣٢. | المناهج والنظام الداخلي للأتحاد الوطني الكردساني | | ٢٠٠٣ |
| ٣٣. | پرۆگرامو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | | ٣٠٠٣ |
| ٣٤. | تیۆری فیدرالیزم | ن: فرانتس نیومان<br>و: کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٣ |
| ٣٥. | نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی | ن: مۆنتسرات گیبرنا<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٦. | چەمك وپرنسیپەکانی دیموکراسی | بەکر صدیق | ٢٠٠٣ |
| ٣٧. | نەوت و سیاسەتی نێودەوڵەتان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا | ن: دانیاڵ یەرگین<br>و: کەمال رەشید شریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٨. | سۆسیالیستەکانی پێش مارکس | ن: د.مستەفا رەحیمی<br>و: کەمال رەشید شەریف | ٢٠٠٣ |
| ٣٩. | خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا | ئەنوەر حسێن | ٢٠٠٣ |
| ٤٠. | تیرۆریزمی نێودەوڵەتی وەك تاوانێکی | تۆفیق عومەرمحەمەدو هی | ٢٠٠٣ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | نێودەوڵەتی | تر | |
| ٤١. | ئابوری کوردستان | ن: مهیرداد ئیزدەی<br>و: کامەران فەهمی | ٢٠٠٣ |
| ٤٢. | عیراق ومەسەلەی کورد | کۆمەڵێ نوسەر | ٢٠٠٣ |
| ٤٣. | ئاینو مەسەلەکانی دیموکراسیو ئینتەرناسیونالیزم | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٤. | ئانارشیزمو دەوڵەت | زاهیر شکور | ٢٠٠٣ |
| ٤٥. | ئوسولێیەت: چەمك، میتۆد، سەرچاوەو ئاسۆ | عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٦. | شیعەکانی عیراق | ن: د. عەبدوڵلا فەهد نفیسی<br>و: عەبدوڵلا قەرەداغی | ٢٠٠٣ |
| ٤٧. | دەوڵەتی یاسا | سەید تایەر حەمە ئەمین | ٢٠٠٣ |
| ٤٨. | شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠٠٣ |
| ٤٩. | کورتەی مێژووی فەلسەفە | مەحمود مەلا عیززەت | ٢٠٠٣ |
| ٥٠. | ناسیونالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩) | هیوا عزیز سەعید | ٢٠٠٣ |
| ٥١. | نرکەی قەرەداغ | ئەکرەم حەمە ئەحمەد | ٢٠٠٣ |
| ٥٢. | شەڕی ئابوریو ململانێی جیهان ل سەر دەریا قەزوین | هاشم زێباری | ٢٠٠٣ |
| ٥٣. | سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک | ن: د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و: مەریوان حوسێن چیمەنی | |
| ٥٤. | انتهاكات حقوق الأنسان والجرائم | د. منذر الفضل | ٢٠٠٣ |
| ٥٥. | مؤشرات سياسة التعريب والتجهير في اقليم كوردستان العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٣ |
| ٥٦. | المسلمون يحتاجون لأجابات أفضل | توماس فريدمان | ٢٠٠٣ |
| ٥٧. | الكرد الفيليون وحزب البعث | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٣ |
| ٥٨. | فیدرالیزمو سیستەمەکانی یەکێتیی فیدرالی | ن: عەلی ئەلشممەری<br>و: حەسەن یاسێن | ٢٠٠٤ |
| ٥٩. | ئەرکەکانی رێکخستن لەقۆناغی نوێی خەباتدا | شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٠. | لێکۆڵینەوە لەئیسلامی سیاسی | نیاز سەعید علی | ٢٠٠٤ |
| ٦١. | تیرۆریستان لەئاوا بوونن | شەهید خەسرەو عوسمان<br>ئا: ئازاد هەینی | ٢٠٠٤ |
| ٦٢. | بیری ناسیونالیزمی تورکمان | یوسف گۆران | ٢٠٠٤ |
| ٦٣. | جەنگی ئاو | ن: جون بولوك و عادل دەرویش<br>و: شەماڵ عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٤. | کورد لەجەنگی روسیا لەگەڵ ئێران وتورکیادا | ن: پ. ی. ئەڤێر یانۆڤ<br>و: د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٥. | پرنسیبی دەستێوەرنەدان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا | خەلیل عبدوڵلا | ٢٠٠٤ |
| ٦٦. | شۆڕشی شێخ عوبەیدولای نەهری | نەجات عەبدوڵلا | ٢٠٠٤ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا | | |
| ٦٧. | ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا | ئەندەش یاگ سکوك | ٢٠٠٤ |
| ٦٨. | تراژیدیای کوردەکانی سۆڤیەت | د. ئەفراسیاو هەورامی | ٢٠٠٤ |
| ٦٩. | تەعریبو راگواستن لەبەڵگەنامەکانی بەعس دا | لەتیف فاتیح فەرەج | ٢٠٠٤ |
| ٧٠. | کۆماری کوردستان- مەهاباد ١٩٤٦ لەرووی یاسای گشتی نێودەوڵەتییەوە | نەوزاد مەجید خدر سەرموردی | ٢٠٠٤ |
| ٧١. | شەهیدانی ١ی شوبات | | ٢٠٠٤ |
| ٧٢. | رێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان | شەماڵ عبدالله | ٢٠٠٤ |
| ٧٣. | کاریگەری ئاو | کاروان ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| ٧٤. | کورتە باسێکی پیرۆیسترۆیکاو چەند بابەتێکی تر | د. ئەرسەلان بایز | ٢٠٠٤ |
| ٧٥. | ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوەو رۆشنگەریدا | کەیوان ئازاد | ٢٠٠٤ |
| ٧٦. | الأسلام السياسي والأرهاب الدولي | د. منذر الفضل | ٢٠٠٤ |
| ٧٧. | المجتمع المدني ومستقبل الأثنيات في العراق | الدكتور خليل إسماعيل محمد | ٢٠٠٤ |
| ٧٨. | - مندلي في التأريخ | محمد جميل بندي الروژبياني | ٢٠٠٤ |
| ٧٩. | تحديد حدود إقليم كوردستان العراق | جزا توفيق طالب | ٢٠٠٤ |
| ٨٠. | حق تقرير مصير | سعد بشير | ٢٠٠٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٨١ | التهجير والتعريب من وجهة النظر القانونية | د. احمد موسوي | ٢٠٠٤ |
| .٨٢ | کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی | ن: گیلان<br>و/ نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٤ |
| .٨٣ | کاریگەری بەجیهانی بوون لەسەر سەرداریەتی دەوڵەتاندا | ئاوات شێخ جەناب بەکر صدیق | ٢٠٠٤ |
| .٨٤ | پاراستنی مافی کەمینەکان | خلیل عبدالله | ٢٠٠٤ |
| .٨٥ | خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی | د. البرت عیسا | ٢٠٠٤ |
| .٨٦ | حاجی قادری کۆیی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٤ |
| .٨٧ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ١ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٢ | | ٢٠٠٤ |
| .٨٩ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٣ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٠ | سیستمی سیاسی چین | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩١ | پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| .٩٢ | چەمکی ئازادی سیاسی | ن: فرانتس نیومان<br>و: د. کاوسین بابکر | ٢٠٠٥ |
| .٩٣ | سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان | ڤیان مەجید | ٢٠٠٥ |
| .٩٤ | سیستمی فەرمانڕەوایی لەئیسرائیل | روستم محمود کۆکۆیی | ٢٠٠٥ |
| .٩٥ | پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە | مەجید صالح | ٢٠٠٥ |
| .٩٦ | ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | عەباسی ئەحمەدی | ٢٠٠٥ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| .٩٧ | مێژووی بیری کوردی | فازیل کەریم ئەحمەد | ٢٠٠٥ |
| .٩٨ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤ | | ٢٠٠٥ |
| .٩٩ | ژان ژاک رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٥ |
| .١٠٠ | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - سەرهەڵدان و نوێبوونەوە | مەکتەبی بیروهۆشیاری | ٢٠٠٥ |
| .١٠١ | عیراقی نوێ | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| .١٠٢ | کورد و عروبە | بابەکر دڕەیی | ٢٠٠٥ |
| .١٠٣ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠٠٥ |
| .١٠٤ | سیستمی فیدراڵی ئەڵمان | ئا: محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠٠٥ |
| .١٠٥ | دەربارەی دیموکراسی | ن/ رۆبەرت کابلان<br>و/ عبدالرزاق خەیلانی | ٢٠٠٥ |
| .١٠٦ | عێراق: دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە | رەفیق سابیر | ٢٠٠٥ |
| .١٠٧ | کۆمەڵو سیستەمی دیموکراسی | حەمە دۆستان | ٢٠٠٥ |
| .١٠٨ | زمانە فەرمیەکان لەدەستوری عیراقدا | تارق جامباز | ٢٠٠٥ |
| .١٠٩ | پێکدادانی شارستانیەکان | ن: سامۆیل پ. هانتینگتۆن<br>و: مامەند رۆژە | ٢٠٠٥ |
| .١١٠ | دیموکراسی دیدێکی فەلسەفی | ن: د. امام عبدالفتاح امام<br>و: حەسەن یاسین | ٢٠٠٥ |
| .١١١ | لە پەراوێزی چاکسازیدا | هەڵکەوت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١٢. | لودڤیگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی | ن: فردریك ئەنگلس<br>و: سالار ڕەشید | ٢٠٠٥ |
| ١١٣. | فیدرالیزم و ئەزمونە جیاوازەکانی | ئـا: و: ئیـسماعیل حەمـە ئەمین | ٢٠٠٥ |
| ١١٤. | لیبرالیزم، چەمك و مێژوو | ن: جان سالوین شاپیرۆ<br>و/ عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٥ |
| ١١٥. | عیراق لە دیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | خلیل عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١١٦. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە (٥ ـ ٦) | | ٢٠٠٥ |
| ١١٧. | البحث عن الأسلام السياسي | نياز سعيد | ٢٠٠٥ |
| ١١٨. | الواقع الأقتصادي ـ الأجتماعي لمحافظة السليمانية | د. كمال الخياط | ٢٠٠٥ |
| ١١٩. | الصقر الأحمر | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٠. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الأولى) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٢١. | مقالات الشهيد غاندى(مجيد كريم احمد) | الشهيد مجيد كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٢. | خانقين خلال ربع قرن | فاضل كريم احمد | ٢٠٠٥ |
| ١٢٣. | عن الدولة الحديثة والأمة والنزعة القومية في العراق العربي وكردستان | سعد بشير أسكندر | ٢٠٠٥ |
| ١٢٤. | رؤية كوردستانية لشؤون ومواقف عراقية | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢٥. | التسامح الديني العراقي لمجابهة الأرهاب والعنف | جرجيس كوليزاده | ٢٠٠٥ |
| ١٢٦. | الآخرـ الأمة ـ الأقليات الأخرى | سامي داوود | ٢٠٠٥ |
| ١٢٧. | الفيدرالية ـ دراسة في إطار مفاهيمي والنظري | د. إحسان عبدالهادي سلمان | ٢٠٠٥ |
| ١٢٨. | الدستور العراقي المرتقب ـ حقائق وآراء ومقترحات | المحامي: كريكار عبدالله | ٢٠٠٥ |
| ١٢٩. | نقد ذهنية التغيب والتزييف ـ الأعلام العربي المعاصر نموذجا | د. عبدالباسط سيدا | ٢٠٠٥ |
| ١٣٠. | التركمان في العراق (الطبعة الأولى) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٥ |
| ١٣١. | الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد وفكر وعصر (الطبعة الثانية) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٢. | كركوك والتطهير العرقي ـ من وثائق النظام البعثي | عارف قورباني | ٢٠٠٥ |
| ١٣٣. | کەلار لە لادێوە بۆ شار | جاسم محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٤. | هەڵوێست لە بەرامبەر گەندەڵی | نیاز سەعید عەلی | ٢٠٠٥ |
| ١٣٥. | داڕشتنی دەستوری نوێ هێلکاری | ن: ماریۆج، ر. ئاوریانی ئامبرۆس، پاول ئالیڤێرز<br>و: ئاوات محەمەد | ٢٠٠٥ |
| ١٣٦. | ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان | ئەمیر نامیق | ٢٠٠٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٧. | من بڕوام بە دیموکراسی کوردی نییە! | (فازیل کەریم) مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٥ |
| ١٣٨. | کاری دیپلۆماسی لەنێوان تیۆرو پراکتیکدا | کوردۆ ڕەحمان | ٢٠٠٥ |
| ١٣٩. | بەکارهێنانی دەسەڵات لە جیهانی عەرەبیدا | محەمەد فاتح | ٢٠٠٥ |
| ١٤٠. | عەقڵی سەلیم | ن: توماس پین<br>و: پێشڕەو حسێن | ٢٠٠٥ |
| ١٤١. | تیرۆریزم و مافی مرۆڤ | عەدالەت عەبدوڵڵا | ٢٠٠٥ |
| ١٤٢. | ڕۆڵی کەسایەتی لەمێژوودا | ن: بلیخانوف<br>و: سەلام مارف | ٢٠٠٥ |
| ١٤٣. | کاتالۆگی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری | | ٢٠٠٥ |
| ١٤٤. | کۆمەڵناسی شەڕ | ن: گاستۆن بوتول، د. حسین بشیریە، ئانتۆنی کدنیز<br>و: عومەر باڵەکی | ٢٠٠٦ |
| ١٤٥. | بژی گەندەڵی | ن: عەلی ڕەبیعی<br>و: ڕەفعەت مورادی | |
| ١٤٦. | مێژووی پەروەردەو فێرکردن | ن: علی اکبر میهرئارا، محمد عباس، علی فرۆرفەر<br>و: قادر وریا | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤٧. | فاشیزم چییە | ن: هێنری میشێل<br>و: سمکۆ ناکام | ٢٠٠٦ |
| ١٤٨. | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠٠٦ |
| ١٤٩. | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا | عادل عەلی | ٢٠٠٦ |
| ١٥٠. | چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نەوا لەگەڵ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ | ئا: سەرتیپ جەوهەر | ٢٠٠٦ |
| ١٥١. | شۆڕشی پەنجە مۆرەکان | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٢. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٧ | | ٢٠٠٦ |
| ١٥٣. | ئیسلامی سیاسی - چاپی سێیەم | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٤. | فەرهەنگی قانونی | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠٠٦ |
| ١٥٥. | کۆمەڵناسی گەنج | کارزان کاوسین | ٢٠٠٦ |
| ١٥٦. | تاڵەبانی و خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی(چاپی یەکەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٧. | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٥٨. | چەند بابەتێکی فیکری | شوان ئەحمەد | ٢٠٠٦ |
| ١٥٩. | کۆمەڵی مەدەنیو سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا | ن: جۆرج ف. ماکلین<br>و: شاخەوان منصور | ٢٠٠٦ |
| ١٦٠. | ئایین، فاشیزم ، مەرگ | ن: هاشم صالح<br>و: هەورامان وریا قانع | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦١. | کارل فۆن کلاوزە ڤتز | ن: میکل هۆوارد<br>و: کەمال ڕەشید شەریف | ٢٠٠٦ |
| ١٦٢. | گەشەسەندنی ئابووری چین | پ. د. محەمەد رەئوف سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٦٣. | مانیفێستی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆ مۆدێرن کردنەوەی ی. ن. ك | مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم ئەحمەد) | ٢٠٠٦ |
| ١٦٤. | هەواڵی تەلەفزیۆنی | جوان بەهادین | ٢٠٠٦ |
| ١٦٥. | لەتەك فینۆمینە ئەدەبیەکاندا | کاوە جەلال | ٢٠٠٦ |
| ١٦٦ | هەمیشە دڵڕەق و بێدەنگین | نەجات نوری | ٢٠٠٦ |
| ١٦٧ | کۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتیە | جەمال فەتحوڵڵا تەیب | ٢٠٠٦ |
| ١٦٨ | فەیلەسوفە مەزنەکان | ن: براین ماگی<br>و/ محەمەد کەریم | ٢٠٠٦ |
| ١٦٩. | جەمهوریەتی کوردستان ـ شاکارێکی مەزن | خوێندنەوەی/ عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٠. | سەرمایە | ن: کارل مارکس<br>و/ سەلام عەبدوڵڵا ـ کەژاڵ ئەحمەد ـ شلێر عزیز | ٢٠٠٦ |
| ١٧١. | پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردوودایە | ن: کۆمەڵێك رۆژنامەنوس<br>و/ مامەند رۆژە | ٢٠٠٦ |
| ١٧٢. | خۆیبوون ـ هیوا | هیوا عەزیز سەعید | ٢٠٠٦ |
| ١٧٣. | حزب لەبازنەی دەستەگەریدا | شەماڵ عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧٤. | پرۆفیشینالی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا | مەریوان مەسعود | ٢٠٠٦ |
| ١٧٥. | گەنج ـ سیاسەت ـ مەعریفە | د. بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠٠٦ |
| ١٧٦ | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٨ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٧٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی یەکەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٧٨. | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی یەکەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٧٩. | نوێبوونەوەو هەڵبژاردن | بەکر صدیق | ٢٠٠٦ |
| ١٨٠. | گۆڕان و چاکسازی | د. کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨١. | لەپێناوی دیموکراسیدا | د. کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٢. | گۆڤاری نۆڤین ژمارە ـ ٩ ـ | | ٢٠٠٦ |
| ١٨٣. | مێژووی شۆڕشی فەرەنسا | ن: ویلو ئاریل دۆرانت<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٤. | پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لەکوردستانی عیراقدا | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٨٥. | ئاسۆی ئابووری ـ سەرچاوەکانی ئاوو کانزاکانی کوردستان | دارا عومەر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٦ | سایکۆلۆژیای جەماوەر (چاپی دووەم) | ن: گۆستاف لۆبۆن<br>و: ئارام جەمال سابیر | ٢٠٠٦ |
| ١٨٧ | ناسیۆنالیزم (چاپی دووەم) | ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٦ |
| ١٨٨. | یاسای دادگای باڵای تاوانی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |
| ١٨٩. | تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراق | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٠. | بنـــەما تیۆرییـــەکانی ڕای گـــشتی و ڕاگەیاندن | مەجید صالح | ٢٠٠٦ |
| ١٩١. | پاکتـــاوکردنی ڕەگـــەزی کـــورد لەکوردستانی عیراقدا (چاپی دووەم) | فرمان عبدالرحمن | ٢٠٠٦ |
| ١٩٢. | ریفۆرم هەنگاوێ بۆ دواوە ! | ئازاد تۆفیق | ٢٠٠٦ |
| ١٩٣. | تالەبانی و خەلاتی نۆبلی ئاشتی(چاپی دووەم) | یەتانا دیوخ نەوشا | ٢٠٠٦ |
| ١٩٤. | هیگڵ و سیاسەتی مۆدێرن | ن: رامین جیهانبەگلو<br>و: شۆڕش جوانڕۆیی<br>چنور فەتحی | ٢٠٠٦ |
| ١٩٥. | جینۆســایدی گــەلی کــورد ـ لەبــەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا | د. مارف عومەر گوڵ | ٢٠٠٦ |
| ١٩٦. | کردستان أو بلاد أکراد | یوسف ملك<br>مراجعـــة ومقدمـــة: د. عزالدين مصطفى | ٢٠٠٦ |
| ١٩٧. | مفهوم النخبة | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٨. | ٣٦ـــ المنظمــات الأقليميــة والجماعــات الأقتصادية في القارة الأفريقية | إحسان عبدالهادي نائب | ٢٠٠٦ |
| ١٩٩. | کوردستانية منطقــة کرکــوك (الطبعــة الأولى) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٠. | ـ الكتابة للتلفزيون | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١. | دراسات المانية معاصرة عــن القـضية الكردية | ترجمة: غسان نعسان | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٢. | السيادة في عالم متغير(الطبعة الأولى) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٣. | بحوث . . . و . . . شذرات | د. عزالدين مصطفى رسول | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٤. | كردستانية كركوك في المصادر السريانية | د. فرست مرعي | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٥. | الــزعيم الــوطني الكردســتاني جــلال الطالباني قائد وفكر وعــصر (الطبعــة الثالثة) | د. خالد يونس خالد | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٦. | التركمان في العراق (الطبعة الثانية) | د. عمر ابراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٧. | الأكراد دراسة أقتصادية سياسية | د. مجيد جعفر | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٨. | السيادة في عالم المتغير (الطبعة الثانية) | د. حكمت بشير | ٢٠٠٦ |
| ٢٠٩. | کوردستانية منطقــة کرکــوك (الطبعــة الثانية) | د. عمر إبراهيم توفيق | ٢٠٠٦ |
| ٢١٠. | عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١١. | تــیرۆرو ســەقامگیری سیاســی و چــەند لێکۆڵینەوەیەکە تر | بەکر صدیق | ٢٠٠٧ |
| ٢١٢. | کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت | سەرپەرشــتیار/ مامۆســتا جەعفەر | ٢٠٠٧ |
| ٢١٣. | دەستورو ژن | و: کامیل محەمەد قەرەداخی | ٢٠٠٧ |
| ٢١٤. | ژان ژاك رۆسۆ | کاوە جەلال | ٢٠٠٧ |
| ٢١٥. | مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها | القاضي / لطيف مــصطفى أمين | ٢٠٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢١٦ | بنچینەکانی کورد | نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٧ |